٢

زنجیرەی گەنجینەی ئەدەبیاتی کوردی کۆن و نوێ

# دیوانی عاجز

## مەلا سەید عبداللەی بەرزنجی



پێشەکی نووسین

سەیدا بەرزنجی

لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی

هێمن عمر خۆشناو

دیوانی عاجز
نووسینی: مەلا سەید عبداللەی بەرزنجی
مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسینگەی تەفسیر
چاپی دووەم ٢٠١٨ز - ١٤٣٩ك

**نوسینگەی تەفسیر**
بۆ بڵاوکردنەوە
هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێرست - نوسینگەی تەفسیر
دیــوانــی عــاجـــز ،
مەلا سەید عبداللەی بەرزنجی (نووسەر)،
٢٦٠ لاپــەڕە ،
١٧* ٢٤ ســم ،
بابـەت ، ئـەدەبی
تیراژ ، ١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی ( ٤٨٩ ) ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە.

ISBN: 978-9933-593-13-1

"بیروبۆچونی ئەم کتێبە، مەرج نیە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"

**خــەتی بــەرگ** : نـــەوزاد کۆیـــی
**دیزاینی ناوەوە** : زەردەشت کاوانی
**دیزاینـــی بەرگ** : ڕەوەند عەبدوڵڵا

# دیوانی عاجز

نووســـینی

مەلا سەید عبداللەی بەرزنجی

پێشەکی نووسین و سەرپەرشتیاری چاپ

سەیدا بەرزنجی

لێکۆلینەوە و ساغکردنەوە و پەڕاوێز و فەرهەنگۆك و پاشکۆ

هێمن عمر خۆشناو

ڕێکخستنەوەی

هاوکار عبداللە شێخ وەسانی



بسم الله الرحمن الرحیم

سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری جیهان     درودی مقبول بۆ رۆحی پاکی

حەزرەتی پێغەمبەری ئاخرزەمان     وە بۆ هەموو آل و یارانی فیداکاری

(وبعد) ئەم دیوانە جوانەی خوالێخۆشبوو کاک سید عبداللەی (عاجز)م

بە چاوی وردی تەماشا کرد     حەقا بوو دیوانێکی جوانە     وە ئەمەم چەند

هۆنراوەیشم بۆ رێزلێگرتنی تقدیم کرد.

دیوانی (عاجز) بە دیمەنی باغە     لالەی رەنگاڵ لای گوڵ باغە

چەند لە لای من خۆش و ئاشتیرە     نیشوەی لە دڵدا بە دیمەنی داغە

ئەوەی بیدینێ بە زەوقە بولبول     کەی ئەگری بولبول بە دیمەنی زاغە

کاتێ لە سەیری ماچی شیر مژ بێ     دڵ کە لە داخی دنیا فەراغە

هەر چونکە عاشقە (عاجز) لە چاوم     دڵ پەیدا دی ... دیمەنی ساخە

(نامی) لە خۆشی بەخشینەکانی     دیمەنی بولبول و ئەشکی گوڵ باخە

ئەم دیوانە جوانە شایانی چاپ کردنە وفقیرە والسلام

عبدالکریم المدرس

نامەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بۆ چاپی یەکەمی دیوانی عاجز

لە ساڵی ١٩٨٦م

## ناوەڕۆك

پێشەکی ........ ١٣
ژیاننامەی عاجز ........ ١٤
ئەو شوێنانەی لێی خوێندووە : ........ ١٥
ئەو جێگایانەی مەلایەتی و تەدریسی تێدا کردووە : ........ ١٦
ژیانی خێزانداری (عاجز) : ........ ٢٠
ئاستی زانستی (عاجز) : ........ ٢١
کەسایەتی عاجز و هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی ........ ٢٤
ناوی بەشێك لە هاوڕێکانی عاجز : ........ ٢٨
بەشێك لە هەڵوێستەکانی (عاجز) : ........ ٣٠
کۆچی دوایی عاجز ........ ٣٤
عاجز و نازناوی شیعری ........ ٤٠
بەرهەمەکانی عاجز ........ ٤١
چی لەبارەی (عاجز)ەوە نووسراوە؟! ........ ٤٣
خوێندنەوەیەکی کورت بۆ شیعرەکانی ( عاجز ) ........ ٥٢
کێشی شیعرەکانی عاجز : ........ ٥٤
سەرواى شیعرەکانی عاجز : ........ ٥٨
عاجزو هونەرەکانی ڕەوانبێژی : ........ ٦٠

ناوەرۆکی شیعرەکانی عاجز ........................ ٦٤
کەرەستەکانی ستایشی ئافرەت لەنێوان شیعری دلداری و ئایینی دا:............ ٦٦
چۆنیەتی کارکردن لەم دیوانە ........................ ٦٨

بەشی کوردی ........................ ٧١

پیتی ( آ ) ڕوویی تۆ لە جیهەت حوسن دە تەعنی لە قەمەردا ........................ ٧٣
پیتی ( ب ) دلبەرم دیسان دەڕێژێ خوێن لە جەرگم بێ حیساب ........................ ٧٧
پیتی ( م ) لە عیشقی چاوی غەممازی غەزەل خوانی نەکەم چبکەم ........................ ٧٩
مێژووی تەواوبوونی مزگەوتی حاجی بەکر سەلیم حەماوی (زێڕنگر)
لە هەولێر ........................ ٨٠
پیتی ( ن ) ئەی سەییدی سەرداری من ........................ ٨١
پیتی ( ه ) شۆخەکەی بێ ڕەحم و ئینصاف قاتیلی جانم وەرە ........................ ٩١
پیتی ( و ) عەجایب ڕوویی یار پڕ نوورە ئیمشەو ........................ ٩٢
پیتی ( ی ) تۆ ئەحمەدی موختاری ........................ ٩٤
پیتی ( ێ ) ئەی صەنەم تاکەی بناڵم مـن لە دووری ڕێ وو خێ ........................ ١٠١
چوار خشتەکی ........................ ١٠٣
پێنج خشتەکی ........................ ١٠٧
پێنج خشتەکی عاجز لەسەر شیعری شاعیران ........................ ١١٣
پێنج خشتەکی عاجز لە سەر شیعری (عاصی) ........................ ١١٣
پێنج خشتەکی عاجز لەسەر شیعری ماموستا شێخ عومەری بالیسانی ........................ ١١٧
پێنج خشتەکی عاجز لەسەر شیعری (ڕاجی) ........................ ١٢٠
پێنج خشتەکی عاجز لەسەر شیعری ناری و تاهیر بەگ ........................ ١٢٢
پێنج خشتەکی عاجز لەسەر شیعری (وافی) ........................ ١٢٤

پێنج خشتەکی ............ ١٢٧

بەشی عەرەبی ( القسم العربـي ) ............ ١٢٩

القصيدة الهمزية في ذم الدنيا ............ ١٣١
قصيدة ألفية ............ ١٣٢
قصيدة بائية ............ ١٣٤
قصيدة تائية ............ ١٣٥
قصيدة لامية ............ ١٣٧
على الدين يبكي ............ ١٣٨
قصيدة ميمية يا أبا القاسم ............ ١٣٩
هذه القصيدة الميمية ............ ١٤٠
على وزن بردة المديح ............ ١٤٠
يا من يروم العلم بالقرآن ............ ١٤٣
درب كم الف ............ ١٤٤
في المناجاة: للشافعي ............ ١٤٨
هذا التخميس الآتي للأبيات الستة ............ ١٥٠
للشيخ عمر المشهور بابن الفارض (رحمه الله) ............ ١٥٠
جــامــع ............ ١٥٨
مناجاة (عاجز) ............ ١٦٠
قصيدة يائية ............ ١٦١
پــاشکۆکان ............ ١٦٣
یەك: نامەکان ............ ١٦٣
فەرهــەنگــۆك ............ ١٦٦

پـــاشکـــــو ..................................................................................... ٢٢٨
دوو: ناوی کەسایەتییەکان ..................................................................... ٢٢٨
سەرچاوەکانی سوودلێوەرگیراو بۆ فەرهەنگۆك و پاشکۆ : ........................... ٢٤٦
وێنـــەکـــان ....................................................................................... ٢٤٧
نـــاوەرۆك ........................................................................................ ٩

# پێشەکی[1]

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار و درود و ڕەحمەت بۆ سەر گیانی پاکی دڵسۆز و پێشەوای مرۆڤایەتی پێغەمبەرمان محمد (صلی الله علیه وسلم) وە بۆ سەر یار و یاوەرانی و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

دوای ئەوەی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، دیوانی عاجز چاپکرا، بەڵام بەپێویستمان زانی دیسان بەشێوەیەکی جوانتر چاپ بکرێتەوە، لەگەڵ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لەچاپی یەکەمی هەبوون، هەروەها نووسینەوەی ژیاننامەی (عاجز) بەشێوەیەکی بەرفراوان، لەگەڵ چەند شیعرێکی بلاونەکراوەی شاعیر، وێڕای لێکۆڵینەوە و فەرهەنگۆك و پەراوێزو پاشکۆ بۆ شیعرەکان. هەرچەندە باوکی ئازیزم (مەلا سەید محمد)ی کوڕی شاعیر، خۆی ئامادەکردبوو بۆ پێداچوونەوەی دیوانەکە بۆ چاپی دووەم، بەڵام ئەجەل ڕێگای پێنەدا و وەفاتی کرد، بۆیە منیش وەك نەوەی (عاجز) بەم کارە هەڵسام.

تێبینی چاپی یەکەم ئامادەکردن و پێداچوونەوەی لەلایەن مامۆستا مەلا سەید محمد بەرزنجی کوڕی (عاجز) کراوە، کە لە ساڵی ١٩٨٦م چاپکراوە.

---

(١) ئەم پێشەکییە (سەیدا بەرزنجی) نووسیویەتی.

## ژیاننامەی عاجز[1]

ناوی مامۆستا مەلا سەید (عبدالله مەلا سەید محمد بەرزنجی)یە، نازناوی شیعری (عاجز) بووە، لە ساڵی (١٩٢٩)ز لە گوندی (چل هەوێزەی نزیک ناحیەی (دیبەگە) سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە. باوکی عاجز لە گوندی (چل هەوێزە) مەلا بووە بە ناوی (مامۆستا مەلا سەید محمد سەید قادر بەرزنجی) کە زانایەکی زۆر زیرەك و خواناس و ناسراو بووە و خۆشنووسیش بووە، کە پێنج جار قورئانی پیرۆزی نووسیوەتەوە بە خەتی نوسخ، پاشان هاتووەتە گوندی (باداوە) نزیك شاری هەولێر، کە ئێستا گەڕەکێکە لە شاری هەولێر بەمەلا و مودەڕیس لە مزگەوتی (مەلافەندی) هەر لە سەردەمی مەلافەندی بوو، لەوێش وەفاتی کردووە و گۆڕەکەی لە گۆڕستانی (سەید مەعروف)ە، لە باداوە.

باوکی (عاجز) پێش وەفاتکردنی وەسیەتی کردبوو لای دایکی (عاجز) کە هەر کاتێك مردم ئێوە بڕۆنەوە بۆ گوندی (توتمە) و هەر دوو کوڕەکانم (سەید محمد أمین و سەید عبدالله) تەسلیمی (مەلا شێخ محمدأمین زیخانی) بکەن بۆ خوێندن، ئەو شێخەو زانایە لە خواترسە و دونیانەویستە، مەدرەسە و حوجرەی فەقێیانی هەبووە لە گوندی (زیخان) لە دۆڵی بالیسان کە زیاتر لە (٧٢) فەقێ و قوتابی وانەیان لەم حوجرەیە دەخوێند، زۆربەشیان لەم فەقێ و قوتابیانە یەتیم بوون و ئەو بەخێوی دەکردن، هەروەها کوڕ و کچەکانیشی زانابوون.

---

(١) زانیارییەکانی ناو ئەم پێشەکییە لە باوکم (مامۆستا مەلا سەید محمد کوڕی شاعیر) وەرمگرتووەو دامڕشتۆتەوە.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە باوکی (عاجز) پێشتر لە ناوچەی خۆشناوەتی بووە مەلایەتی لە گوندی (وەرێ) کردووە و گۆڕی براکەی بەناوی (سەید عومەر) هەر لە گوندی وەرێ یە، پاشان هاتووەتە گوندی (توتمە) هەر لە ناوچەی خۆشناوەتی دۆڵی بالیسان مەدرەسەی فەقێیانی هەبووە و زۆر ماوەتەوە لەو گوندە. (مەلا شێخ محمدأمین زیخانی) یەکێك بووە لە فەقێیە موستەعیدەکانی باوکی (عاجز) هەروەها کچێکی خۆشی داوەتە ئەم شێخە، پاشان ئەم شێخە بەڕێزەش دوو کچی خۆی کەلە خێزانێکی تری بوون داوەتە هەردوو کوڕەکانی باوکی (عاجز) بە ناوی مەلا سەید محمدأمین و مەلا سەید عبداللە (عاجز).

ئینجا دوای وەفاتکردنی باوکی عاجز کە تەمەنی عاجز (٥) ساڵان بوو وەسیەتەکەی جێبەجێ کرا، ئەوەبوو قورئان و زانستی تەجویدیان لە خزمەت ئەم شێخە بەڕێزە تەواوکرد و پاشان بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندنی فەقێیەتی، ڕوو لە چەند شوێنێکی تر دەکەن.

## ئەو شوێنانەی لێی خوێندووە :

١- گوندی (زیخان) لە ناوچەی خۆشناوەتی لە خزمەت جەنابی (مامۆستا مەلا شێخ محمدأمین زیخانی).

٢- گوندی (خەتە) لە ناوچەی خۆشناوەتی لە خزمەت جەنابی (مامۆستا مەلا ئیبراهیم مەلا عبداللە خەتی)[1].

---

(١) بە گوێرەی چەند دەستخەتێك دەردەکەوێ عاجز لە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٣٥ ز-١٩٣٧ز لە خەتێ خوێندویەتی، بەتایبەتی ئەو ساڵەی کە لە خزمەت مامۆستا مەلا ئیبراهیم لە خەتێ خوێندویەتی ساڵی ١٩٣٧ز-١٣٥٧ك بووە، هەروەك لە پەراوێزی کتێبێکی دەستخەتدا، (عاجز) وای نووسیوە: كتبه المذنب الغريب عبدالله الحسيني التوتمی في قرية خطی في خدمت استاذ الكل في الكل الملا ابراهيم ادامه الله على التدرس بحرمة حضرت ادريس في سنة ١٩٣٧م ١٣٥٧هـ هەروەها کاتێك کتێبەکەشی نووسیوەتەوە ئاوای کۆتایی پێ هێناوە: تمت الكتاب بعون الله الملك

٣- گوندی (زیوە) لە ناوچەی خۆشناوەتی لە خزمەت جەنابی (مامۆستا مەلا عبداللە هەرتەلی [١]) کە دەکاتەباوکی دایکی مامۆستا مەلا عەبدوڵلا عەبدولعەزیز هەرتەلی.

٤- گوندی (بالیسان) لە خزمەت جەنابی (مامۆستا مەلا شێخ عومەر بالیسانی و مامۆستا مەلا شێخ محمد بالیسانی).

٥- شارۆچکەی (ڕواندوز) لە خزمەت جەنابی (مامۆستا مەلا عبدالکریم نەفەندی).

٦- شاری (هەولێر) لە مەدرەسە و حوجرەی زانای گەورە و ناوداری کورد جەنابی (مامۆستا مەلا عبداللە مەلا محمدأمین بێتواتەیی) لە مزگەوتی (حاجی قادر دەباغ) هەر لەوێ ماوەتەوە تا لە ساڵی (١٣٦٤)هـ[٢] بڕوانامەی زانستی (الاجازة العلمیة) وەردەگرێت و هەر لەم شوێنەش بڕوانامەی دەرچوونی مەدرەسەی دینی ئەوقاف وەردەگرێت.

## ئەو جێگایانەی مەلایەتی و تەدریسی تێدا کردووە :

**(عاجز) کە دەچوو بۆ هەر شوێنێك بۆ مەلایەتی سێ مەرجی سەرەکی هەبووە:**

١- کردنەوەی مەدرەسەی فەقێیان لە مزگەوت.

٢- نابێت نوێژنەکەر هەبێت.

٣- نابێت ڕەش بەڵەك بکرێت.

---

الوهاب علی ید احقر الطلاب عبدالله ابن ملا سید محمد البرزنجي الحسینی سنة ١٣٥٤ في یوم الاحد في شهر ذي الحجة في مدرسة المدرس أستاذ الکرام الملا ابراهیم ادامه الله علی التدریس (هـ . ع. خ).

(١) بەگوێرەی دەستنووسێکی تر، ساڵی ١٣٥٨ك بەرامبەر ساڵی ١٩٣٨ز عاجز لە زێوە بووە، لە دەستخەتێکدا لە کۆتایی نووسینەوەی کتێبدا نووسیویەتی: کتبت في قریة زیو الخوشناوی وانا الحقیر ساکن بتوتمة الخوشناوی فی سنه ١٣٥٨ هـ. (هـ . ع. خ)

(٢) کە دەکاتە ١٩٤٥/٥/١٤ی زایینی

عاجز لەم شوێنانەی خوارەوە مەلایەتی کردووە:

١- گوندی (توتمە) لە ناوچەی خۆشناوەتی دۆڵی بالیسان. لەوێ مەدرەسەی فەقییانی هەبووە. بۆیەشە ناسرابوو بە (توتمەیی) چونکە باوکی نزیکەی سی ساڵ لەم گوندە ماوەتەوە، پاش وەفاتی باوکیشی کە لە باداوە بوون، دەم و دەستماڵەکەیان بردووەتەوە بۆ گوندی (توتمە) تا خوێندنی مەلایاتی تەواوکردووە و ژنی هێناوە ماڵەکەیان هەر لەم گوندە ماوەتەوە، دواتر بۆ شوێنەکانی تر رۆیشتووە[1].

٢- گوندی (هەرمك) لە ناوچەی خۆشناوەتی دۆڵی بالیسان.

٣- گوندی (دەراش) لە ناوچەی خۆشناوەتی دۆڵی بالیسان[2].

٤- گوندی (شاوێس) لە ساڵی (١٩٥٠) ز چووەتە شاوێس لە نزیك شاری هەولێر کە مەدرەسەیەکی گەورەی فەقێیانی هەبووە. هەندێ لە فەقێیەکانی ئەم بەرێزانە بوون: (مامۆستا مەلا خالد کەپرانی، مامۆستا مەلا عبدالرحمن شەمشولە، مامۆستا مەلا حمید شەمشولە، مامۆستا مەلا عبدالرحمن گرد جوتیار، مامۆستا مەلا فاخیر کەپرانی، مامۆستا مەلا سەید نوری بابە شێخ گعیتل، مامۆستا مەلا تەلعەت مەنتك، مامۆستا مەلا عاصم، مامۆستا مەلا رشاد، مامۆستا مەلا شێخ عبدالله زیخانی، مامۆستا مەلا محمد مصطفی قەراسنجەیی، مامۆستا مەلا عبدالله شاوێسی).

---

(١) بەگوێرەی دەستخەتێك کە لە بەرگی ناوەوەی کتێبێکدا، (عاجز) مێژووی لەدایك بوونی محمدی کوڕی نووسیوە، کە ئەو کات لە گوندی توتمە بووە، مێژووەکە رۆژی دووشەممەی مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی ١٣٦٥ی کۆچییە، بە گوێرەی لێکدانەوەی ئێمە دەکاتە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٤٦ی میلادی. (هێمن ٠ ع٠ خ)

(٢) لە بەرگی ناوەوەی کتێبێکی (عاجز)دا، ناوبراو مێژووی لەدایکبوونی ئەحمەدی کوڕی نووسیوە و ئاماژەی بەوە داوە کە لە رۆژی دووشەممەی کۆتاییەکانی مانگی رەبیعی دووەمی ساڵی ١٣٦٧ی کۆچی، ئەحمەد لە گوندی دەراش لەدایك بووە. بە گوێرەی لێکدانەوەکانی ئێمەش ئەم مێژووە دەکاتە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤٨ی میلادی. واتە لەم ساڵەدا عاجز لە گوندی دەراش مەلا بووە. (هێمن.ع. خ)

(عاجز) لە خەڵکی ئەم گوندە زۆر ڕازی بوو، چونکە گوێڕایەڵی ئەوبوون و زۆر ڕێزدار بوون، بەڵام هۆی ڕۆیشتنی لەم گوندە ئەوەبوو، مەلیك فەیسەڵی بچووك کە تازە لە جێگەی باوکی بە مەلیکی عێراق دانرابوو، (عاجز) نامەیەکی دووروو درێژی نووسی و بە واژووی خۆی و بە بەرید بۆ مەلیك فەیسەڵی نارد بۆ بەغدا، کە پڕ بوو لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی و پێشنیاری بەسوود. تێیدا هاتبوو: (ئاگاداربە کورسیەکەت زۆر ترسناکە، پێی لەخۆبایی مەبی و پێیەوە مەنازی، چونکە تاکو سەر بۆ کەس نییە، ئیمڕۆ بۆ تۆیە، بەیانی بۆ یەکێکی ترە. سەیرێکی باوکت بکە کە ئێستا لە کوێیە هەروەها ئاگات لە دین و میللەت بێت، چاکە بچێنە و چاکە لەگەڵ ڕەعیەی خۆت بکە، تۆ شوان و بەمیتداری ئەو گەلەی. هەروەها هەندێ دێڕە شیعری لە شیعرەکانی خۆی بۆی نووسیبوو، وەك (على الدين يبكي، كل مافي هذه الدنيا هباء ليس للدنيا...) کە لە دیوانەکەی نووسراونەتەوە.

مەلیك فەیسەڵ کاتێك ئەم نامەیەی بە دەست دەگات زۆر خۆشحاڵ دەبێت. دوای چەند ڕۆژێك بە نووسین و واژووی خۆی وەڵامی نامەکەی (عاجز) دەداتەوە. دوو پۆلیس نامەکەیان هێنا بۆ گوندی (شاوێس) و تەسلیمی (عاجز) یان کرد. کە سەیر دەکات مەلیك فەیسەڵ وەڵامی نامەکەی داوەتەوە و تێیدا نووسی بووی: زۆر دڵخۆشبووم بە دیتنی نامە جوان و پڕ مانایەکەت، زۆر سوودم لی وەرگرت. زۆر مەمنوونم خوا خێرت بنووسێ، دەبێ زوو زوو ئامۆژگاریم بکەی و بیرم بکەیەوە تاکو تووشی هەڵە و تاوان نەبم هەروەها نووسیبووی: دەبێ لە فلان ڕۆژ لە ئەوقافی بەغدا ئامادەبیت بۆ کاری پێویست.

(عاجز) لە ڕۆژی دیاریکراو ئامادە دەبێت و پێی دەڵێن، بە فەرمانی مەلیك فەیسەڵ بە شێوەیەکی ڕەسمی بە پێشنوێژ و وتاربێژ لە مزگەوتی گەورەی ناحیەی (خورماڵ)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی دامەزراوی. (عاجز)یش دەڵێ: جێگای خۆم هیچ عەیبی نییە، گوتیان نابێ ئەمە فەرمانی مەلیکە. دوای ماوەیەکی تر نەقڵی هەولێرت دەکەینەوە، ئینجا چوو بۆ خورماڵ.

٥- ناحیەی (خورماڵ) لە ساڵی (١٩٥٥) ز چووەتە مزگەوتی گەورەی (خورماڵ) سەر بە پارێزگای سلێمانی، هەر لەو مزگەوتەدا مەدرەسەیەکی گەورەی فەقێیانی هەبووە. کە جگە لە فەقێیەکانی عێراقی، فەقێی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێرانیشی تێدابووە، چونکە بە زمانی فارسیش وانەی گوتووەتەوە. هەندێ لە فەقێیەکانی ئەم بەڕێزانە بوون: (مامۆستا مەلا فائق، مامۆستا مەلا عبداللە ی گوڵپ، مامۆستا مەلا محمد بەرزنجی، مامۆستا مەلا عبدالرحیم ئێرانی... یازدە فەقێی تری ئێرانیش...). هەروەها مودەڕیسیش بووە لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە خورماڵ وانەکانی (قورئان و ئایین و خەتخۆشی) گوتووەتەوە.

خەڵکی (خورماڵ) و دەوروبەری و مامۆستایانی ئایینی ناوچەکانی هەڵەبجە و سلێمانی ڕێزێکی زۆر و تایبەتیان لە (عاجز) دەگرت.[1]

٦- قەزای (چەمچەماڵ) لە ساڵی (١٩٥٨)ز چووەتە چەمچەماڵ سەر بەپارێزگای (کەرکووك) لە مزگەوتی گەورە هەر لەو مزگەوتەدا مەدرەسەی فەقێیانی هەبووە، لەبەر زۆری فەقێیەکان، بە دوو بەش وانەی پێ دەگوتن. بەشێکیان بەیانیان لە مزگەوتی گەورە و بەشەکەی تریش ئێواران لە مزگەوتی سەردوو. هەندێ لە فەقێیەکانی ئەم بەڕێزانە بوون: (مامۆستا مەلاسەیدعبداللە

---

(١) لە بارەی چۆنیەتی چوونە خورماڵی (عاجز)، (عەبدولرەحمان شێخ عوسمان عەبدولعەزیز) لە نامەیەکدا لە ٢٠١٦/٢/٧ بۆ ئێمە ئاوای نووسیوە: لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا مزگەوتی گەورەی خورماڵ، مەلایەکەی (سەید عارفی سەرگەتی) دەبێ، نەقڵ دەبێت بۆ سلێمانی، مزگەوتەکە بێ مەلا دەبێت. مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای هەولێری نەقل دەبێت بۆ مزگەوتی خورماڵ بە ئیمام و خەتیب. لە هەولێریش پێش ئەوەی بێتە هەڵەبجە، مامۆستا مەلا ساڵحی کۆزەپانکی کە مەلایەکی ناوداری هەولێرە، بە مەلا عەبدوڵڵا دەڵێت: بچۆ بۆ لای مامۆستا مەلا ساڵح. نامەیەکی دەداتێ بۆ مامۆستا مەلا ساڵحی گەورەی هەڵەبجە. ئەویش لە عەسرێکدا دەگاتە خزمەتی مامۆستا مەلا ساڵحی هەڵەبجە و نامەکەی دەداتێ. ئینجا مامۆستا مەلا ساڵحیش ڕێزێکی زۆری لێ دەگرێ و کارئاسانی بۆ دەکات لە خورماڵ. هەر لە مزگەوتی کانی عاشقان لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمان ئاشنایی پەیدا دەکات، چونکە هاوتەمەن و هاودەم بوون و نێوانیان خۆش بوو.
(هێمن.ع.خ)

سەید احمد کانی جناری، ماموستا مەلا شیخ عبدالرحمن شیخ عزالدین کانی جناری، ماموستا مەلاعبدالحمید، ماموستا مەلاغەفور، ماموستا مەلاعومەر مەزلوم).

٧- شاری (هەولێر) لە ساڵی (١٩٦٣)، عاجز لەسەر داوای خۆی بۆ شاری هەولێر دەگوازرێتەوە بە مودەریس لە مەدرەسەی دینی ئەوقاف لە قەلات هەروەها لە مزگەوتی (حاجی عبدالله حەمامچی) پێشنوێژی کردووە و وتاری داوە هەر لەو مزگەوتەدا فەقێی هەبووە و تەدریسی لێ کردووە. هەندێك لە فەقێیەکانی ئەم بەڕێزانە بوون: (ماموستا مەلا جەلال زراری، ماموستا مەلاعبدالله پەرپیتانی، ماموستا مەلا محمدی قەپەکیان) دواتر کە مزگەوتی (حاجی بەکر زێڕنگر) تەواو دەبێت لەسەر داوای خاوەن مزگەوتەکە عاجز وەك یەکەم پێشنوێژ و وتاربێژ لەم مزگەوتە دادەمەزرێت و مەدرەسەیەکی گەورە لەو مزگەوتە دەکاتەوە. جگە لە وانەگوتنەوەی لە مەدرەسەی دینی ئەوقاف لە قەلات وانەی بەفەقێیەکان دەگوتەوەلە مزگەوت، کە زیاتر لە (٢٣) فەقێی موستەعیدی هەبووە جگە لە فەقێیەکانی تر. هەندێ لە فەقێیەکانی ئەم بەڕێزانە بوون: (ماموستا مەلاعبدالله تورەقی، ماموستا مەلانوری مەنتك. ماموستا مەلائیسماعیل بەحرکەیی، ماموستا مەلاخدر خەلیفانی ).

## ژیانی خێزانداری (عاجز) :

عاجز دوو خێزانی هەبووە، کە هەردووکیانی کچی ماموستاکانی بووە، یەکەمیان کچی (ماموستا مەلا شیخ محمدأمین زیخانی) و دووەمیان کچی (ماموستا مەلا عبدالله هەرتەلی) لەم دوو خێزانە خاوەنی (١١) منداڵ بووە، چواریان هەر لە منداڵییەوە وەفاتیان کردووە بەناوەکانی محمد و أحمد و سوعاد و روقیە. حەوتەکەی تر ئەمانەن:

١- ماموستا مەلا سەید محمد، پێشنوێژ و وتارخوێن و ماموستا بووە، لە ساڵی (٢٠١٣)ز وەفاتی کردووە .

٢- مامۆستا مەلا سەید أحمد پێشنوێژ و مامۆستا. لە ژیاندا ماوە.

٣- سەید مەهدی، قوتابی سەرەتایی بوو لە ساڵی (١٩٦٩) ز بە ڕووداوی مین شەهید بووە.

٤- سەید زەینەب، لە ساڵی (٢٠٠٨) ز وەفاتی کردووە

٥- سەید زەهرا، لە ساڵی (٢٠٠٦) ز وەفاتی کردووە

٦- سەید مەریەم، لە ژیاندا ماوە

٧- سەید عائیشە، لە ژیاندا ماوە

## ئاستی زانستی (عاجز) :

(عاجز) زانایەکی زیرەك و ناطق و شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیر بووە، شارەزا بووە لە بەرنامەی ئیسلام و بەرنامەکانی تری غەیرە ئیسلام، زانایەکی حەقبێژ و چاوکراوە و سەردەمانە بووە.

عاجز جگە لە زمانی دایکی شارەزایەکی باشی لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی هەبووە. زاکیرەی زۆر باش بووە بۆ لەبەرکردن، لەبەر لێهاتوویی و زیرەکیی لە رادەبەدەرییەکەی، بەشێك لە کتێبەکانی مەنهەجی فەقێیانی بەو شێوازە خوێندووە، کە بۆ مامۆستاکەی خوێندۆتەوەو مامۆستاش گوێی بۆ راگرتووە و سەرنجەکانی پێ گوتووە، بێ ئەوەی وەك شێوازی کۆن و باوی فەقێیاتی کوردستان ئەو تەنیا گوێ بگرێ، بۆیەشە زووتر خوێندنەکەی تەواوکردووە.

باوکم (مەلا سەید محمد) گوتی: لەماڵەوە سەعیم دەکرد و چەند جارێك پەڕێکی کتێبی قوتابخانەم دەخوێندەوە تا لەبەری بکەم، باوکیشم (عاجز) گوتی: محمد ئەوە بۆ وا بە زەحمەت پێت لەبەر دەکرێ؟ بێنە کتێبەکەت بدە دەستم! کتێبەکەم دایە دەستی و یەك جار خوێندییەوە و دایەوە دەستم و گوتی: تەماشا بکە بزانە لەبەرم کرد یان نا؟ گوتی واللە هەمووی بە ڕەوانی خوێندەوە.

هەروەها عاجز زۆر حەزی لە کتێب خوێندنەوە بووە. لە بوارەکانی ئایینی و بوارە جیاجیاکانی سەردەم. هەر بۆیە کتێبخانەیەکی گەورەی لەماڵەوە هەبووە. هەروەها خەتیشی زۆر جوان و خۆشبووە، چەندین کتێبی بەدەستی خۆی نووسیوەتەوە، بەتایبەتی هەندێك لە کتێبەکانی مەنهەجی فەقێیەتی، هەرگیز کاتی خۆی بەفیڕۆ نەداوە.

هەروەها زۆر حەزی بە وانەگوتنەوە کردووە و هەرگیز لەم کارەی ماندوو و بێزار نەبووە، بۆیە لە هەر جێگایەك بووبێت مەدرەسەی فەقێیانی هەبووە، شێوازی وانە گوتنەوەی زۆر جوان و ڕێك بووە، بۆیە فەقێ و قوتابییەکانی بەئاسانی لێی حاڵی دەبوون و لە ئاستێکی بەرزدابوون.

عاجز جگە لەوەی هەردوو دانی بەیانیان و ئێواران وانەی دەگوتەوە، هاوکات دوای نوێژی عیشایان و هەندێ جاریش دوای نوێژی عەسران لە مزگەوتەکەی خۆی (حاجی بەکر زێڕنگر) بە ئامادەبوونی زۆرێك لە خەڵکی وتارێکی پێشکەش دەکرد، لەگەڵ خوێندنەوەی قەسیدەی دینی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خەڵك.

هەروەها هەموو ڕۆژانی سێ شەممە (عاجز) و مامۆستایانی ئایینی شاری هەولێر لە مزگەوتەکەی خۆی کۆدەبوونەوە، بە مەبەستی یەك ئاراستەیی وتاری هەینی و حەلکردنی پرسیارەکانی شەرعی و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خەڵك. کەواتە وەك (مەرجەعێك) بوو بۆ هەموو دانیشتوانی هەولێر، بەداخەوە لە دوای وەفاتی (عاجز) ئەم شێوازە جوانە نەما.

شاعیرمان زانستێکی زۆر چاك و پاکی پێ بووە و بەردەوام هەوڵی دەدا زانستی زیاتر بەدەست بێنێ، بۆ ئەوەی بە نێو خەڵکیدا بڵاوی بکاتەوە و ڕایبگەیەنێ تا خەڵکی زیاتر فێری زانست و خوێندەواری ببن و ئایین و ڕێبازەکەی خۆیان بناسن و لێی شارەزابن. هەروەها وتار و ئامۆژگاری و دانیشتنەکانی زۆر بەسوود و کاریگەر و پڕ بەرەکەت بوون، بەردەوام باسە گرنگەکانی هەڵدەبژارد و باسی لێوە دەکرد، دەیویست موسڵمانان لە بابەتە هەنووکەییەکانی ڕۆژ چاوکراوە

و وشیاربن، هەروەها لە ئامانج و پیلانی بێ باوەڕان ئاگاداری دەکردنەوە، بۆیە خەڵکیش زۆر تامەزرۆی ناوبراو بوون و سوودێکی زۆریان لێ دەبینی.

عاجز نووسەرێکی بەتوانا بووە و خاوەنی چەندین کتێبە، هەروەها بابەت و وتارەکانی لە چەندین گۆڤاری ئەو سەردەمە بڵاوکردۆتەوە، کە هەندێکیان بۆ وڵامدانەوەی مولحید و بێ باوەڕەکان بووە. (عاجز) شاعیرێکی سەرکەوتوو بووە و شیعر و هەڵبەستەکانی تام و چێژێکی تایبەتیان هەیە. هەرچەند بخوێندرێنەوەو بگوترێنەوە، کۆن نابن و وەرگر لێیان بێزار نابێ چونکە لە ناخی دڵە پڕ لە ئیمانەکەی هەڵقوڵاوە، بە تایبەتی دیارترین شیعرەکانی. هەردوو شیعری (ئەی سەییدی سەرداری من) و (تۆ ئەحمەدی موختاری) لە نێو چینی فەقێ و مەولوودخوێنان و سروودبێژان بە چەندین جۆر ئاواز دەچڕدرێن.

جێگەی ئاماژەپێدانە بنەماڵەی (عاجز) بە ئافرەتەکانیشیانەوە خوێندەوار و قورئان خوێن و شەرعزانن و وانە دەڵێنەوە.

## کەسایەتی عاجز و هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی

عاجز بە زانایەکی زیرەك و بە غیرەت و سەردەمیانە ناسرابوو، هەروەها کەسێکی دیار و لێهاتوو خەڵکدۆست بووە، دۆست و برادەرێکی زۆری لە هەموو چین و توێژەکان و موفتی و زانایانی ئایینی لە وڵاتانی ئیسلامی هەبووە و پەیوەندی لەگەڵیان پتەو و بەتین بووە.

شاعیرمان زۆر بە ڕێز و خۆشەویست و سەرنجڕاکێشەر بووە لە ناو خەڵك، ئەوەی یەکجار چاوی پێ کەوتبایە و لای دانیشتبا خۆشی دەویست و لە قسە خۆش و بە سوودەکانی تێر نەدەبوو، ئێستاش خۆشەویستانی، ئەوانەی کە لە ژیاندا ماون دەڵێن: هیچ کەسێکمان نەدیوە وەك ئەو زاتە کە ئاوا ڕاست و ئازا و دڵسۆز و خۆشەویست بێت، بۆیە لە بیری ناکەین، چونکە خۆشەویستیەکەی بێ سنوور بووە، ئەمەش بەهۆی تەقواو لەخوا ترسان و ڕاستی و دڵسۆزی بۆ ئایین و گەلەکەی بووە، هەروەها بە هۆی زانست و کارپێکردنی بووەو وێڕای ئەمەش دونیانەویستییەکەی و دووری لە دەسەڵاتداران ماکێکی دیکەی بەم خۆشەویستییە دابوو.

(عاجز) زۆر خواناس و حەقناس و ماندوونەناس بووە، هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی ئایین و گەلەکەی تەرخانکردووە، هەروەها وەك لێپرسراو و سەرکردەیەکی دڵسۆز و ڕاست هەڵسوکەوتی کردووە. کەسێکی دڵفراوان سەخی و خاوەن قۆناغ بوو. بەردەوام میوانی هەبووە، زۆر حەزی بە چاکەو خێر کردووە، هەندێ جار لەماڵەوە ئەگەر چێشتێکی خۆشیان هەبووایە سەیرێکی دەکرد و

دەیگوت: ئایخۆم! پارچە نانێك و هەندێ ئاوم بۆ بێنن، نەفسەکەم بابزانێت، کە هەموو کات ئەم جۆرە خواردنەی نەخواردووە و کاتەکانی پێشووم لەبیر نەباتەوە و زاڵ نەبێت لەسەرم.

عاجز زۆر پاکوخاوێن و رێکو پۆشتە بووە، زۆر حەزی بە وەرزشی (کمال أجسام) و (مەلەوانی کردووە).

هەرچی خۆبەگەورەزانین و رق و قینە و حەسادەت هەیە لە نێو دڵی نەبووە، هەمووکات دژی پیاهەڵدان و مەدحکردن بووە، ئەگەر کەسێك مەدح و پەسنی کرد با زۆری پێ ناخۆش بوو، پێی دەگوت جارێکیتر با گوێم لەو قسانە نەبێ و من شایەنی ئەوە نیم.

(عاجز) دەم بە پێکەنین رووخۆش و سوعبەتچی و مەجلیس ئاوەدان بووە، بە تایبەتی لە سوعبەتی ناو فەقێیان رۆڵێکی سەرەکی هەبووە. هەروەها لە ترسی خوا و خۆشەویستی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چاو بە گریان بوو. هەروەك بەڕێز (مامۆستا مەلا جەمیل شاوێسی) دەفەرموێ: ئەوکاتەی من لە (مەدرەسەی دینی ئەوقاف) قوتابی بووم، مامۆستا عاجز کە وانەی سیرەی پێدەگوتین، هەر لە دەستپێکردنی وانەکە تا کۆتایی وانەکە، هەر دەگریا و چاو بە فرمێسك بوو، لە کاتێکدا ئەم کتێبەش هەر خۆی نووسی بووی بە ناوی (الزهرة النضرة في السیرة النبویة العطرة) کە مەنهەج بوو لە مەدرەسەی دینی ئەوقاف.

ناوبراو زۆر رێزدار و بە وەفا بوو بەرامبەر هەموو کەس، ئەگەر یەکێك هەر کارێکی بە (عاجز) بوایە نائومێدی نەدەکرد و بە پێی توانا یارمەتی دەدا. بەتایبەتی بەرامبەر مامۆستاکانی خۆی، تەنانەت دوای مردنیشیان بەڕێز و ئەدەبەوە سەردانی گۆڕەکانیانی دەکرد. هەروەها لەگەڵ فەقێ و قوتابییەکانی بەڕێز بووەو لە وانە گوتنەوە خۆی لەگەڵ زۆر ماندوو دەکردن و وەك هاورێیەك سەیری فەقێیەکانی خۆی دەکرد نەك وەك قوتابی و مامۆستا، هەروەتر لە دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و بژێوی ژیانیان یارمەتی دەدان. زۆر هەوڵی دەدا

بۆ ئەوەی فەقێیەکانی ئەکەن بە سەرباز (عسکر) بە بەردەوامیش لە خەمی دامەزراندنیان بوو لە مزگەوتەکان.

(عاجز) برادەرەکانی خۆی زۆر خۆشویستووە و لەگەڵ یەکتر وەك برابوونە. وەك (مامۆستا مەلا عبدالله سێبەردانی) کە جارێکیان بە عاجز دەڵێ: من دەڕۆم بۆ (حەج) عاجزیش دەڵێ چەند ڕۆژتان پێدەچێ؟ دەڵێ: ئەوەندە ڕۆژە. عاجز دوای تۆزێك دامان دەڵێ: مامۆستا عبدالله من ئەوەندە ڕۆژە تۆ نەبینم ناحەوێمەوە و شێت دەبم، بۆیە منیش لەگەڵ تۆ دێم بۆ حەج، ئەوەبوو پێکەوە چوون بۆ حەج، لە کاتێکدا عاجز سەفەری حەجیشی کردبوو!

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی (عاجز) بەجێگەیاندنی صیلەی ڕەحم بوو، لە هەموو کات و سەردەمێك دا لە شوێنی نزیك و دووردا، کە دەچووە سەردانی خەڵکیش بە دیاری یەوە دەچوو بۆ لایان. جارێکیان لە سەردەمی فەقێیەتی (عاجز) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ڕۆژی سێشەممە کە پشووی حوجرەی فەقێیانە دەچنە ڕواندوز بۆ سەردانی برادەرێکیان بە ناوی (مەلا ئەحمەدی نەقشبەندی) کە چوون بۆ مزگەوت ئەم برادەریان لەوێ نەبووە، عاجزیش بە پارچە ڕەژوویەك ئەم شیعرەی لەسەر دەرگای ژوورەکەی لە مزگەوت نووسی. بە داخەوە ئێمە تەنیا ئەم دێڕەمان بیر ماوە:

**نَزَلْنا هاهُنا ثُمَّ أرْتَحَلْنا    هكذا الدُّنيا نُزولٌ وارْتِحالٌ**

واتە: لێرە دابەزین و ڕۆیشتین، بەم شێوەیە دونیاش بارگەخستن و ئۆغرکردنە.

کە برادەرەکەیان دەگەڕێتەوە ئەم شیعرە دەبینێت زۆر پێی کاریگەر دەبێت، دەڵێت کە شیعرەکەم خوێندەوە یەکسەر چووە ناو دڵم و زانیم ئەوە (عاجز) هاتووە ئەم شیعرەی نووسیوە. ئێستاش وەکو یادەوەرییەك هەموو ڕۆژێ دەیڵێمەوە، چونکە حەقیقەتی دوونیا وەك ئەم شیعرە وایە.

عاجز لەگەڵ برادەرەکانیدا گفت ولفت خۆش و خۆش مەشرەب بووە، جارێکیان ئەو کاتەی ماڵی لە (شاوێس) دەبێ، چەند مامۆستایەکی هاوڕێی دێنە سەردانی

و کاتەکەش پێش نوێژی ئێوارەیەو درەنگە، پاش بەخێرهێنانیان، عاجز دەچێتە دیوەکەی ترو بە مەلاژن دەڵێ: ئێستا بە چێشت لێنان راناگەی، هەر نان و ماست و چا. یان نان و پیازو ماستاو ئامادە بکەو دەیخۆین، بەڵام بەیانی إنشاء الله حەیوانەکە سەردەبڕین و میوانەکان ئیزن نادەین، تۆش ئێستا نانەکە تا دوای نوێژی عیشا مەهێنە، چونکە سوعبەتەکیان پێ دەکەم.

جا پاشی نوێژی عیشا کە لە مزگەوت دەگەڕێنەوە ماڵ، عاجز پێیان دەڵێ نانەکەشمان دواکەوت، دەشزانم زۆرتان برسی بووە، ئێستا ئامادە دەبێ. جا سفرەیان هێناو ئاو و نان و ماستاویان هێناو هەر یەکە و قاپە پیازەکی لەپێش دانان و هیچی تر نەهات.

پاش کەمێك چاوەڕوانی، عاجز بە زەردەخەنەوە دەڵێ:

دەی فەرموون، با نانەکە بخۆین!

ئەوانیش دەڵێن: ئەدی نابێ شیوەکە بێ!؟

عاجز دەڵێ: میوانی ناوەخت نانی لەسەر خۆیەتی!

جا دەستیان کرد بە نان خواردن و زۆر پێکەنین. عاجز گوتی: ئێوە لە کاتێکدا هاتن کە کاتی چێشت لێنان نەبوو مەلاژنیش بەو کاتە درەنگە ئەزیەت نادەم. بەڵام والله بەیانی تا نانی نیوەڕۆ نەخۆن ئیزنتان نادەم و حەیوانەکی سەردەبڕم، پێکەوە دەیخۆین إنشاء الله . جا ئەوانیش مانەوە.

جێی ئاماژەپێکردنە، عاجز و میوانەکانی هاوڕێی، زۆر جار لە نێو خۆیاندا دەیانگێڕایەوە و دەیانگوت: والله ئەو تام و چێژەی لەو نان و پیاز و ماستاوەمان کرد، تا ئێستا لە هیچ خواردنێکمان نەکردووە، هەر حەزمان دەکرد زیاتر بخۆین، شەوەکەش لەبیر ناکەین، کە شەوێکی زۆر خۆش و بە بەرەکەت بوو.

## ناوی بەشێك لە هاوڕێکانی عاجز :

بەپێویستم زانی ناوی هەندێك لە هاوڕێکانی (عاجز) بنووسم، لە ماموٚستایانی ئایینی کوردستان، تا ئەوان و جگە لەوانیش لە بیر نەکرێن و بێبەش نەبن لە دوعای خێرو تا بزاندرێت گەلی کوردی موسڵمان لە یەك سەردەمدا چەندین زانای ئایینی ناوداری هەبووەو تا هەوڵیش بدرێت زانای خواناس و ڕاستەقینە زیاتر دروست ببێت. داوای لێبووردنیش دەکەم کە ناکرێ لێرەدا ناوی زیاتر بنووسم.

ماموٚستا مەلا عبدالله سێبەردانی، ماموٚستا مەلا فائز، ماموٚستا قاضی ڕەشاد موفتی، ماموٚستا مەلا عەلی شێخی چۆلی، ماموٚستا سەیدا مەلا احمد الامام ئاکرەیی، ماموٚستا مەلا عبدالمجید گراوی، ماموٚستا مەلا صالح کۆزەپانکەیی، ماموٚستا مەلا محمد هەرتەلی، ماموٚستا مەلا مصطفی قەراسنجەیی، ماموٚستا مەلاعبدالکریم باوکی شێخ عبدالرحمن ی ئازادی، ماموٚستا مەلا عبدالکریمی مودەڕیس/ بیارە، ماموٚستا مەلاشێخ محی الدین زیخانی، ماموٚستا مەلاشێخ مصطفی نەقشبەندی - هەولێر، ماموٚستا مەلا شێخ ئەحمەد زیخانی، ماموٚستا مەلاشێخ عوسمان زیخانی، ماموٚستا مەلا طاهر- ئیسکان، ماموٚستا مەلا ئەسعەد ئیسماعیل کونەگورگی، ماموٚستا مەلا شێخ عمر بالیسانی، ماموٚستا مەلاشێخ محمد بالیسانی، ماموٚستا مەلا شێخ کاکە هەولێر، ماموٚستا مەلاشێخ مصطفی باقلانی - ڕانیە، ماموٚستا مەلاعبدالله فەرهادی، ماموٚستا مەلا بهاء الدین خەتی، ماموٚستا مەلاسەید عەزیز، ماموٚستا مەلاعبدالکریم ئەوقاف، ماموٚستا مەلامحمد بەرزنجی پیرداودی، ماموٚستا مەلاعبدالله گردەسۆری، ماموٚستا مەلاشەریف خانەقا، ماموٚستا مەلا مصطفی زەڵمی، ماموٚستا مەلا محمدی بنەصڵاوە، ماموٚستا مەلاعومەر کەوری، ماموٚستا مەلاڕەسول مەلەکان، ماموٚستا مەلاقادر گۆمەسپانی، ماموٚستا مەلائەحمەد گردعازەبانی، ماموٚستا مەلاسەعید زەمزەموٚکی، ماموٚستا مەلا ئەحمەدی باداوە، ماموٚستا مەلاشێخ محی الدین - هەولێر،

ماموستا مەلاسەعیدی وەرەیی، ماموستا مەلاسلێمان دیرەبروشە، ماموستا مەلاصدیق نوغەرانی، ماموستا مەلاعبدالرحمن هەمزەکۆر، ماموستا مەلاتەیب ئەحرکەیی، ماموستا مەلاعبدالمجید شێخ الله، ماموستا مەلامەسعوود گەردی، ماموستا مەلا إبراهیم بێراوەیی، ماموستا مەلا سلام بێتواتەیی، ماموستا مەلا مصطفی هیرانی، ماموستا مەلاقادر بالیسانی، ماموستا مەلاحمدامین وەرتی، ماموستا مەلاعبدالرحمن وەرتی، ماموستا مەلاوەیسی گرتکی، ماموستا مەلائیسماعیل گوێژی، ماموستا مەلاعبدالواحد باوکی ماموستا عبدالكريم قیبلە راست، ماموستا مەلامحمدی عەلیاوە، ماموستا مەلامەمدوح رواندوزی / مزووری، ماموستا مەلاحمدامین ڕواندوزی، ماموستا مەلا شێخ عبدالله وەرتی، ماموستا مەلا محمد سەرڕەش - قازبەگیانی، ماموستا مەلائیبراهیم ماوەرانی، ماموستا مەلائەحمەد باتاسی، ماموستا مەلاعبدالرحمن قازی - شەقلاوە، ماموستا مەلائەحمەد سەرگردی - شەقلاوە، ماموستا مەلاخلیل - موخلیص، ماموستا مەلاصالح هەڵەبجەیی، ماموستا مەلاعوسمان عەبدولعەزیز هەڵەبجەیی، ماموستا مەلاعەلی هەڵەبجەیی، ماموستا مەلاتەیب چەمچەماڵی، ماموستا مەلا شێخ محمد بەرزنجی شانەدەری، ماموستا مەلا شێخ عوسمان بیارەیی سیراج الدین، ماموستا مەلاعبدالرحیم سلێمانی، ماموستا مەلاعبدالمجید قوتب کەرکووك، ماموستا مەلاعبدالله ڕحیماوە– کەرکووك، ماموستا مەلاعومەر دیبەگەیی، ماموستا مەلامحمد صالح دیبەگەیی، ماموستا مەلا محمد گرتکی، ماموستا مەلا شێخ ئەحمەد نەقشبەندی- کەرکوك، ماموستا مەلاعەزیز هیرانی، ماموستا کاك مەلاعەلی هیرانی، ماموستا مەلاقادری گەلاڵی / سکتانی، ماموستا مەلامحمد هەرەش، ماموستا مەلاقادر ناوبەرگەیی، ماموستا مەلائیسماعیل پیرزینی، ماموستا مەلا أبوبکری مزگەوتی محمود علاف، ماموستا مەلا عبدالله ی قەڵات ماموستا مەلارەسول براغ، ماموستا مەلاشەفیع دێلیزی، ماموستا مەلا عوسمان بابە/سمایلاوە، ماموستا مەلائیسماعیل نانەکەلی، ماموستا مەلا طە - کۆڕێ، ماموستا مەلا معصوم - کۆیە، ماموستا مەلا محمد بهاءالدین خورماڵی،ماموستا مەلا علاء الدین سوجادی، ماموستا مەلا محمدی خاڵ .

بەشێك لە هەڵوێستەکانی (عاجز) :

عاجز زانایەکی بە جورئەت و بلیمەت بووە، هەرگیز لە هیچ کەسێك ناحەقی قبوڵ نەکردووە، زۆر بە هەیبەت و بە ویقار و هەستیار بووە، هەر بۆیەش خەڵکی زۆر شەرمیان لێکردووە و ڕێزیان لێگرتووە. بەردەوام بەرامبەر ستەم و نادادیەکانی دەسەڵاتداران و دیکتاتۆرەکانی سەردەم قسەی حەقی کردووە و بەهەڵوێست بووە، ئەگەرچی باجیشی لەسەر قسەکانی دابێت. لێرەدا کەمێك لە هەڵوێستەکانی دەخەینە ڕوو.

کاتێ کۆنگرەی ئیسلامی (المؤتمر الاسلامي) لە شاری بەغدا بەسترا بە ئامادەبوونی زیاتر لە (٦٠٠) موفتی و زانای ئایینی عێراق و وڵاتانی ئیسلامی بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆك کۆماری ئەوسای عێراق (عبدالسلام عارف) بۆ ئەوەی زانایان فتوایەك بدەن کە (کورد) کافرە و خوێن و سەروماڵیان حەڵاڵە. مەبەست ئەو کوردانەی لە دەرەوە خەبات دەکەن. کاتێك کۆنگرە دەستپێدەکات سەرەتا سەرۆکی کۆنگرە وتەیەك پێشکەش دەکات کە هەموو قسەکانی هێرش و قسەی ناڕەوا و هەڕەشە بوون لە کوردو خەباتگێڕەکانی، دەیویست بەمە فشار بخاتە سەر زاناکان کە فەتوایەك لە دژی کورد بدەن. عاجزیش وەك نوێنەرێکی زانایانی ئایینی کوردستان بەشداری لەم کۆنگرەیە دەکات و لە جیاتی نوێنەرەکانی تریش وتەی هەبووە، بەڵام پێش ئەوەی کاتی وتەکەی بێت لەو کاتەی سەرۆکی کۆنگرەکە قسەی دەکرد بە هۆی ئەوەی زۆر زیادەڕۆیی لە قسەکانی دەکات بەرامبەر کورد غیرەت و عیزەتی عاجز دێتە جوڵان و خۆی پێرانا گیرێ و هەڵدەستێتەوە بەرامبەر سەرۆکی کۆنگرە بە تووڕەیی و پەنجە وەشاندن وڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێ:

"ئەو قسانەی تۆ دوورن لە ڕاستی و هیچی وانیە، ئێوەن بێ دینی و بێ ڕەوشتیتان هێنایە ناو وڵاتی ئێمە، ئێوەبوون قەومییەت و نەتەوەپەرستیتان هێنایە ناو ئێمە، ئێوە بوون شەڕ و کوشتارتان تووشی ئێمە کرد. ئێوەن فەرمان و پیلانەکانی کافر و زلهێزەکان لە وڵات جێ بەجێ دەکەن".

هەروەها گوتی: کورد گەلێکی موسڵمان و ستەم لێکراو و ماف خوراوە، ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و خۆتان بە موسڵمان دادەنێن با فەتوایەکی جیهادی دەربکەین دژی ستەمکار و داگیرکەرەکان، بە تایبەتی ئەو جولەکانەی کە قودسی پیرۆزیان داگیرکردووە، با ئازادی بکەینەوە، هەروەك چۆن ئێمەی کورد ئازادمان کرد لە سەردەستی (سەلاحەدینی ئەیوبی).

عاجز توانی بە بەڵگەوە قەناعەت بە زانایانی کۆنگرەکە بێنێ کە ئەم جۆرە فەتوایانە نەدەن و توانی بەسەر کۆنگرەکە زاڵ بێ و فەشەل بەو کۆنگرەیە بهێنێ. بۆیە سەرۆکی کۆنگرەکە زۆر تووڕە دەبێ و داوای دەستگیرکردنی (عاجز) دەکات، بەڵام بە هەوڵی موفتی و زاناکان کە گوتیان یان ئێمەش دەبێ بگیرێین یان نابێ ئەم زانایە بگیرێت، بۆیە وازی لێ دێنن.

هەر لەم کۆنگرەیە ناوبراو چەندین دانیشتنی جیاجیای کرد لەگەڵ موفتی و زاناکانی وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەتی لەگەڵ موفتی دیاری وڵاتی میصر و موفتی ئوردن، موفتی ئوردن گریاوە کە (عاجز) قسەی بۆ کردووە.

پاشان لەسەر داوای سەرۆکی عێراق (عبدالسلام عارف) هەموو موفتی زاناکان چوون بۆ (کۆشکی کۆماری) سەرۆکی کۆنگرەکە بە عبدالسلام عارفی گوت: ئەمە بوو کە فەشەلی بە کۆنگرەکە هێنا، عبدالسلام عارف زۆر تووڕەبوو و دەم و چاوی گرژبوو و بە ساردی دەستی خۆی هێنا بۆ تەوقەکردن لەگەڵ (عاجز) بەڵام عاجز دەست و بازووی بەهێز بووە دەستی عبدالسلام عارف ی گرت و بەری نەدا، زۆر بوێرانە پێی گوت: بۆ خاتری خوا وازبێنن، لەو شەڕ و کوشتار و ئاژاوەیە، میللەتتان فەوتاند، ماڵی خەڵکتان کاول کرد، چەندین خەڵکتان بە ناهەق کوشت، چەندین ژنتان بێوەژن کرد، چەندین منداڵتان بێ باوك کرد. خۆشتان لەو کۆشکانە دادەنیشن و بە ئارەزووی خۆتان ڕادەبوێرن، باش بزانن لە بەردەم خوای گەورە بەرپرسیار دەبن، ئیتر بەسە لەخوا بترسن! چارەسەری ئەم فیتنەیە و ئەم موصیبەتە بکەن.

ئینجا عاجز دەستی بەر ئەدا، بەم قسانە عبدالسلام عارف زیاتر تووڕە دەبێت و دەڵێ: ئەم موصیبەتە دەبێ تۆش بگرێتەوە و لەسەرت ناچێت.

بەڵام موفتی و زاناکان هەمان هەڵوێستی پێشویان نیشاندا، کە گوتیان یان دەبێ ئێمەش بگیرێن، یان نابێ ئەم زانایە بگیرێت، بۆیە بە پشتیوانی خوا و پاشان ئەم زانایانە (عاجز) ڕزگاری دەبێت و بە سەربەرزی دەگەڕێتەوە کوردستان بۆ شاری هەولێر. زانایانی ئایینی و پیاوماقولان پێشوازییەکی گەرم لە عاجز دەکەن و سوپاسی ئەم هەڵوێستە جوانەی دەکەن، هەروەها چەند سوپاسنامەیەکی پێ ئەگات لەلایەن کەسایەتی و سەرکردەکانی کورد.

یەکێکی تر لە هەڵوێستەکانی عاجز دوای نەمانی عبدالسلام عارف، براکەی عبدالرحمن عارف بوو بە سەرۆکی عێراق، کە دەست کرا بە وتوویژ لە نێوان حکومەتی عێراق و کوردستان. عبدالرحمن عارف هات بۆ هەولێر و لەگەڵ پیاوماقوڵ و زانایانی ئایینی کۆبوویەوە، عاجز چوو لە لەلای دانیشت و دەستی کرد بە قسەکردن هەندێ لە قسەکانی ئەوەبوو کە گوتی: ئێمە و ئێوە موسڵمانین، هیچمان نکوڵیمان لە ئیسلام نەکردووە، چارەسەری هەموو کێشەکان لە بەرنامەی ئیسلام دایە، ستەم مەکەن و مافی خەڵك بدەن، دادپەروەربن و جیاوازی نەکەن لە نێوان عەرەب و قەومەکانی تر. ئێمە لە یەك وڵات ئەژین لە پێناو چی و لە سەر چی دووژمنایەتی یەکتر بکەین، یەکتر ئازار بدەین؟!

عبدالرحمن عارف قسەکانی عاجزی پێ خۆشدەبێت و پێی سەرسام بووە بەدیتن و قسە ڕەوانی کە چۆن توانی بەبێ ترس لە بەرامبەر سەرۆکی وڵات قسە بکات، بۆیە سەرۆك کۆمار بە عاجز دەڵێت: بە پشتیوانی خوا درێغی ناکەین، لە کارەکانمان.

یەکێکی تر لە هەڵوێستەکانی (عاجز) کاتێ وتاری هەینی لە شاری چەمچەماڵ دەخوێندەوە، کە باسی تاوانی زیناکردن و سزاو و کێشە و دەرد و نەخۆشیەکانی دەکات، کەسێکی کاربەدەست و ناسراو و نەزان، کە لە ناو حەرەمی مزگەوت بووە، لە وتارەکە هەڵدەستێتەوە و بە(عاجز) دەڵێ: مەلا ئەو قسانەی تۆ وانییە، خۆم شارەزاییەکی زۆر چاکم هەیە لە ئیسلام، چەند قسەیەکی ناشیرین و نابەجێی کرد، عاجزیش پێی دەڵێ: دانیشە تەوبە بکە و شەهادەبێنەوە ئەویش هەر سوربوو لەسەر قسەکانی، بۆیە عاجز لاقیتە (مایك)ی بەردەم خۆی بۆ دەهاوێت و لەسەر مینبەر

دێته خوارەوە و دەچێت بۆ لێدانی ئەو کەسە، بەڵام خەڵك دەکەوێتە نێوانیان.

یەکێکی تر لە هەڵوێستەکانی (عاجز) گەورە پیاوێکی حکومەت هاتبوو بۆ شاری هەولێر، لە پارێزگا لە دوای زانایانی ئاینی و کەسایییەتیەکانیان نارد کە لەگەڵیان کۆبێتەوە، عاجزیش چوو بۆ ئەوێ، بەڵام پێش ئەوەی بچێتە ژوورەوە کەسێکی لە خۆ بایی و ناسراو ویستی بە پێش (عاجز) بکەوێت بۆ ژوورەکە، هەرکە پێی هاویشتە ژوورەوە، عاجز پێی لەسەر پێی ئەو دائەنێ و پێی دەڵێ وەرە دواوە!

کەسەکەش دەڵێ: نازانی من کێم؟! من فلان کەسم.

عاجزیش دەڵێ تۆ نازانی من کێم؟! ئەم مێزەرەی سەرم نابینی؟! من میراتگری پێغەمبەرم (صلی الله علیه وسلم) بزانە من موتەکەببیر نیم بەڵام دەبێت ڕێزی مامۆستایانی ئاینی بگیرێت .

مامۆستا (عاجز) چەند جارێك لە لایەن هێزە ئەمنیەکان گیراوە و ئازار و ئەشکەنجە دراوە، هەوڵی تیرۆرکردن و لە سێدارەدانیشی بۆ دراوە، دیارە ئەمانەش هەمووی لەسەر ئەوەی کە تەنیا حەقی گوتووە و پەیامی خوای گەورە زۆر بەجوانی ڕوونکردووەتەوە و داوای مافی خوراوانی کردووە.

لەساڵانی کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان، لەلایەن دەسەڵاتداران و نۆکەرانی ڕژێمی عێراق لە چەمچەماڵ، چەندین جار گیراوە و ئەزیەت و ئازار دراوە، هەروەها ڕەوانەی کەرکووکیان کردووە و لە سێدارە ڕزگاری بووە. هەندێ لە کتێبە گرینگەکانی لە نێو فەرمانگەی ئەمنی کەرکوك لەبەردەمی عاجز سووتاندوویانن، جگە لە هەوڵی پیلاندانان بۆ لە ناو بردن و تیرۆرکردنی (عاجز) کە پێشتر هەواڵی بۆ دەهات و وریای خۆی دەبوو. ڕۆژێکیان هێزە ئەمنیەکان لە چەمچەمچەماڵ هەڵدەکوتنە سەر ماڵی بۆ دەسگیرکردنی بەڵام عاجز لە ماڵ نابێت، دوای ئەوەی ماڵەکەی هەموو دەپشکنن، پاڵێك بە دایکی (عاجز)ەوە دەنێن بەری دەدەنەوە، هەر بە هۆی ئەم ئازارەوە چەند ڕۆژێك ژیا و کۆچی دوایی کرد. دوای پیلانێکی زۆر بۆ عاجز، بەڵام لە هەر هەموو ئەمانە بە یارمەتی خوا و هاوڕێ دڵسۆزەکانی ڕزگاری ئەبێت. جێگەی ئاماژە پێدانە (عاجز) تا مردیش بۆ بەرگری کردن لە خۆی دەمانچەی هەموو کات پێ بووە.

## کۆچی دوایی عاجز

دوای خزمەتێکی زۆری عاجز بە ئیسلام و موسڵمانان، هەوڵ و ماندووبوونێکی بەردەوام بۆ داواکردنی مافی ڕەوای کورد. سەرەنجام لە کاتی وتارخوێندنەوەی هەینی لە مزگەوتەکەی خۆی (حاجی بەکر زێڕنگر) لە ئیسکان، کە بابەتی وتارەکەی بە ناوی (خطبة الوداع) وتاری ماڵئاوایی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بووە، دیارە وتارەکە زۆر کاری تێدەکات، هەروەها عاجز ناسرابوو کە زۆر عاشقی پێغەمبەر بووە، هەر لە کاتی وتارەکە باری تەندروستی تێکدەچێت و بە خەڵك دەڵێت: موسڵمانان تەندروستیم تێکچووە، توانام نەما وتارەکە تەواو بکەم، پشتیوان بە خوا ئەگەر بمێنم لە وتاری داهاتوو بابەتەکە تەواو دەکەم، ئینجا دانیشت، دوو کەس دەچن بۆ سەر مینبەر دەستی دەگرن و دەیهێننە خوارەوە.

مامۆستایەکی تر بەناوی مامۆستا مەلا ئیسماعیل گوێڕی وتار و نوێژەکە تەواو دەکات. دواتر عاجز دەبەن بۆ نەخۆشخانەی کۆماری بەشی تایبەتی مامۆستایان لە هەولێر، دوای ئەوەی دکتۆرەکان پشکنینی بۆ دەکەن پێی دەڵێن: سوپاس بۆ خوا هیچ نەخۆشییەکت نییە، وتارەکە کاری تێکردووی و بێهێزی کردووی. زۆر ماندووشی پێویستت بە پشوودانە و بۆیە پێویستە بمێنیەوە لە نەخۆشخانە.

دوای چەند ڕۆژ دەیبەن بۆ نەخۆشخانەی کۆماری لە شاری موصڵ، بە هاوڕێیەتی هەریەك لە مامۆستایان (سەیدا مەلا أحمد الامام ئاکرەیی و مامۆستا مەلا عەلی شێخی چۆلی و مامۆستا مەلا فائز و مامۆستا مەلا شێخ عبدالله زیخانی و مەلا سەید محمدأمین ی برای و مام حاجی بەکر

زێرنگر و کورێکی) لەوێش چەند هاورێیەکی لە مامۆستایانی ئاینی شاری موصڵ لەگەڵی بوون، دکتۆرەکان گرنگی زۆریان بە نەخۆشی عاجز داوە، بەڵام لە دووەم شەوی مانەوەی لە نەخۆشخانە ئەجەل ماوەی زیاتری نادا، شەوی ١٩٦٧/٥/٢ز بۆ دواجار چاو لێکدەنێ و ماڵئاوایی لە ژیان و دۆستانی دەکات. (عاجز) کەمێك پێش وەفاتکردنی بە براکەی دەڵێ من تۆزێك دەنووم ئەگەر ئەرك نەبێ چا ئامادەبکە لەگەڵ هەندێ (خاص)م بۆ بێنە، دوای ئەوەی دەخەوێ و چا و خاصی بۆ ئامادە دەکەن، بانگی دەکەن بەڵام (عاجز) وەڵامی نەبوو، کە بانگی دکتۆر دەکەن و پشکنینی بۆ دەکات دەڵێ: (إنا لله و إنا إليه راجعون) شێخ وەفاتی کردووە.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە پێش وەفاتکردنی، ڕۆژێکیان (عاجز) لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی لە ماڵەوە دادەنیشێت و دەڵێت: "بە خوا موویەکم لە ڕیش سپی بووە، ئەمەش نیشانەی نزیکبوونەوەی مەرگمە".

هاوڕێکانی، تەرمەکەی عاجز دەبەن بۆ مزگەتی (نبی یونس) (عليه السلام) لە شاری (موصڵ) هەر لەوێ شوشتیان و کفنیان کرد و بە ئامادەبوونی بەشێك لە مامۆستایانی ئاینی شاری هەولێر و موصڵ و هەندێك لە خەڵکی تر نوێژی جەنازەیان لەسەر کرد. دواتر تەرمەکە دەگوازنەوە بۆ زێدی خۆی شاری هەولێر، دوای ئەوەی خەڵکی هەولێر هەواڵی کۆچی دوایی عاجز دەزانن سەرتاپا هەولێر خەم و پرسە باڵی بەسەردا دەکێشێ، هاتووچۆی ناوشار زۆر کەم و کز دەبێت، زۆربەی دوکانەکان داخرابوون و زۆربەی خەڵکی وازیان لە کارەکانیان هێنابوو. خەڵکێکی زۆر لە هەموو چین و توێژەکان ئامادەی بە خاکسپاردنی بوون.

بەهۆی ئەو خۆشەویستیە زۆرەی کە خەڵکی هەولێر بەرامبەر بە (عاجز) هەیانبوو، سێ گۆڕیان بۆ لێدابوو، یەکێکیان هەولێرییەکان لە (شێخی چۆلی) و دووەمیان خزمەکانی لە (گۆڕستانی سەید مەعروف) کە لە تەنیشت باوکی خۆی بوو، سێیەمیان خاوەن مزگەوتەکە لە تەنیشت مزگەوتەکەی. دەبێتە

مشتومر له نێوان خەڵکی ئاخۆ له کام گۆڕستان بینێژن، بەڵام (حاجی بەکر زێڕنگر) خاوەنی مزگەوت گوتی قبوڵی ناکەم له هیچ شوێنێك بنێژرێت تەنیا دەبێ له گۆڕستانی تایبەتی خۆم بینێژن، چونکه مامۆستا خۆشەویسترین کەس و هاوڕێم بوو، نابێ به مردوویش لێم دووركەوێتەوە. ئینجا هەواڵیان دا به جەنابی شێخ مصطفی نەقشبەندی که ئامادەبوو لەوێ فەرمووی دەبێ پرس به کەسە نزیکەکانی بکەن. دوای پرس کردن به کەس و کاری که گوتیان له قسەی مام حاجی بەکر دەرناچین، له گۆڕستانی (حاجی بەکر زێڕنگر) بەخاکی دەسپێرن.

جێگەی ئاماژە پێکردنه له دووەم ڕۆژی پرسەکەی، حاجی بەکر زێڕنگر و خەڵکی گەڕەك و مامۆستایانی ئایینی به تایبەتی جەنابی قازی ڕەشاد موفتی بڕیاریاندا که کوڕە گەورەکەی عاجز له شوێنی باوکی بکرێت به پێشنوێژ و وتارخوێن.

له دوا ڕۆژی پرسەکەدا له سەر داوای جەنابی قازی ڕەشاد موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی زانستی (سەید محمد) کوڕە گەورەی عاجز پێشنوێژی عەسریان بۆ دەکات که تەمەنی نزیکەی ١٧ ساڵان بوو، دوای تەواوبوونی نوێژەکە جەنابی قازی له نێو خەڵکی هەڵدەستێتەوە و دەڵێ: بەڕاستی سەید محمد پێشنوێژییەکی زۆر ڕێك و جوان و شەرعی کرد، شایەنی ئەوەیه که له جێگای باوکی دابندرێتەوە. دواتر دەسکرا به خوێندنەوەی چەند ئایەتێك له قورئانی پیرۆز. لەلایەن جەنابی (مامۆستا مەلا شەریفی خانەقا)دواتر جەنابی (مامۆستا مەلا عەلی شێخی چۆلی) وتاری بنەماڵەی پێشکەش کرد که تێیدا سوپاسی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (عاجز)ی ڕاگەیاند به هەموو بەشداربووانی مەراسیمی پرسەکه له ناوەوەی کوردستان و پارێزگاکانی تری عێراق. پاشان جەنابی (قازی ڕەشاد موفتی) سەرۆکی ئەنجومەنی زانستی وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی: ئێمه له ئەنجومەنی زانستی لەگەڵ سەرۆکی دیوانی ئەوقاف جەنابی (سامی باش عالم) بڕیارماندا که بەڕێز (مەلا سەید محمد مەلا سەید عبدالله بەرزنجی) له جێگای باوکی دابنێینەوە به پێشنوێژ و وتارخوێن. دواتر

جەنابی (شێخ مصطفی نەقشبەندی) مێزەری خستە سەر، ئینجا چەند پارچە شعرێك خوێندرایەوە لەلایەن جەنابی (مامۆستا مەلاعبدالمجیدی شێخ الله)، دواتر قەصیدەی بوردی (مولای صلّ) خوێندرایەوە، دواتر بە زیکری (لا إله الاّ الله) لەلایەن شێخ و دەروێشانی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی کۆتایی بە مەراسیمەکە هات.

شایانی باسە (سامی باش عالم) سەرۆکی دیوانی ئەوقاف لە بەغدا، کە ئامادەبوو لەگەڵ چەند مامۆستایەکی ئایینی شاری بەغدا، لە دوا ڕۆژی پرسەکەی عاجز لە شاری هەولێر، گوتی: زۆر عاجزو غەمبار بووم بە وەفاتکردنی مامۆستا مەلا سەید عبدالله (عاجز) خەسارەتێکی زۆر گەورەمان لێکەوت (موت العالِم موت العالَم) (انا لله وانا اليه راجعون) بەڵام دڵیشم خۆشبوو بەوەی کە سەید محمد کوڕە گەورەی مەرحووم لە جێگای باوکی داندراوە. هەروەها گوتی: با سەید محمد بچێتە مەدرەسەی دینی ئەوقاف و پاش دەوامی مەدرەسەش بچێتە لای مامۆستایەك بۆ خوێندنی زانستە شەرعییەکان و تەواوکردنی مەنهەجی فەقێیەتی.

بەڵێ سەید محمد کە ئەوکات پۆلی دەیەم بوو لە قوتابخانە، جا خۆی نەقلی مەدرەسەی دینی ئەوقاف کرد لە مزگەوتی (حاجی قادر دەباغ) لە خزمەت زانای گەورەی کورد (مامۆستا مەلا فائز مەلا عبدالله بێتواتەیی) دوای تەواوکردنی چووە دەورەی دینیی ئەوقاف لە شاری (بەغدا) لە ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢ ز بڕوانامەی (دبلۆم) وەردەگرێت، لە ڕۆژی ١٩٧٣/١٠/١٧ز لە شارۆچکەی (شەقڵاوە)، وەك بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی ئیسلامی دادەمەزرێ، لە هەمان کاتیشدا چەند ساڵێك وتاربێژ بووە. دوای حەوت ساڵ گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی خالد بن الوليدی ئیسلامی لە شاری هەولێر و دەبێتە وتاربێژیش لە مزگەوتی ڕەشاد نەجار، پاشان بەهۆی دوعانەکردنی بۆ سەرۆکی عێراق لە وتاردان قەدەغەی دەکەن، تا ئەوکاتەی کە خۆی و (مام حاجی قەرەنی بەزاز) لە ساڵی (١٩٨٦) ز مزگەوتیان دروستکرد بە ناوی (مزگەوتی حاجی قەرەنی)، دوای ئەوەی دوو ساڵ و هەندێ لەم

مزگەوتە وتار دەدات بەهۆی باسکردنی ستەم و تاوانەکانی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد هەر لە کیمیاباران و ئەنفال و کوشتن و وێرانکردنی گوندەکان دووبارە لە وتاردان قەدەغە دەکرێت و لە گیران رزگاری دەبێ.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)ز دەگەڕێتەوە وتاردان بۆ مزگەوتی (حاجی قەرۆك) دواتر بۆ مزگەوتی (حاجی خدر)، یەکێك بووە لە وتاربێژە ناسراوەکانی شاری هەولێر، بەڵام بە هۆی نەخۆشی لە دووەم شەوی مانەوەی لە نەخۆشخانە لە شەوی ٢٠١٣/١١/١٣ز ماڵئاوایی یەکجاری لە دوونیاو دۆستانی دەکات. هەزاران ڕەحمەت لە (عاجز) و (مامۆستا مەلا سەید محمد بەرزنجی) کوری. خوای گەورە لێیان خۆشبێت و بە بەهەشتی فیردەوسیان شاد بکات و لە ئێمەو تێکرای موسڵمانانیش خۆشبێت.

زانای کورد (سەیدا مەلا أحمد الامام ئاکرەیی) پێشنوێژ و وتارخوێن و مدرس لە مزگەوتی گەورەی ئاکرێ ئەم پارچە شیعرە دادەنێ بە بۆنەی وەفاتکردنی خۆشەویسترین هاوڕێی خۆی (عاجز) کە دەفەرموێت:

مرثية الأستاذ الفاضل المرحوم الحاج ملا سيد عبدالله البرزنجي (عاجز) الذي توفي في مستشفى الموصل غفرالله له ولا تحرمنا أجره يا مجيب السائلين ولا تفتنا بعده.

خطب جليل حلّ يا لِلأَرْبِلِ

بنعي عبدالله نسل المرسل

كان الحسينيّ إماماً و خطيبا للواء

في جامع بناه بكرٌ بالطّراز الأجمل

كذا مدرساً لدين جدّه

من قبل الأوقاف تدريساً بالوجه الأكمل

يدعو الى التوحيد والفضائل

ولم يزل محذر الإلحاد والرذائل

إعفر له اللهم واشكر جهده

بجاه جدّه والآل الكمّل

اللهم وفق شبله محمداً

واجعله خير خلف للرّاحل

كذا شقيقيه ومن يعينهم

لا سيما من حاج بكر الصائغ المبجل

والد صديق حسام و صلاح

احفظهموا يا ربّ والطف بالفضل الأشمل

أكرم بهم يا ربّ يا لَلْعَجَب

من بذلهم دمائهم للعالم المفضل

قبيل ما نادى إليه ربّه

في حين كان راقداً في الموصل

أرخ وفاة السيّد بما يلي

(فابْكِ القضاء نحبه في الموصل)١٣٨٧ هجري

يا أحمد غير التسلّي والرّضا لن ينفعك

رجّع يعوضك الإله بالجزاء الأجزل

الحاج ملا أحمد الإمام

إمام و خطيب و مدرس جامع الكبير في (عقرة - ئاكرێ) ١٩٦٧م.

## عاجز و نازناوی شیعری

شاعیر نازناوی (عاجز)ی هەڵبژاردووە و لە یەك شیعریش (دڵخۆش) ی هەڵبژاردووە و پاشگری (حسینی) و (بەرزنجی) و (المدرس)ی لە دوای ناوەکەی خۆی زیادکردووە، چونکە:

(عـاجـز): عاجزەو غەمبارە تا دەگاتە خزمەت پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) و بە دیداری ئەو شاد دەبێت، لەبەر عیشق و زێدە خۆشەویستی ئەو، هەر بۆیە زۆربەی شیعرەکانی بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) داناوە.

(حـسینی): بە پێی ڕەچەڵەکی سەیدەکان دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی ئیمامی (حـسین)ی نەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم).

(بەرزنجـی): یەکێ لە باپیرە گەورانی، کە یەکەم کەس بووە لە سەیدەکان ماڵی هێناوەتە گوندی بەرزنجە و کردویەتییە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، بەناوی (شێخ سەید عیسای بەرزنجی) هەروەها گۆڕەکەشی لە (بەرزنجە)یە.

(الـمـدرس): بەردەوام تەدریسی کردووەو مودەڕیسیش بووە لە قوتابخانە، هەروەها باوك و باپیرانیشی هەر وابوون.

## بەرهەمەکانی عاجز

(عاجز) هەرچەندە تەمەنێکی کورتی هەبووە، بەڵام خاوەنی چەندین دانراو بووە، بەداخەوە کاتێ عاجز ماڵی لە چەمچەماڵ ئەبێت دارودەستەی ڕژێمی عێراقی ئەوکات هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەی و عاجز دەسگیر دەکەن و چەندین لە کتێبە گرینگ و بەسوودەکانی لەگەڵ هەندێ لە دانراوەکانی خۆی دەبەن و دەیفەوتێنن. ئەمانەی خوارەوەش بەشێکن لەو بەرهەمانەی کە (عاجز) دوای خۆی بۆمانی جێهێشتووە، کە جگە لە (دیوانی عاجز) هیچ کتێبێکی تری بە چاپ نەگەیشتووە، بە یارمەتی و پشتیوانی خوای گەورە، هەموو بەرهەمەکانی تری عاجز بە چاپ دەگەیەنین.

١- الزَّهرة النّضرة في السيرة النبويّة العطرة: کە ژیانی پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم) لە ساڵی ١٣٨٥هـ- ١٩٦٥م لە هەولێر دایناوە کە ئەوکات مەنهەج بووە لە مەدرەسەی دینی ئەوقاف .

٢- الرّوضُ الفسيح تخميس بُردةُ المديح: لە ساڵی ١٣٧١هـ - ١٩٥١م لە شاوێس دایناوە.

٣- ديوان الخطب المنبرية العصرية، باللغة العربية.

٤- ضيافة الأمراء: لە ساڵی ١٣٧٣هـ - ١٩٥٤م لە شاوێس دایناوە.

٥- مواهب الرحمان، لإمام أو خطيب يجري عليه الامتحان، لە ساڵی ١٣٧٤هـ - ١٩٥٥م لە خورماڵ دایناوە.

٦- كشف الأستار لدقائق الأنظار.

٧- رسالة في الرد على الذين يعترضون على الاسلام، الجهلة بالرقية الواقعة فيه: لەساڵی ١٩٥٦م له خورمال داینـاوه .

٨- شرح القزلجيات على تصريف ملا على المرحوم .

٩- شـرح لحواشـي ملا عبدالرحمن البينجويني علـى الرسالة الآدابية لـملا إسماعيل الگلنبوي، عليهم رحمة الملك المنجى.

١٠- حەج نامەی کوردی بە کورتی، لە ساڵی ١٩٦٢م لە چەمچەماڵ داینـاوه.

١١- دیوانی عاجز بە کوردی و عەرەبی: لە ساڵی ١٩٨٦م چاپی یەکەمی کراوه لە بەغدا .

شاعیرمان شیعری زۆر نەنووسیوەو هەندێ لە شیعرەکانیشی دیار نەماوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

فەوتاندن و سوتاندنی هەندێ لە شیعرەکانی بەتایبەتی شیعری نیشتمانی و فارسی و هەندێ لە دانراوەکانی تری بە دەستی رژێمی ئەوسای عێراق. هەروەها دەرفەت و کاتی زۆر کەم بووە بۆ شیعرنووسین، لەبەر تەدریس کردن و سوتاڵەعە و ئەرکەکانی تری، چونکە وەك زانایەك ژیاوە نەك وەك شاعیرێك.

سەیدا بەرزنجی (نەوەی شاعیر)

هەولێر ٢٠١٥ ز

## چی لەبارەی (عاجز)ەوە نووسراوە؟!

هەوڵئەدەین لەم نووسینە تیشك بخەینە سەر كۆی ئەو نووسینانەی كە لەسەر (عاجز)ی شاعیر كراون، چ وەك بابەت نووسین لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان چ وەك نووسینەوەی ژیانامە و شیكردنەوەی شیعرەكانی لە كتێبخانەی كوردی دا. ئەگەرچی پێدەچێت زیاتر لە بارەی ئەم شاعیرە نووسرابێت بەڵام ئێمە تەنیا ئەم چەند سەرچاوەیەمان بۆ مەیسەر بوو.

١- مێژووی ئەدەبی كوردی، دوكتۆر مارف خەزنەدار، لە بەرگی حەوتەم، بەشی چل و سێیەم لە لاپەڕە **٦٢٩** بۆ **٦٣٨**، بەم شێوەیە باسی عاجزی شاعیر دەكات: سەرەتا وەك هەر شاعیرێكی تر ژیاننامەی عاجزی نووسیوە، دواتر شیكاری شیعرەكانی دەكات بەم شێوەیەی خوارەوە.

عاجز حەزی لە خوێندنەوەی شیعری كلاسیكی كوردی بووە، هەروەها بایەخی زۆری بە ئەدەبی میللی سەرزار (فۆلكلۆر) داوە، لە ئەنجامی ئەمە گوێیێكی نەرمی مۆسیقی لەلا دروستبووە، بەگشتی بۆ بابەتی شیعری ئایینی و دڵداری بەكاری هێناوە.

شیعری عاجز لە ڕووی ڕووخسارەوە بریتییە لە پارچە غەزەلی كورت (لیریك) لەسەر بەحری عەرووز و یەكێتیی قافیە و پاش قافیە دامەزراوە. شیعری زۆر نییە بۆیە بەشێكی كەمی لە دەنگەكانی ئەلفوبێی كوردی و عەرەبی بە كارهێناوە، بەم پێیە پاش قافیەشی زۆر نییە. جگە لە غەزەل شیعری بەندی چوارینی و پێنجینی و عەرزووی هەیە (ااا ب) و (اااا ب).

لە شیعری سیلابی خۆماڵیدا بەزۆری بەندی چوارینی (ا ا ا ب) بەکارهێناوە، لە ڕووی کێشەوە بە گشتی لەسەر کێشی حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی، ڕۆیشتووە. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری عاجز لە چوارچێوەی دڵداری شێوەی کلاسیکی و ئایینی (موناجات و نەعتی پێغەمبەر) نەچۆتە دەرەوە. ئەوەی تازە بێ لەلای ئەم شاعیرە ئەوەیە قالبی کێشی شیعری خۆماڵی میللی لەگەڵ شیعری ئایینی گونجاندووە. بەشێکی زۆر لە شیعرە ئایینییەکانی لە ڕووی کێش و قافیە و زمانی شیعرییەوە لەسەر بنچینەی بەیتی ئەدەبی میللی فۆلکلۆری هۆنراونەتەوە. ئەمەی بۆ ئەوە بووە لە ئاهەنگی مەولوودی پێغەمبەر ئەم شیعرانە لە سەر ئاوازی گۆرانییە میللییەکان بخوێندرێنەوە، بە تایبەتی لە ناو کۆمەڵی خەڵکی هەولێر.

عاجز شیعری هەندێ لە شاعیرانی کوردی کردووە بە پێنج خشتەکی لەوانە: (عاسی، مەلا شێخ عومەری بالیسانی، ڕاجی، تاهیر بەگ، وافی).

**نموونەی شیعری :**

لە شیعرێکدا عاجز دەڵێ:

**شۆخەکەی بێ ڕەحم و ئینصاف قاتیلی جانم وەرە**
**باعیثی گومراهی شاهو شێخی صەنعانم وەرە**
**دڵ هەمیشە ئینتزاری لوطف و ئینعامی تووە**
**دەردەمەندی قامەتی تۆم چاو بە گریانم وەرە**
**دڵ وەکو بولبول دەناڵی طالیبی ئاوی گوڵە**
**هەر ئەتۆی پڕ شەنگی ژینم ماهی تابانم وەرە**
**گیان و دڵ بۆ تۆ نەماوە پڕ لە ئاهو حەسرەتە**
**سینە پڕ جۆش و خرۆشە جانی جانانم وەرە**
**دائیمەن وەك صۆفی مەجزوبە بە عیشقی دولبەران**
**تا نەفەوتاوم عەزیزم پێشی فەوتانم وەرە**
**عاشقی وەك من لە بۆ تۆ زەحمەتە پەیدا ببێ**

**چاوەڕێی تۆم زوو لە بۆ بـــاغ و گوڵســـتانم وەرە**
**پایزی هیجرانی تۆ وا ڕەنگی ڕووی زەرد کـردووم**
**هـــەم لەبەر ساردی فیراقت ڕوو لە کێوانم وەرە**
**(عاجــزم) ڕووحی ڕەوانم پڕ لە ئێشە جەرگ و دڵ**
**تۆی طەبیبم زوو لە بۆ دەرمـــانی دەردانـم وەرە**

شیعرێکی ئاسایی دڵدارییە، شاعیر گفتوگۆ لەگەڵ دلبەری خۆشەویستی دەکا، لێی دەپاڕێتەوە. وشەی (وەر)ەی کردووە بە پاش قافیە، بۆ ئەوەی لە هەموو دێڕە شیعرێکدا بڵێ (وەرە تیماری دەردم بکە). لە لیریکەکەدا هەست بە ڕەوانییێك دەکرێ. ئەگەر شاعیر وشەی (تووە)ی لە باتی (تۆیە) و هەندێ وشە و تەعبیری دیکەی لەم بابەتەی بەکارنەهێنایە، کەس نەیدەزانی شاعیر هەولێرییە و دیالێکتی بچووکی شار یا سۆرانی کرمانجی باشووری زمانی کوردی بەکارهێناوە.

لە شیعرێکی دیکەیدا عاجز دەڵێ:

**ئەی صـەنەم تـاکەی بنـاڵم من لە دووری ڕێ وو خـێ**
**بەس بە ناحەق پێم نیشان دە غەین و ڕێ وو بێ وو تێ**
**غوربەتیش یەك جار وەها زوڵمە لە عاشق چاوەکەم**
**مروەتت بێ پێم بفەرموو ڕێ وو حێ وو میـم و تـێ**
**ڕەحمەتت وەصلە لە بۆ من ئەی گوڵـی بـاغی ئیرەم**
**تۆم بەسە هەتتا لە باتی حۆری جـیم و نوون و تـێ**
**جەننەتی من قامەتی سـەروی تووە و گوڵزارەکـــەی**
**پڕ لە نـارنج و لیمـۆیی سـین و یێ وو نوون و هێ**
**سینە پڕ سۆزە لە تاووت وەك سەماوەر وا لە جـۆش**
**وا نەزیـك سووتا نەکەم کە ئەلف و ئەلف و گاف و ڕێ**
**ئاگری عیشـقت لە بۆ من ئەستەمە ئەی دولبـــەرم**
**زێدە گەرمـە مەیلی وەصـلی حێ و سین و نوون و تێ**

حوسنی تۆ بێ شك گەیشتە حەدد و میقداری نیصاب
موستەحەققم بێنە حیصصەی زێ وو كـاف و ئەلف و تێ
بۆ زەكاتی بـــاغ و بیسـتـانی جەمـالت هـاتووم
نامەوێ زیاتر لە حەققی شین و ڕێ وو عــەین و یێ
پڕ خرۆشە دڵ وەكو بولبول لە دەوری غونچـــە گوڵ
جاری دڵ خۆش كە حەبیبم عەین و ئەلف و جیم و زێ (عاجز)

عاجز لەم لیریکەدا خۆی خەریکی گەمەیێکی ڕەوانبێژی کردووە لەسەر دەستووری هەندێ لە شیعری کلاسیکی کۆن. لە نیوە دێڕی دووەمی هەموو دێڕەکان دەنگ و وێنەی هەندێ لە تیپی ئەلفوبێی نووسیوە، لە نیوەی دێڕی یەکەمی هەموو دێڕەکاندا تیپەکانی کۆکردۆتەوە و بوون بە وشەی یەکەمی دێڕی دوای ئەو، واتە دەنگەکانی غەین و ڕێ و بێ و تێ دەبن بە (غربت) (غوربەت)، ڕێ و حێ و میم و تێ دەبن بە (رحمت) (رەحمەت)...

شیعرێکی میللییانەی عاجز بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

ئەی گوڵ ڕوخی زیبایی من
قەد سەروی دڵ ڕوبایی من
مەلحەمی جان شیفایی من
جـارێ نـەزەر كە لایی من

* * *

ڕەحـمـێ بكە بـە بولبـولان
بـۆ دەفعـی ئــازاری دڵان
تووی غونچەیی باغی گوڵان
لای دڵی بـێ نـەوایـی مـن

بەم دێڕانەش کۆتایی پێ دێنێ:

**غەمگین و پڕ لە داغـە دڵ**
**چاو نۆڕە بێ لەو باغە گوڵ**
**کە چونکە شەو چـراغە شل**
**گڵۆپی کەهــــرەبایی مــن**

٭ ٭ ٭

**جەفـا بەسـە وەفـا بکە**
**عاجز بە وەصلت شا بکە**
**لە غەم خۆری ڕەهـا بکە**
**ئەو دڵـی موبتەلایی من**

ئەم شیعرە هەشت بڕ گەییە لە ئەدەبی میللی سەرزاری کوردی یەکێکە لە کێشەکانی شیعری گۆرانی. عاجز ئەم جۆرە شیعرەی تەنیا لە ڕووی ڕوخسارەوە دەستنییشان نەکردووە بەڵکو لە ڕووی ناوەرۆکیش بۆ بابەتی شیعری ئایینی بەکاری هێناوە. ئەم جۆرە شیعرانە ئەوەندە لە ئەدەبی میللییەوە نزیکن ئەگەر ناوی شاعیریان تێدا نەبێ بە گۆرانییێك لە گۆرانییە تازەکان دەژمێررێن کە لە ناو میللەت دروست دەبن و کەس نازانێ خاوەنیان کێیە!.

شیعری ئایینی (موناجات و نەعت)

عاجز قەسیدەییێکی (بەیتێکی) ئایینی درێژ بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

**ئەی سەییدی سـەرداری مـن**
**ئەی مەحرەمی ئەسراری من**
**ئەی ئەحمەدی موختاری من**
**صەڵات لەسەر توو یاری من**

٭ ٭ ٭

مووددێکه هیجر و ماتەمە
تاکەی بمێنیم لەم غەمە
هەر وەکو جاران کۆلەمە
با بەس بێ ئینتزاری من

بەم دێڕانەش کۆتایی پێ دێنێ:

حەمزە و ئەبوبەکری صددیق
فاروق و عوسمانی حەقیق
بە موئمینی دەبوون ڕەفیق
لەگەڵ شێری شکاری من

* * *

(عاجز) فەقیری ئوممەتە
سائیلی بابی ڕەحمەتە
هەر چاوەنۆڕی هیممەتە
بۆ دەفعی ناڵە و زاری من

عاجز ئەم شیعرەی بۆ ستایشی پێغەمبەر داناوە، بەسەرهاتی دەگێڕێتەوە بە پێی سەرچاوەکانی ئایینی ئیسلام و حیکایەتەکانی ئەدەبی میللی سەرزاری عەرەبی و کوردی. بەناوی هەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیبی مامی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدی کۆتایی بە شیعرەکەی دێنێ.

شاعیر لە قەسیدەیێکی ئایینی دیکەیدا لە ستایشی پێغەمبەر بەم دێڕانە دەست پێ دەکا:

تۆ ئەحمەدی موختاری
موقەڕڕەبی غەففاری
شافیعی طوڕڕە داری
لێتبێ سەلامی باری

* * *

**خاکی حیجاز فیدامــه**
**کۆلەی شاو و گەدامه**
**هەتـا ڕۆژی قـیـامه**
**نیـازی دڵمـه یـاری**

بەم دێڕانەش کۆتایی بە شیعرەکەی دێنێ:

**زەمانـــه پڕ جەفـایه**
**هەرچی هەیە بەڵایه**
**فیتنـه لە فیتنـه دایـه**
**لە دێهات و لە شاری**

* * *

**(عاجز) ئەگەرچی خواری**
**لە دەرگەی شـەرمەزاری**
**مەئیووس مەبە لە یاری**
**شافیعته لای غـەففاری**

لەم شیعرەیدا عاجز باس لە هەندێ شەعائیرەکانی حەج و کۆچی پێغەمبەر لە مەککەوە بۆ مەدینە دەکا و لە پێشوازی خەڵکی ئەو شارە دەدوێ و چۆن بە خۆشییەوە بەخێرهاتنی ئەو میوانە گەورەیان کردووە.

مامۆستا مەلا سەید عەبدوڵڵا کوڕی مەلا سەید محەممەدی بەرزنجی ناسراو بە (عاجز)، شاعیرێکی تەمەن کورت بووە، لەبەرئەوە شیعری کەمە. ئەوەی هەیە لە پلەیێکی هونەری دایە ئەدەبی کوردی دەیگرێتە خۆی. مەشقی شیعری عەرووزی و کێشی خۆماڵی هەیە. بایەخی بەشیعری ئایینی و دڵداری داوە. ناوەرۆکی ئەم جۆرە شیعرانەی لەگەڵ هەردوو بابەتە شیعرییەکەی گونجاندووە، واتە لەگەڵ بەحری عەرووز و خۆماڵی، بە تایبەتی ئەو شیعرە ئایینییانەی لەسەر کێشی سیلابی خۆماڵی دایناون. ئەمانە بوون بە بەشێك لە

سامانی ئایینی ئیسلام بە زمانی کوردی، چونکە بە زمانی ئاسانی زۆربەی میللەت نووسراون و لە ئاهەنگی مەولوودی پێغەمبەر بەئاوازی گۆرانی کوردی گۆنیدەکان دەیچڕن.

٢- مێژووی زانایانی کورد، دانراوی مامۆستا (مەلا تاهیر مەلا عبداللە بەحرکەیی)، بەرگی یەکەم، لە لاپەڕە ١٧٨ تاکو ١٨١ کە بە (عبداللە محمد توتمەیی) ناوی بردووە بەم شێوەیە باسی (عاجز)ی کردووە:

سەرەتا وەك زانایەکی ئایینی ژیانی فەقێیەتی نووسیوەتەوە، دواتر هاتووتە سەر ژیانی مەلایەتی و دەرخستنی بەشێك لە خووڕەوشتی عاجز و کۆچی دوایی و بەرهەمەکانی عاجز، دواتر مامۆستا مەلا تاهیر بەحرکەیی سەرگوزشتەیەك لە دەمی مامۆستا مەلا تەیب ی برای لەگەڵ عاجز بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: {کاتێ لە مزگەوتی شێخ مستەفام دەخوێند لە (هەولێر) مەلایان زۆر باسی جوانکاری و شیعری ڕەوانبێژی شیعری سەید عبدالرحیمی (مەولەوی)یان دەکرد، کە دەربارەی میعراجی خۆشەویست (صلی اللە علیە وسلم) دایناوە، کە دەڵێ:

**ڕێی چەند هەزار ساڵ طەی چەند حیجابات**
**زاتــی حــەق، کــەلام، ســوئـاڵ، جەوابـات**
**چــوو، بــوو، دی، وتی، کـریا و، دەریــاوە**
**هــاتــەوە حــەلقــە، هــەر دەلــەریــاوە**

مامۆستا سەید عەبدوڵلا یەکسەر فەرمووی منیش دەتوانم بیکەمە عەرەبی، دواى چەند ڕۆژ هاتەوە، وەری گێڕابوو بەم جۆرە:

**درب کم الفٍ من الأعــوامِ، و كـــم حُجُبـــا بلا ظـــلامِ**
**ربَّه الحقِّ، كلاماً، ســـؤالْ، جوابـــاته بـــدون مَـــلالْ**
**قطع، طوى، رأي، وقـــالَ، وُجُّـــه، ردَّت، رجــــع، آلَ**
**ولماً تسكن حَلْقةُ البـــابِ، والوضوء يجري علـى التـرابِ[١]**

---

(١) ئەم ڕستەیە: (والوضوء يجري على التراب)، ماناکەی لە شیعرەکەی مەولەوی دا نییە، بۆ ڕێکەوتنی کێشەکە لەسەری زیاد کردووە.

لە کۆتایی دا نووسی: (المترجم عبدالله الحسيني البرزنجي)، كتبها في ١٩٦٦/٦/١٥م في مسجد الشيخ مصطفى بأربيل، تبقى تذكره عند الاخ ملا طيب العزيز.

٣- کورتەیەك لە ژیاننامەی زانا ئایینیە کۆچکردووەکانی سەدەی بیستەم لەناو شاری هەولێر، عومەر شێخ لەتیف بەرزنجی، لە لاپەڕە ٣٣١ تاکو ٣٣٦ بەم شێوەیە باسی عاجزی کردووە:

سەرەتا ژیاننامەی عاجزی نووسیوە، دواتر چەند لایەنێکی لە ژیانی باسکردووە، بە هێنانەوەی چەند نمونەیەکی شیعری کۆتایی پێدێنێت.

٤- گۆڤاری دەنگی زانا، مامۆستا محمدی مەلا مستەفا هیرانی، لە لاپەڕە ٥١ تاکو ٥٨ بابەتێکی نووسیوە بە ناونیشانی (باسێك و زانایێك، لە یادی مامۆستا مەلاسەید عبدالله ی - عاجز) تیشکی خستووەتە چەند لایەنێکی ژیانی عاجز.

٥- ڕاپۆرتێك دەربارەی ژیانی مەلا سەید عبدالله، کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان، ئامادەکردنی سەعدی عوسمان.

٦- ڕاپۆرتێك دەربارەی ژیانی مەلا سەید عبدالله، (عاجز) ئامادەکردنی مەلا ئوسامە مەلا عبدالواحد باڵەکی.

٧- گۆڤاری دیمەن، هاوکار عبدالله شێخ وەسانی، لە لاپەڕە ١١٨ تاکو ١٢٠ بابەتێکی نووسیوە بە ناونیشانی (عبدالله محەممەد توتمەیی (عاجز) شاعیرێکی لەبیرکراو)، کە تیشکی خستووەتە سەر ژیانی عاجز و هێنانەوەی چەند دێڕێك لە شیعرەکانی.

٨- گۆڤاری چرای ڕووناکی، لە لاپەڕە ٢١ تاکو ٢٥، جگە لە کورتەیەك لە ژیاننامەی خوالێخۆشبوو، هاوکات تەواوی حەجنامەی کوردی بە کورتی بڵاوکردووەتەوە. کە نامیلکەیەکی عاجزە یەکێکە لە دەستنووسەکانی و مێژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ٢-٤-١٩٦٢ز.

هاوکار عەبدوڵڵا شێخ وەسانی

## خوێندنەوەیەکی کورت
## بۆ شیعرەکانی ( عاجز )

ئەگەرچی لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم بەرە بەرە شیعری بە شێوە کلاسیکی کوردی ڕووی لە کزی کردو شیعری کوردی وەك شیعری نەتەوەکانی دەوروبەر، بەرەو نوێکردنەوە چووو هەوڵی دا قالب و کرۆکی دیکە بە بەر خۆیدا بکات، بۆیە ئەم گۆڕانە هاتە ناو حوجرەی مزگەوتەکانیش، ئەو حوجرانەی کە پێشتر مەڵبەندی سەرەکیی زانایان و شاعیران و ئەدیبانی کورد بوون، ئەگەرچی پاشماوەو دوا تنۆکی ئەم جۆرە شیعرانە پشکی شێری بەر مەلاو زانایان کەوت و ئەوان بە ئاسانی وازیان لەم جۆرە شیعرانە نەهێنا، بەڵام نەشیانتوانی بە تەواوی خۆیان لە گۆڕانکارییەکان بەدوور بگرن. لەم سۆنگەیەوە زۆربەی زۆربەی ئەو زاناو مەلا شاعیرانەی کە کەوتنە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، هەر بە بۆن و بەرامەی کلاسیکیدا هاتنەوە مەیدانی ئەدەبیات، بەڵام مەبەست و شێوازی نووسینیشیان ناکرێ کت و مت وەك شاعیرانی سەد ساڵ پێش خۆیان بخەملێندرێن، هەر لەبەر ئەم قووڵ نەبوونەشە لەناو شیعرییەتی شیعردا، بەلای هەندێ لە ڕەخنەگرانەوە مۆرکی شیعری میللییان پێوە دیاربووە، چونکە نە توانیویانە بە تەواوی لەگەڵ ڕەوتە نوێخوازییەکە مەدار بکەن و نە هەمان شێوازو تەکنیکی شیعری کۆنیشیان گرتبوو.

ئەم سەرەتایە بۆ ئەوەبوو بڵێین عاجز و شاعیرانی هاوشێوەی وەکو (وەداعی و مەلا حوسێن شێخ سەعدی "وافی" و دەشتی و پاکی و مەلا شێخ عومەری بالیسانی و ڕاجی و عاصی و مەلای گەورەی کۆیی و سامی عەوداڵ و جاهید

و بێ بەش و ....هتد کە بەشێکیان لەبەر کەم تەمەنی بووبێ یان نەتوانین بووبێ، دیوانی کامڵی شیعرەکانی خۆیان نەنووسیوە بەوەی وەك شێوەو دەستووری کۆن بە هەموو پیتەکانی عەرەبی سەروای شیعرییان نەبووە، ئەمە وایکردووە کت و مت لاسایی هەمان شێوازو تەکنیکی کلاسیکییانە نەکەنەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کەمتر بایەخیان پێ دراوەو لەناو ڕەخنەی کوردیدا بە تێکەڵییەك لە شیعری میللی خەملێندراون.

بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی ڕەنگە لە پارێزگای هەولێر بە بەراورد لەگەڵ چەند شارێکی تری کوردستاندا کزو لاواز بێتە بەرچاو، ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی لەپشت بووە، بەڵام دەرفەتی ناساندنی ئەم بزووتنەوە پەرش و بڵاوەش لە ئارادا نەبووە، وێڕای ئەوەی هەتا تێپەڕینی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش ناوەندی شاری هەولێرو دەوروبەرەکەی، لە ژانری شیعرەوە زۆربەی زۆری هەر مەلاو پێشەوایانی ئایینی بوونە، کە عاجز وەك دەنگێك لە سەردەمی خۆیدا زیاتر وەك زانا ڕۆڵی بینیوەو وەك شاعیرێك ئاسایی دەرکەوتووە، بۆیە دوای چاپکردنی دیوانەکەی، ناسراوتر بووو وەك شاعیرانی تری هاوشێوەی بە شاعیر پتر ناسێندرا، بۆیە ئەم دەنگە شیعرییانەی لێرەو لەوێ ئەگەر لە کاتی خۆیدا بەرهەمیان ڕوناکی چاپیان دیتبا، یان لە شێوەی دەستەو ڕێکخراوێك دەنگیان خستبا پاڵ دەنگی یەکتر، بە دڵنیاییەوە دەنگی بزووتنەوەی شیعری لە هەولێر گڕەی زیاتر دەبوو و ڕۆڵیشی بۆ هاندانی نەسلی دوای خۆیان بە گوڕتر دەبوو.

مەلا سەید عەبدوڵڵای (عاجز) کەم ژیا، بەڵام بە ئەندازەی ژیانی دەستی دابووە قەڵەم و وەکوو زانایەك چەند بەرهەمێکی نووسیوە، وێڕای کۆمەڵە شیعرەکەی، کە پێمان وایە شیعر لای ئەو ئامانج نەبووەو ئەو خۆی بۆ شاعیری یەکلانەکردبووە، بەڵکو شیعر ئامرازێك بووە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی ناخی، لەبەر هەندێش لە دەستخەتێکدا کە نامەیەکە بۆ هاوڕێیەکی خۆی ئاماژە بەوە دەدا کە ماوەیەکە خولقی لە شیعردانان کەم بۆتەوە، هەر بۆیەشە لە ڕووی بابەتەوە شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی واقیع و هەڵوێست و هەست و سۆزەکانییەتی و وەك و

زانایەك چەند بە ئەندازەی شیعرەکانی، ئەسپی خۆی لە بواری دیکەی نووسیندا تاوداوە، کە مخابن هێشتا ئەم بەرهەمانەی ڕوناکی چاپیان نەدیوە. لەبەرئەوەشە شیعرەکانی عاجز بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی دیکە، تایبەتمەندی خۆی هەیەو نەیویستووە لە هەموو بوارەکاندا شیعر ڕەنگرێژ بکا، بەڵکو ڕاستگۆیانە شیعر ناخی ئەوی نووسیوەتەوە نەك بە پێچەوانەوە. لەبەر هەندێش لە ڕووی هەندێ تەکنیکەوە، گوێی بە قالب و شێوازە سەرنجڕاکێشەکان نەداوەو نەیویستووە زۆر لە خۆی بکات، بەڵکو بە ڕەوانی ئەوەی لە دڵی دابووە دەریبڕیوە، یان هەندێ جار پێویستی (نامەنووسین) وایکردووە کە نامەی شیعری بنووسێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەندازەی خۆی جوانکاری و سیماو ڕەونەقێکی ڕەنگینی لەناو شیعرەکاندا ئاخنیوە.

## کێشی شیعرەکانی عاجز :

زۆربەی زۆری شیعرە کوردییەکانی عاجز، پەیڕەوی کێشی عەرووزی عەرەبییان کردووە، بەڵام ناتەواوییەکیش لەناو دێرەکان هەست پێدەکرێ، بەوەی عاجز نەیتوانیوە کت و مت یاساو ڕێساکانی عەرووز پەیڕەو بکا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە عاجز پتر بە ئاوازی گوێ، شیعرەکانی نووسیوەو وەکوو زانستی عەرووز ڕەچاوی نەکردووە، هەر لەبەر ئەوەشە گۆڕانێکی زۆری زیحاف و عیللە لەناو کێشەکاندا دەبینرێ. بەڵام بۆ پتر بەرچاوڕوونی لە ڕامانمان بۆ ئەو شیعرانەی کە سێبەری عەرووزییان لەسەرە، گەیشتینە ئەم بۆچوونە:

١- شیعری (ئەی سەییدی سەرداری من) کە بەناوبانگترین شیعری عاجزەو لە کۆڕی مەولوودو بۆنە ئاینییەکان دەخوێندرێتەوە، دەشێ شیعرەکە بەم شێوەیەی خوارەوەش بنووسرێ:

**ئەی سەییدی سەرداری من ئەی مەحرەمی ئەسراری من**
**ئەی ئەحمەدی موختاری من صەلات لەسەر تۆ یاری من**

یـان شـیعری:

**ئەی گوڵڕوخی زیبایی من قەد سەروی دڵ ڕوبایی من**
**مەلحـەمی جان شیفایی مـن جـاریٚ نەزەرکە لایی من**

یـان شـیعری:

**برای شیرین و بولوەفا صاحێبی صیدق و هەم صەفا**
**گەیشتە دەستم کاغەزت بۆ دەردی دڵ بوو بە شیفا**

کە لە ڕووی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و تایبەتمەندییەکانی هونەری سەرواسازی شیعریدا، ئەم شیعرە بەم تەرزە نووسینەی سەرەوە، کەرتکردن (تەشتیر)ی پیٚ دەگوتریٚ، ئەگەر تۆپۆگرافیای شیعرەکە بەم شێوەیەی سەرەوە بیٚ، ئەوا شیعرەکە دەچێتە سەر قالبی (رەجەزی هەشتی تەواو مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن)،ئەگەر بە شێوەی دیوانەکەش بیٚ و کرابێتە دوو نیوەدێر، ئەوا کێشەکەی دەبێتە ڕەجەزی چواری تەواو. سرووشتی ئەم قالبە کێشەش وایە، خێرایەو ئاوازێکی بەپەلە لە قورگی مرۆڤ دێنێتەدەرەوە، هەر ئەمەش وایکردووە لەناو کۆڕی مەولوودخوێنانەوە کەم وایە بە غەمباری و ئاوازێکی هێواش بخوێندرێتەوە، بەڵکو شێوەیەکی گورج و خێرای پێوە دیارە.

٢- شیعری (تۆ ئەحمەدی موختاری) کێشەکەی زیاتر بەرەو لای کێشی خۆماڵی و فۆلکلۆری کوردی دەڕوات، کە کێشی (٧ بڕگەیی) یەو زیاتر لە ڕووی ئاوازەوە بە (٤+٣) دابەش دەبیٚ.

٣- شیعری (دلبەرم دیسان دەڕێژی) و (یار بە حەلقەی زولف و پەرچەم) کێشەکەی بریتییە لە (رەمەلی هەشتی مەقسور-فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان) بۆ هەر نیوەدێرێك.

٤- هەرسیٚ شیعری (چەند ڕۆژە لەبەر فیکری تۆ داماوە) و (چەند ساڵە دڵم پڕ خەفەت و زار و ئەلیما ) و (چەند موددەیە دڵ پڕ خەتەرو مات و) لەسەر

کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوفن(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن).

٥- شیعری (لە سایەی قامەتی سەروی ئیستغنای لە سێبەر بوو) هەروەها (لە عیشقی چاوی غەممازی غەزەل خوانی نەکەم چبکەم) و شیعری (لە بەزم و ڕەزمی ئەم دەورە کە عالەم هەندە بێ باکا) و شیعری (بە عیشقی ڕووی گوڵی یاران موتیعی موغبەچەی کردین) لەسەر کێشی (هەزەجی هەشتی تەواو / مەقسوور) مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن (مفاعیلان) ن.

٦- شیعری (ئەی خەستە تەن و بێ کەس و موئنیسی خەتەر خۆم) و (ڕوویی تو لە جیهەت حوسن دە تەعنی لە قەمەردا) لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسوور و مەحزووفن (مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان/ فعولن)

٧- شیعری (شۆخەکەی بێ ڕەحم و ئینصاف قاتیلی جانم وەرە) و (ئەی صەنەم تاکەی بناڵم من لە دووری ڕێ وو خێ) و شیعری (لەشکری بێ مروەتی غەم وا لەسەر ڕێمە یەقین) و (جەژنی قوربانە بە قوربان سەییدی دونیاوو دین) و شیعری (دیل و پابەندی جەهالەت غافڵ و شێتانە خۆم ) و شیعری (من لەبەر مەکری حەبیبم بوومە سەودایی زەمین) شیعری (باوکی صدیق و حسام لە دوای صلاح ڕۆڵەی سەلیم) و(یار بە شوعلەی شەو چراخان قەصدی سوتانم دەکا) هەموویان لەسەر کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزووف یان مەقسوورن، کە پێوەرەکەی بەم شێوەیە: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن( فاعلان).

لە تەواوی ئەو شیعرانەی کە بە ڕوونی دیارە کێشی عەرووزی تێدا بەکارهاتووە، تێبینی ئەوە دەکرێ، کە شاعیر وێڕای زانینی زانستی عەرووز، بەلام تەواو بایەخی بە بەکارهێنانی زانستەکە نەداوە، بۆیە ڕەنگە هەندێ جار لە دێڕێکی ناو غەزەلێك یان چوارخشتەکی و پێنجخشتەکییەك لەنگییەك هەبێ یان سەرپێچییەکی یاسا عەرووزییەکەی تێدابێ، چونکە عاجز زیاتر بە کاریگەری ئاوازەکەوە کێشەکەی دارشتووە، نەوەك بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانەکانی زیحاف

و عیللە، بۆیە ئەو ئامارە گشتییەی ئێمە دێری یەکەمی ڕەچاوکردووە بە فەرامۆشکردنی ئەو گۆڕانانەی کە ناو بەناو کێشەکە تێك دەدەن.

لەلایەکی تر لە هەندێك شیعردا هێندە پابەندی کێشی شیعرەکە بووە، وایکردووە کە پەنا بۆ هونەری (تەدویر) ببا، بەوەی کە لەبەر پێویستی کێش بەشێکی وشەیەکی لە نیوەدێری یەکەم (سەدر)ەوە بۆ سەرەتای نیوەدێری دووەم (عەجز) بردووە، ئەمەش نیشاندەری پابەندبوونە بە بنەمای کێش و جوانکردنی شێوەی شیعریشە بە پشتبەستن بە هونەرێکی ڕەوانبێژی، هەر وەك دەڵێ:

**عادەتی جەژنانە گەرچی زیارەتە لاکین هەزار**
**جار قوڕی دونیا بەسەر من دوورە لێم ڕەوزەی ئەمین**

دەبینین لەم دێرەدا، دەربڕینی هەزار جار ئەگەرچی یەك وشەش نییە، بەڵام لە نیوەدێرەکەدا خوێنەر چاوەڕێی ئەوە دەکا وشەی (جار) هەر لەگەڵ وشەی (هەزار) هاتبا، بەڵام پێویستیی کێش وایکردووە شاعیر بیخاتە سەرەتای نیوەدێری دووەم و بەم شێوەیەش لەلایەك کێشەکەی پاراستووەو لەلایەکی تریش هونەری تەدویری داهێناوە.

هەرچی کێشی شیعرە عەرەبییەکانی (عاجز)ە، ئەوا لە کۆی (٢١) شیعر، شیعرێکیان نەبێ، ئەگەرنا هەموویان بە کێشی عەرووزی نووسراون، ئەگەرچی وەك تایبەتمەندییەکی شیعرە عەرەبییەکانی شاعیرانی کورد، کت و مت لاسایی عەرووزی عەرەبییان نەکردۆتەوە، بەڵکو هەر لە بنچینەدا زۆربەی شاعیرانی کورد عەرووزیان لە شاعیرانی فارس وەرگرتووە و فارسەکانیش لە عارەبانییان وەرگرتووە، ئەگەرچی لە وەرگرتنەکەدا دەستکاری کردن هەبووە و هەر نەتەوەیە بە گوێرەی حەزو گونجانی خۆی لەگەڵ کێشەکان گونجاندووە، جا لێرەدا جیاوازی لە بەحرە عەرووزییەکە ڕوودەدات و هەندێ جۆری کێشەکە لە عەرەبی نین و لە کوردیدا هەن، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە شاعیرە کوردەکە بە هەوای کێشی شیعرە کوردییەکە، شیعرە عەرەبییەکەی نووسیوەو لەمەشدا لە رووی کێشەوە پەیڕەوی کێشە کوردییەکە دەکات. بۆ نموونە کێشی هەزەجی

شەشی مەحزووف لە عەرەبیدا نییە، ئەو شیعرە عەرەبییەی کە ئێمە پێمان وایە هەزەجی شەشی مەحزووفە، لای عارەبان بە وافیری مەقتووف کێش دەکرێ، لەبەرئەوە ئێمە پێمان وایە ئەگەر هەزەجە شەشییەکە لە عەرەبیش نەبێ، بەڵام شاعیرمان بە هەواو ئاوازی کێشە کوردییەکە شیعرە عەرەبییەکەی نووسیوە. هەر بۆیەش زۆرترین شیعرە عەرەبییەکانی بە هەمان جۆری زیحاف و عیللەی کێشە کوردییەکان نووسراون و ئێمە لە پاڵ هەر شیعرێك، کێشەکەمان نووسیوە. بەڵام ئایشارینەوە کە شاعیر وەك بەشێك لە شیعرە کوردییەکان لە سەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی، هەندێ جار پابەندی کێشەکە نەبووە و لای ئەو زیاتر بە هەناسەی ئاواز و مۆسیقای شیعرەکانەوە، شیعرەکان دەربڕدراون و کت و مت کێشەکە بە بێ گۆڕانکاری بەکارنەهاتووە.

## سەرواى شیعرەكانى عاجز :

لە رووی پێکهاتەی سەرواوە، شیعرەکانی عاجز چەند بەشێکن:

شیعرەکانی (ئەی سەییدی سەرداری من) و (تۆ ئەحمەدی موختاری) و (چەند رۆژە لەبەر فیکری تۆ داماوە دڵی من) و (ئەی گوڵرۆخی زیبایی من)، زێتر بە شێوە باوەکەی چوارین (أ أ أ ب) نوسراوە و سەرواکە لەو چوارچێوەیەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

بەگشتی ئەو پیتانەشی سەروای سەرەکیی شیعرەکانیان پێکهێناوە بریتین لە:

پیتی (ب) کە بۆتە ڕەوی و پێش ڕەوییەکەی (ا)یە. لە شیعری (دلبەرم دیسان دەڕێژێ خوێن لە جەرگم بێ حیساب)

پیتی (ر) لە سەروای (جەڕاری دەکا) ی پێنجینەدا بۆتە ڕەوی و پاش ڕەوییەکەی بریتییە لە پیتی (ی) و پاش سەرواکەشی وشەی (دەکا)یەو ئەمەش لە شیعری (یار بە حەلقەی زولف و پەرچەم) دایە.

پیتی (ا) بۆتە ڕەوی لە سەروای (داماوە دڵی من) پاش ڕەوییەکەشی (وە) یە و دەربڕینی (دڵی من)یش بۆتە پاش سەروا، ئەمەش لە چوارخشتەکی ( چەند ڕۆژە لەبەر فیکری تۆ ) دایە.

پیتی (ر) بۆتە ڕەوی و پێش ڕەوییەکەی (ە) ەو پاش سەرواکەشی وشەی (بوو)ە، ئەمەش لە پێنج خشتەکی (لە سایەی قامەتی سەروی) دایە.

پیتی بزوینی (ە) ئەگەرچی بە ناتەواوی بەکارهاتووە، بەڵام بۆتە پیتی ڕەوی سەروای پێنج خشتەکییەك تەرجیعبەندێك کە دوای هەموو کۆپلەیەك (ئەی خوایە چلۆن حالەتی من شێوەن و شینە)ی دووبارەبۆتەوە، ئەگەرچی وەك پیتی ڕەوی بە دروستی بەکارنەهێنراوە، بەڵام لە چوارچێوەی سەروایەکی ناتەواودا جێی بۆتەوە.

پیتی (ر) بۆتە ڕەویی چوارخشتەکییەك کە پێش ڕەوییەکەی (ە) ەو پاش سەروای (خۆم)ی بەدواداهاتووە، ئەمەش لە شیعری (ئەی خەستە تەن و بێ..) دایە.

پیتی (ن) بۆتە ڕەوی و پێش ڕەوییەکەی (ا)ەو پاش ڕەویەکەی (م)ەو پاش سەرواکەشی (وەرەیە)ە ئەمەش لە شیعری (شۆخەکەی بێ ڕەحم و ئینساف قاتیلی جانم وەرە) دایە.

پیتی (ێ) بۆتە ڕەوی و لە هەمانکاتدا وشەی سەروای لەسەر وەستاوەو سەرواکە تەنیا ئەم دەنگەیە، ئەمەش لە شیعری (ئەی سەنەم تاکەی بناڵم ..) دایە.

پیتی (ن) بۆتە ڕەوی و پێش ڕەویەکەی (ا) و پاش ڕەویەکەی (ی)ەو پاش سەرواکەی هاوشێوەی شیعری سافی هیرانی دوو ڕستەیە بریتییە لە (نەکەم چبکەم) ئەمەش لە شیعری (لە عیشقی چاوی غەممازی) دایە.

پیتی (ن) بۆتە ڕەوی و پێش ڕەوییەکەی پیتی (ی)ەو ئەمەش لە هەردوو شیعری (لەشکری بێ مروەتی)و شیعری (جەژنی قوربانە بە قوربانی ) دایە.

پیتی (ر) ڕەوییەو پێش ڕەوییەکە (ا) و پاش ڕەوییەکە (ی) یە. ئەمەش لە شیعری (قەسەم بە خاڵی هیندووت) دایە.

پیتی (ا) ڕەوییەو پێش ڕەوییەکەی پیتی (ف)ە ئەمەش لە شیعری (برای شیرین و بولوەفا)دایە.

پیتی (ن) ڕەوییەو پێش ڕەوییەکەی (ا)و پاش ڕەوییەکەی (ە)، ئەگەرچی ئەمە لە هەموو نیوەدێڕەکاندا بە چاکی بەکارنەهاتووە، بەڵام پاش سەرواکەی (خۆم)ە، ئەمەش لە پێنج خشتەکی (دیل و پابەندی) دایە. هەروەها پێنج خشتەکییەکانی تریش کە لەسەر شیعری شاعیران داینراون سەرواکانیان بە شێوەی (أ أ أ أ ب )ە.

پیتی (م) بۆتە ڕەوی لە وشەی سەروای (سەلیم)، کە پێش ڕەوییەکەی پیتی (ی)ە.

دوای سەرنجدانی تەواوی سەروای شیعرەکان، دەرکەوت پیتی (ن) و (ر) زیاتر بوونەتە (ڕەوی) لە پاڵ چەند پیتێکی تر، کە تەواوی دیوانەکەیان پێکهێناوە.

## عاجزو هونەرەکانی ڕەوانبێژی :

ئەگەرچی هونەرەکانی ڕەوانبێژی پێش زانستی ڕەوانبێژی دەرکەوتوون، لە هەمان کاتدا بۆ بەهێزبوونی زمانی شیعری و شیعرییەتی دەق گرنگییەکی زۆریان هەیە، لەبەرئەوە هەر لە سەرەتاوە لەناو ئەدەبیاتی کوردیشدا بایەخی زۆری پێدراوەو دواتر وەك پێوەرێك حسێبی ئەوەی لەگەڵ کراوە، کە هەر دەقێك ڕێژەی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێدا زۆرتر بەکارهاتبێ، ئەوا دەقەکە بە دەقێکی بەهێز دەخەمڵێندرێ. کە قسەش دێتە سەر شیعرەکانی عاجز ڕەنگە لە دەروازەیەکی دیکەوە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بدوێین، ئەویش ئەوەیە هەندێ دەقی شیعری هەیە بێ ئەوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی زۆر تێدا بەکاربێ، هەست

بە شیعرییەتی شیعرەکە دەکرێ، ئەمەش لەو هەستە قووڵەیە، کە دەقەکەی پێ بارگاوی بووە. لەوەدا ئەگەر بەگشتی شیعرەکانی عاجز زۆریش هونەرکاری و وەستاکاری تێدانەکرابێ، بەڵام ئەو هەستە خەست و پاکەی کە خوێنەر زوو هەستی پێ دەکا، تایبەتمەندییەکی دیکەی بە شیعرەکانی (عاجز) داوە.

ئەو وەستاکارییەشی کە ناو بەناو وەك دەمارێك بەنا دەقە شیعرییەکاندا ڕەت دەبێ، لەلای عاجز هەست بەوە دەکرێ، لەکاتی بەکارهێناندا وێڕای بەهرەو هەست و سۆزەکە، سەلیقەیەکیش هەیە کە دەقەکەی جوانتر کردووە. ئەگەر بە پێوەری جوانکاری وەك زانستێك لەناو ڕەوانبێژیدا تەماشا بکەین، ئەوا دەبینین زۆربەی زۆری هونەرەکان بەکارهێنراون، بەڵام ڕێژەکە لە شیعرێك بۆ شیعرێکی تر دەگۆڕێ، گرنگ ئەوەیە وەك قالبی بەکارهێنانی شیعری کلاسیك ئەم بابەتە فەرامۆش نەکراوە، کە دەتوانین لێرەدا قامك بۆ چەند لایەنێك ڕابکێشین:

بۆ وێنە ئەگەر پاتکردنەوەی دەنگ، وشە، گرێ، ڕستە، دەمارە وردەکانی شیعرییەتی دەق بن و ڕیتمی مۆسیقایی دەق بەهێز بکەن و لە هەمان کاتدا دەربڕی سەلیقەو لێزانی شاعیر بن، ئەوا خوێنەر لە ئاست دێرێکی وەك:

**هەتا دەمری لە شوکری شەکری لەشکر کەش بە ئەی قومری**
**بە صەبری شوکری ئەمری عوسری ئـاخیر هەر دەبێ یوسـری**

ناتوانێ خۆی ببوێرێ، لە پاتکردنەوەی دەنگی (ش) و (ك) لە وشەکانی شوکری و شەکری و لەشکرکەش و هەروەها دەنگی (س) و (ی) لە وشەکانی سەبری و عوسری و یوسری، کە لە هەندێکیاندا وێڕای هونەری ڕەگەزدۆزی نەخشەسازییەکی سەرنجڕاکێشیش لە پاتکردنەوەکاندا دەبینرێ. ئەمەش بایەخپێدانی شاعیرە بە زمان و گرنگیدانیەتی بە چۆنیەتی چنینی دێرەکان. جا ئەمە نمونەی خەروارێکەو چەندین دێری تری لەم شێوە چنینەدا وەك ئەم نموونانەی خوارەوە لەناو دیوانەکەدا هەن:

**کە کافی و شافیەو وافی صەفایە بۆ دڵی موفتەر**

یـــــان:

ئەخۆشی و جۆشی ڕووپۆشی دەماغ و هۆشی تێکداوە
بە مەیلی مەیلی لەیلی مائیلە مەیلی بە گشت لاوە

ئەگەر هونەری تیل نیشان و تێکهەڵکێش بە نموونە وەربگرین، ئەوا گومانی تێدا نییە کەسایەتییەکی وەك عاجز، کە مامۆستایەکی ئایینی و پێشەواو زانایەکی سەردەمی خۆی بووەو زۆر لە ئایەت و فەرموودەی تێکهەڵکێشی ناو دەقەکانی خۆی کردووە، ئەگەر بواری ئەوەیشی نەبوبێ هەق بدا بە تێکهەڵکێش ئەوا لە چوارچێوەی تیلنیشاندا کە تەنیا ئاماژەکردنە بۆ ڕوداوێکی مێژوویی یان ئایەتێك یان حەدیسێك یان ....هتد چنینی دەقەکەی بەهێزتر کردووە، لەو چوارچێوەیەشدا لەنێوان تیلنیشان و ڕەمزەکەلەپوورییەکاندا هاویەکییەکی سازاندووە، بەوەی ڕەمزە کەلەپوورییەکانی وەك تیلنیشان و ڕەمزی نەتەوەیی و کەلەپووری خستوونیەتە خزمەتی دەقە ئەدەبییەکەی خۆی. بۆ وێنە لەو سەردەمەی شاعیر تێیدابوو و لەو مەقامەی ئەو تێیدا بوو وەك زانایەك و لەنێو ئەو شیعرە ئایینییە بەهێزانەی کە لەنێو شیعرە ئایینییەکانی شاعیرەکانی تردا. شیعری عاجز جیگایەکی گەورەی هەبووە، کەچی بە تێگەیشتنییە دڵدارییە ڕاستەقینەکەو بە مەزراندنی ڕەمزە مێژوویی و چنین لەناو تیلنیشاندا (مەم و زین) دەکاتە بارگاویکردنی دەقە شیعرییەکەی و ڕۆحێکی دیکە بە دەربڕینەکەی دەدات:

کە ڕێگەت ظـاهـیرە ئاخیر لە خاطیر مەینەسەر سـتـری
دەزانی خوێنی زین و مەم لەبەرچی بوو موهەددەر بوو
حەقیقەت گەر حەقیقەت بێ طەریقەت حەققە ئەی دوڵبەر
کە کافـی و شـافیـەو وافـی صـەفایە بۆ دڵی مـوفـتەر

یان: لەیل و مەجنوون وەك دوو ڕەمزی گەورەی ڕۆژهەڵات دەخاتە خزمەتی چنینی دەقەکەی و دەڵێ:

وەرە عاجز لە دەورانی فەلەك بەس شینء شـەكوا كە
هـەتـا ماوی بـە عیشـقی یار لە جـان و دڵ تەبـەڕاكە
مەناڵێنە وەكو مەجنوون خۆت هیلاكی زەخمی لەیلاكە

تەریقەتی عیشقی ڕاستەقینەو بە وێنەی عیشقی مەحوی و شاعیرە سۆفییەكانی پێشووتر، عاجز دەخاتە سەر بڕوای ئەوان كە عیشقی ڕاستەقینە لە عیشقە ئیلاهییەكەدایەو لەنێو دونیایەكی فانیدا ناشێ تا عیشقێكی ئەبەدی هەبێ، بە فەنابوونەوە خەریك بێ، بەڵكو فەنابوون ببێتە وەسیلەی گەیشتن بە ئەبەدییەتی عیشقی ڕاستەقینە، لەوەشدا بە هەناسەی ڕەمزە مێژوویی و كەلەپوورییەكان ئەم ڕوانینەی خۆی بەهێزكردووە.

لە ڕوانگە ڕوونبێژییەكەوە ئەگەر لەم دیوانە بڕوانین، ئەوا لە سەرەتاییترین و سەرەكیترین بنەمای ڕوونبێژی كە لێكچواندنە ڕامێنین، كە ئەمەش لە شوێنی خۆیدا بنەمای سازاندنی شیعرییەتی دەقە، ئەوا ئەگەرچی لە شیعرە موناجاتییەكانی وەك (ئەی سەییدی سەرداری من و تۆی ئەحمەدی موختاری ) دا، جا لەبەر ناوەڕۆك ڕوداوو وەسف و حالەتە ڕۆحییەكەدا بواری لێكچواندنێكی بەهێز نەبووە وەك پێویست لە چنیندا، یان لەبەر هەڵكەوتەی كورتی نیوەدێڕەكان كە ئەگەر بە شێوەی چوارین بیخەملێنین هەر لەتی لە هەشت بڕگە تێنەپەڕیوە، ئەوا لە شیعرە پێنج خشتەكی و چوارخشتەكی و تەخمیسی سەر شاعیرانی تردا هەموو جۆرە وێنەكانی لێكچواندن دەبینین، لەوەی سادەترینیان كە چوار بنەڕەت بێ لە وێنەی:

دڵ وەكو بولبـول دەنـاڵی طالیبی ئـاوی گـوڵە
هەر ئەتۆی پر شەنگی ژینم ماهی تابانم وەرە

تا دەگاتە لێكچواندنی بەهێز بەهۆی یائی ئیزافەوە لە وێنەی:

پایزی هیجرانی تۆ وا ڕەنگی ڕووی زەرد كردووم
هەم لەبەر ساردی فـیراقت ڕوو لە كێوانـم وەرە

که ئەم شێوە بەهێزییە لەناو هونەرەکانی جوانکاری وەك و بەرامبەری و پێچ و پەخش و دژیەکیشدا خۆی دەگرخێنێ و دەبێتە هێزێکی تر لەناو چنینی دەقی شیعریدا، کە دەرخەری شارەزایی و ئاگاداری شاعیرە بۆ هونەرەکانی رەوانبێژی.

لەم کورتە خوێندنەوەیەدا ناتوانین پەنجە بۆ هەموو هونەرەکانی رەوانبێژی لەناو دیوانی عاجزدا راکێشین، بەڵام بەگشتی عاجز وێڕای لاساییکردنەوەی شاعیرانی پێش خۆی بۆ هونەرەکانی رەوانبێژی، بەڵام ئەم هونەرانەی بە جوانی و بە شێوەیەکی وەستایانە خستۆتە خزمەتی ئەو موناجاتە رۆحی و ئەو دەربڕینە پڕ لە هەستەی کە لە چوارچێوەی شیعری ئایینی و غەزەل و قالبەکانی تردا خۆی بەرجەستەکردووە.

## ناوەرۆکی شیعرەکانی عاجز :

هەرچی بابەتی ئایینییە، ناوەرۆکی بەشی زۆری شیعرەکانی پێکهێناوە، بەتەواوی لق و پۆپەکانییەوە، وەك ستایشی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، موناجات و پاڕانەوە، سەرزەنشتی نەفس، ئەگەرچی لە هەندێکیاندا وەك نەریتە کلاسیکییەکە بە ڕوخسار دڵداری و بە ناوەڕۆك ئایینی و سۆفییانە شیعرەکەی چنیوە، بەڵام بەدەر لە لاساییکردنەوەی شیعرە ئایینیەکانی شاعیرانی پێش خۆی، بەتایبەتمەندییە ئەوینداریبەکەی بۆ پێغەمبەر، چوارچێوەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دروستکردووەو نەیتوانیوە لە هەست و سۆز خۆی ببوێرێ و ئەم هەست و سۆزە وای لێکردووە لەگەڵ دەروونی ڕاستگۆ بێ و گوێ بە قالبە کلاسیکییەکە نەدات و دەقێکی وەك ئەی سەییدی سەرداری من و تۆی ئەحمەدی موختاری بهۆنێتەوە، کە گوایە ئەوەی یەکەمیان لە ڕێگای حەج بووەو کاتێ فڕۆکەکە گرفتی بۆ دروست دەبێ، لە شەوقی نزیکبوونەوەی لە خاکی مەدینەدا، ئەم دەقە دەڵێ و ڕێگاکە بێ گرفت دەبڕن و تا ئێستاش وەك سروودێك بۆ بۆنە ئایینییەکان بەتاسەوەو بە سۆزو هەستێکی دڵ ڕاچڵەکێنەر

دەگوترێتەوەو خوێنەر هەست بەقوڵایی ڕۆح و هەستی شاعیر دەکات کە ئاخۆ لە چ کەشێکی ڕۆحیدا ئەم ستایشنامەیەی بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نووسیبێ؟!

لەلایەکی تر بەشێکی دیکە، کە دیوانەکەی پێکهێناوە، بریتییە لە کاریگەربون بە شاعیرانی تر و لەسەر شێوەی شیعری ئەوان هاتووە پێنج خشتەکی و چوارخشتەکی نووسیوەو ئەمەش لەبەر هەوای کاریگەرییەکە ناوەڕۆکەکەش لە هی ئەوان نزیك بووە، بە زۆریش لەوەدا یان سەرزەنشتی نەفسە، یان موناجات و یاخود ستایشی پێغەمبەرە بە بەکارهێنانی چنینی دڵداریی دونیاییانە. لەبەرئەوە ناوەڕۆکەکە بە پێی کەشە کلاسیکییەکە ناوەڕۆکێکی لاساییکەرەوەیە.

دەمێنێتەوە نامەی شیعری کە پێمان وایە بەشێك لەو نامانە فەوتاون، چونکە مادەم وەڵامی نامە لەلایەن شاعیرو زانای تری هاوسەردەمی خۆی هەبن کە بۆ عاجز نووسراون، دیارە هەر ئەوەندە ماونەتەوە، کە لە دیوانەکە ڕووبەرێکی بچووکی گرتووە، ئەوەندە هەیە دەکرێ بڵێین عاجز لەوەشدا ئەم جۆرە هونەرەی بەکارهێناوە، ئەگەرچی پتر مەبەستی گەیاندنی ناوەڕۆکی نامەکە بووە، بۆیە کەمتر جوانکاری و وەستاکارییانەی تێدا بەکارهێناوە، بەڵکو زێتر هەست و سۆز خۆی نیشان دەداو تاسەی دووری و دەردی دڵ زیاتر لەناو نامە شیعرییەکەدا خۆی نیشان دەدا، کە لەناو قالبە هونەرییەکەدا بە لای میللی بوون دەشکێتەوەو لەو ڕوانگەوەش چەند دەقێك کە نامەش نین بەڵام وەسفێکی میللیان پێوەدیارەو لە سەر شێوازی فۆلکلۆری ئاوازو ناوەڕۆکەکەیان چنراون.

هەرچی شیعرە عەرەبییەکانی (عاجز)ە، ئەوا لە رووی ناوەڕۆکەوە، پتر خۆشەویستی پێغەمبەرو بنەمای ئایینی لەخۆدەگرن، تەنانەت هاوتای شیعرە کوردییەکانی موناجاتی تێدایەو هەست و سۆزی خۆی بۆ پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەربڕیوە ئەو کاتەی لە ڕێگا یان لە مەدینە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لە قەرەی ناوەڕۆك و شێوازێکی بەهێزیش داوە کە خۆی لە چوارخشتەکی و پێنج خشتەکی بینیوەتەوە لەسەر شیعری شاعیران، بەتایبەتیش شاعیران و

زانایانی وەك ئیبن و لفارز و بێتووشی و شافیعی و بوصیری و ....، هەروەها جگە لەمەش شیعرێکی لە فارسییەوە کردۆتە عەرەبی و کۆپلەیەکی شیعری مەلا عەبدولرەحیمی (مەولەوی) بە هەمان کێشەوە وەرگێڕاوە، کە چنینەکەی زۆر سەرنجڕاکێشە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ موناسەبات شیعرێکی لەبارەی دروستکردنی مزگەوتی حاجی بەکر بە کوردی و بە عەرەبی نووسیوە.

## کەرەستەکانی ستایشی ئافرەت لەنێوان شیعری دڵداری و ئایینی دا:

ناکرێ نکوڵی لەوە بکەین، کە شیعری بە شێوە کلاسیکی کوردی، بە لاسایی شیعری فارسی و گەلانی ڕۆژهەڵات، بۆ سازاندنی عیشقە ئیلاهییەکە پەنایان بۆ کەرەستەی خۆشەویستی دونیایی بردوەو لە چوارچێوەی چەمکە ئیستێتیك و جوانییەکاندا باشترین کەرەستە بۆ جوانکردنی دەق، پەنابردن بووە بۆ کەرەستەی جوانی ئافرەت وەك جوانترین بوونەوەر لەسەر زەوی، بەم شێوەیە شاعیرانی سۆفی مەشرەب چەندین وشەی وایان بەکارهێناوە، کە خوێنەری سادە یەکسەر وا دەزانێ ئەم دەقە بۆ ئافرەت گوتراوە، لە ڕاستیشدا ئەمانە کەرەستە بوونە بۆ جوانی و جەمالێکی دیکە کە خۆی لە (خوای گەورە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ڕابەری تەریقەت، هاوڕێ، هەندێ جاریش دەشێ ئافرەتێك بە نموونە وەرگیرابێ، دەبینێتەوە، تا لە عیشق و جوانی بونەوەرێکی سەرزەوییەوە بەرەو عیشقی ڕاستەقینە هەنگاو بنرێ. کەرەستەکانیش وەك: زولف، ئەبرۆ، شۆخ، چاوو خەددو گەردەن، پەرچەم، ئیشارەت، کوڵم، چاوی غەمماز، خاڵی هیندوو، خاڵی کوڵمە، نەگریجە، دوو لیمۆ لەسەر سینە، خەددو خاڵ، گۆشەی چاوی جادوو، چاوباز، پڕ لەناز، ڕوومەت گوڵی بەهاری، لەعلی لێو، تیری موژگان، شۆخی نازەنین، ساقی، شەڕاب، مەی، مەیخانە، ....هتد ئەمانە هەر هەموویان لەناو سیاقەکانی شیعری عاجزدا وەك زۆربەی شیعری شاعیرانی کلاسیك ڕەمزی سۆفییانەن ، لەلایەك لاساییکردنەوەی شاعیرانی پێش خۆیانن لە ڕابەرانی سۆفیگەری، لەلایەکی تر بەکارهێنانی کەرەستەی دڵداریی مەجازییانەیە بۆ عیشقێکی حەقیقی، کە ئاوات و هیوای

ئەم زاناو شاعیرە ئایین پەروەرانە بووە و بە کردەوە لە ژیانیاندا سەلماندوویانە و لەتا دەقی شیعریشدا وەك پەیڕەوکردنی بنەمای شیعری ئەمانەیان کردۆتە کەرەستە بۆ ئامانجێکی گەورەتر، کە لە باتین و ناواخندا خۆی بەرجەستەکردووە و خۆی لە ڕووکار و زاهیری حەقیقی دوورگرتووە و لە چوارچێوەی وەسفی بەکارهاتووی عیشقی زەمینییەوە بۆ عیشقی ئاسمانی ڕۆیشتوون.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێین ئەوەیە، دەرکەوت عاجز شاعیرێکی دیاری ناوەڕاستی سەدەی بیستەمە و بە ڕەچاوکردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و پەیڕەوکردنی شێوەی کلاسیکی کوردی (کە لێرەدا نەتوانرا ئاماژە بە هەموو لایەنەکان بدەین)، شاعیرێکە بە ئەندازەی خۆی و تەمەنە کورتەکەی شیعری جوان و سەرنج ڕاکێشی هەن و بە ئەندازەی هاتنەدەرەوەی ئەو شیعرانە لە دەروونی پڕ لە هەستی شاعیر، ئێستاش لەگەڵدابێ بە هەست و سۆزێکی بەرزەوە خەڵك بەشێك لەو شیعرانە دەڵێتەوە، وەك ئەوەی شیعر لێرەدا ئەدایەکی ڕۆحی بنوێنێ و دوور لە زۆرلەخۆکردن و ناوەڕۆك فەرامۆشکردن، عاجز توانیویەتی وەك شاعیرانی سەردەمی خۆی دەنگێك بێ و بە تایبەتمەندیی شێوازی چنینەکەیەوە تارادەیەك لە چەند شیعرێکی دا ئسلوبی تایبەت بە خۆی دەستینشان بکات، کە بێگومان ناوەڕۆکە ئایینییەکەی بۆتە سیمایەکی دیاری ئەم جۆرە لە تەرزی شیعر نووسین.

بە ئومێدی ئەوەی هەموو ئەو زانا و پێشەوایانەی مینبەر و میحراب، کە بەرهەمەکانیان لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە فەرامۆش کراوە، بیانخەنە بەر دەستی لێکۆڵەران، تا هەرچی زووە ئەم بەرهەمانە ببنە خشتێکی دیکە لەسەر دیواری مێژووی ڕۆشنبیریمان و تا مۆرانە دەستنووسەکانی نەفەوتاندووە، خوێنەران بە بینین و تام و چێژی ئەم دەقانە خەنی بن!

هێمن عومەر خۆشناو
شەقڵاوە
١٧ی ئابی ٢٠١٥

## چۆنیەتی کارکردن لەم دیوانە

کارکردن لە دیوانی (عاجز)، دابەشی سەر چەند تەوەرێك کراوە، هەر تەوەرێك بە گوێرەی پێویستی کاری بۆ کراوەو هەوڵ دراوە بە ئاسانترین شێوە بخرێتە بەرچاوی خوێنەر، کە خۆی لەمانە دەبینێتەوە.

**یەکەم: لێکۆڵینەوە**

لێرەدا هەوڵ دراوە بە کورتی خوێندنەوەیەك بۆ شیعرە کوردییەکانی عاجز بکرێ، لە چوارچێوەی شیعرەکانەوە هێڵی گشتیی بنەما هونەرییەکانی شیعرەکان شی بکرێنەوە، بەتایبەتی لە رووی رووخسارو ناوەڕۆك و هەندێ لەو هونەرانەی رەوانبێژی و لایەنی کێش و سەرواکەی و دەنگی شاعیر لەناو بزووتنەوەی شیعری کوردیدا قسەیان لەبارەوە کراوە. ئەمەش بە مەبەستی ئەوە بووە خوێنەر پێش ئەوەی شیعرەکان بخوێنێتەوە وەك دەروازەیەك لە بنەمای هونەری و پایەی شیعری عاجز تێبگات.

**دووەم: ساغکردنەوە**

ئێمە تەنیا چاپی یەکەممان دووبارە چاپ نەکردۆتەوە، بەڵکو دەستخەتەکانی شاعیرمان کردۆتە بنەمای ساغکردنەوەی دەقەکان و چەند شیعرێکی تریشمان خستوونەتە سەر کە لە چاپی یەکەمدا دانەندرابوون، بۆیە دەشێ لەگەڵ چاپی یەکەمدا هەندێکیان جودا بن. هەروەها بۆ شیعرە عەرەبییەکانیش پشتمان بە دەستخەتەکان بەستووە و بۆ تێکهەڵکێشی شیعری شاعیرانیش گەڕاینەوە سەر دیوانەکانیان چ عەرەبی بن یان کوردی و لەوەدا ڕاستمان کردوونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی پیتی سەروای شیعرەکان، ریزمان کردوون و لە هەر شیعرێکیشدا کێشی شیعرەکەمان لەلای سەرەوە نووسیوەو پاشان چەند نامەیەکی شاعیرمان بڵاوکردۆتەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی.

**سێیەم: پەراوێز**

لە هەر شوێنێکدا دەقەکە پێویستی بە روونکردنەوەو موناسەبەی نووسینی شیعرەکە هەبووبێ لە خوار هەر دەقێکدا بە گوێرەی پێویست پەراوێزی بۆ داندراوە، وێڕای ئەوەی لە جیاتی پەراوێز لە سەرەتای هەر شیعرێکی کوردی و عەرەبی کێشی شیعرەکەو یاساکەیمان نووسیوە، بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی ئەوانەی رەچاوی کێشی شیعری کلاسیکی و یاسا عەرووزییەکەی دەکەن.

**چوارەم: فەرهەنگۆك**

لە سۆنگەی ئەوەی هەموو شیعرەکان پێویستیان بەوە نەبوو لە پەراوێزدا هەر دێرەو لێکدانەوەی بۆ بکەین، بۆیە بە باشمان زانی فەرهەنگۆکێك بۆ مانای وشەکان لە کۆتایی شیعرەکاندا بنووسین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وشانەی کە ڕەگ و ڕیشەیەکی سۆفیگەری و عیرفانییان هەیە، هەوڵمان داوە بە تێرو تەسەلی لە وشەکە بدوێین.

**پێنجەم: پاشکۆ**

لەناو دەقەکاندا ناوی چەندین کەس هاتووە، هەر لە ناوی پێغەمبەران و هاوەڵان بگرە تا ناوی ئەو شاعیرانەی کە عاجز ناوی هێناون یان تەخمیسی شیعرەکانی کردوون، بۆیە بە باشمان زانی تەنیا ئەوانەی لە چوارچێوەی شیعرەکاندا ناویان هاتووە، کورتەیەك لە ژیاننامەیان بنووسین، ئەگەرچی لە پێشەکی دا ناوی زۆر لە زانایان هاتووە، بەڵام لەبەرئەوەی لەناو دەقە شیعرییەکانەوە نەبوون، ئێمە فەرامۆشمان کردوون.

(هێمن. ع.خ)

# بەشی کوردی

# پیتی ( أ )

## (١)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف)

ڕوویی تو لە جیهەت حوسن دە طەعنی لە قەمەردا
دنـدانی دوڕڕت کەسری بـە بـازاڕی گوهەردا

لەفـظـی تو شـەکەربـارە کەلامـت شـەکەرینە
شـیرینییە نوطقی تـو ڕەواجـی بە شـەکەردا

تۆ حۆری لە نێو جەننەتەوە هـاتوویی قوربان
میثلی تۆ نییە چونکە لە نێو نەوعـی بەشەردا

وەك زولفی سیاهت ڕەش و تـاریك بووە ڕۆژم
لەو ڕۆژە کە ئەفشان بووە زولفـت بە کەمەردا

قوربان وەرە ڕوحمێ کە بە ئەحـواڵی زەبوونم
ڕووحم لە فیراق و غەمی دووریت لە خەتەردا

خەییاطی ئەزەل دۆزی لە بازاڕی مەحـەببەت[1]
ئەم خیلعەتە عیشقی تووە کردوومە بە بـەردا

---

(١) ئەم لەتەش هەندێ لە وشەکانی تەواو ڕوون نەبوون و کێشی شیعرەکەش لەنگە.

ئەی دۆستە (حوسەینی) هەموو جەرگی بووە خوێناو[1]
پەیکانی غەدەنگی مــــوژەکەت دای لە جگەردا [2]

## (٢)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

یار بە شوعلەی شەوچراغان قەصــدی سوتانم دەکا
هــەم بە غــەمزەی چــاوی بــازی تیرەبارانم دەکا

وا بزانن مــن بە غــەیری وی ناحوببێنم چ کەسێ
ویش ئاوا بە قسەی ڕەقیبان قەطعی ئیحسانم دەکا

ناڵەو و زاری لە باغــان بولــبولان کەتنــە خرۆش
یار کە تەرکی مەڕحەبای کرد غارەتی جــانم دەکا

من لە دەورانی فەلەك دا نــەبووە بیبینــم چ جار
هەر فەلەك وا مەنعی ڕوئیەی ماهی تابانم دەکا

عاشــقان کەوتینە نــاڵە جارەکێ ڕەحمــی نەکرد
عاجــــزم قەلبم ســوتایە طەمعی ئێسقانم دەکا

---

(١) پێدەچێ ئەم شیعرە لە سەرەتاکانی بەهرەی شیعری شاعیرەوە نووسرابێ، تەخەللوس و نازناوی شاعیریش لێرەدا (حوسێنی)یە نەك (عاجز).

(٢) ئەم دێرە زۆر بە روونی نەخوێندرایەوە

## (٣)

مستفعلن مستفعلن
مستفعلن مستفعلن
(ڕەجەزی چواری تەواو)

بـــرای شـــیرین و بـــولوەفا[١]
صاحێبی صیدق و هەم صەفا[٢]

گەیشتە دەســتم کــاغەزت
بۆ دەردی دڵ بوو بە شــیفا

دانیشتبووم تەنیاو مــەلوول
دڵ پڕ لە جەور و پڕ جــەفا

جــەوابی نامـــەیی یەکــەم
ئەمنووسی بۆت قووەی قەفا

لـــە کاتێـکا هــێنای بەشــیر
نامەی دووەم حــوزنی نەفا

هەر ماچم کردو نامـــە سەر
دوو چاوەکەم گوتــم: کــەفا

---

(١) عاجز ئەم شیعرەی لە وڵامی نامەی مامۆستا مەلا عبداللە سێبەردانی نووسیوە، کاتێك ماڵی عاجز لە شارۆچکەی (خورماڵ) بووەو ئەویش ماڵی لە گوندی (سێبەردان) ی نزیك هەولێر بووە.

(٢) ئەگەرچی لە دەستخەتەکەدا هەر دوو لەت بە نیوە دێڕێك هاتووە، بەڵام چونکە لە کۆتاییدا نیوەدێڕێك تەنیا ئەمێنێتەوە، بۆیە پێمان وابوو وا ڕاستترە بە شێوەی سەرەوە بنووسرێ نەك بەم شێوەیەی خوارەوە:

برایی شیرین و بولوەفا صاحێبی صیدق و هەم صەفا
گەیشتە دەستم کاغەزت بـۆ دەردی دڵ بوو بە شیفـا

بوو بە سەبەب بۆ شادی دڵ
نەمــا لە شــادیما خەفــا

شــیعر بنووســی یــان نەثر
وەعــد بنێـری یــان گــەفا

هەرچی ببێ هەر ڕەحمـەتە
(عــاجز) ئەخاتە نــاو صـەفا

## پیتی ( ب )

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

**دڵبەرم دیسان دەڕێژێ خوێن لە جەرگم بێ حیساب[1]**
**جــارێ لانابـا حیجــاب تــا دەرکـــەوێ بۆم ئــافتاب**

**کردمی ڕیسوا کە پۆشی زولفـەکەی کوڵمـــەی گوڵی**
**بۆیێ پیشـــەم نـاڵە نــاڵـە هەر وەکوو نای و ڕەباب**

---

(١) لە بەرگی ناوەوەی کتێبێکی (عاجز) دا ئەم شیعرە بەم شێوەیەی خوارەوە نووسراوە، کە پێدەچێ دواتر دەستکاری کردبێ و دووبارە دایڕشتبێتەوە، ئێمەش لە سۆنگەی ئەوەی کە ئەم شیعرە، زۆربەی دێرەکانی لەم شیعرەی سەرەوە جیاوازن، بۆیە بە باشمان زانی لێرە بینووسینەوە:

دڵبەرم دیسان دەڕێژێ خوێن لە جـــەرگم بێ حیســاب
جــارێ نـــاکا دەفعـی پـــەردە دەرکەوێ لـۆم ئــافتـاب

من کە مەدداح بووم لە بۆ زولف و ڕوخ و خەددی چو ماهـ
قەت نەبو یار بێ موعەججەب بۆ ڕەقیبـانی ســەبـاب

ئەی گوڵ و دڵ بوو موشەووەش کەوتە خەلوە بێ ڕەفیق
باعیپی بێ دیدەنی یار قەلب و جەرگم بوون کەبـــاب

دافیعی طەوق و کە لەسمـاتم نییە غـــەیراز ئـەمـــین
دڵ کە بوویتە ماهی بەحرەین ناکا نۆشی قــەترە ئـاب

عاجزا عیصیان بەســە عاصــی بکە تۆبــەی نەصــووح
مەقصەدت مەحضا خودا بێ مونعیم و صاحێب عیقاب

ئــاگری دووری لە یارم وا سوتـاندی جیسم و جان
نەك ئەوە جەرگ و دڵیشــم بوونە بریان و کـەباب

سا ئەگەر دەنگ و صــەدای ناڵەم بگاتە ئـاســمان
یان هەموو دونیا بە هاوار پڕ بکـەم مـەگرن عیتاب

ئاگری گەرمی عیشق هەم حەسرەتی دووری لە یار
زیاد دەکەن لەحزە بە لەحزە ڕۆژ و شەو دەرد و عەزاب

هەرکەســێ تـۆزێ لە تـاڵیی عیشـقبـازی چێشتبێ
ئەو دەزانی چۆنە دەردی عیشق و تاڵی ئەو شەڕاب

حاڵەتی عاشق بە دائیم هەر وەکوو تینووی لە دەشت
ڕا ئـەکا بۆ ئـاو لە کاتـێ بێتە بەرچـاوی ســەراب

یا وەکوو بولبول هەمیشە دێ چریکەی تا ســەحەر
نەغمە خوانە تـا بنۆشی بۆ شـیفـای دەردی گـولاب

(عاجزا) لەم بەحرە دەرچوون زەحمەتە بەسیە ئیتـر
ڕوو لە مەولاکە لە مەولا مونعیم و صاحێب عیقاب

## پیتی (م)

(١)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

لە عیشقی چاوی غەممازی غەزەل خوانی نەکەم چبکەم
لە نازی تاوسی چین، سینە سوزانی نەکەم چبکەم

عەجائیب مانگی چاردەم دی، دوو مانگی یەك شەوەی پێ بوو
لەگەڵ دوو زەهرە لەم تەرتیبە حەیرانی نەکەم چبکەم

لە باغی یار کە جاری بووی گوڵێکم کرد فیراقم بوو
ئیتر جانم فیدای خاوەن گوڵستانی نەکەم چبکەم

شەڕابی لەعلی لێوی گەر بخۆن وەك من دەبن ڕیسوا
مەکەن لۆمەم کە فیکری مەیلی جارانی نەکەم چبکەم

ڕەقیبی سەگ صیفەت مەنعی ویصالی یاری لێ کردم
بە ئەفکار خۆم هیلاکی تیری موژگانی نەکەم چبکەم

لە غەم تازە خەلاص نابی دڵی دێوانەو و مەفتوون
نەما صەبرم خەیاڵی خەدد و خاڵانی نەکەم چبکەم

له حەسرەت ڕوویی لەیلا (عاجز)م مەجنوون صیفەت ناچار
وەکو بولبول لە دەوری گوڵ سەحەر خوانی نەکەم چبکەم

## ( ٢ )

### مێژووی تەواوبوونی مزگەوتی
### حاجی بەکر سەلیم حەماوی (زێڕنگر) لە هەولێر

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

باوکی صددیق و حوسام لە دوای صەلاح ڕۆڵەی سلیم
حاجی بەکری خاوەنی ئیمان و دین قەلبی سەلیم

بۆ قەبوڵی دین و ئیمانی لە لای ڕەببی غەفوور
هیممەتی کرد جوانترین مزگەوتی کرد بۆ خوای کریم

بوو بە نیشانەی قەبووڵی دین و ئیمان و حەجی
لای خوای خاوەن کەرەم حەننان و ڕەحمان و ڕەحیم

سا لە پاداشی بینای ئەم مەسجیدە و ئەم مەدرەسە
ئەی خوا پێیان بدەی چەند قەصری جەنناتوننەعیم

با بە عام ئێمەش لە تەئریخی تەواوبوونی بڵێین
خوا لە فیردەوسی موهەییاکا لە بۆیان جێی موقیم[1]

هەم لە (عبدالله) حوسەینیش نووسەری ئەم مێژووە
خۆش ببی ڕۆژی قیامەت ڕۆژی ترس و لەرز و بیم

---

(١) بۆ دۆزینەوەی مێژووی دروستکردنی مزگەوتەکە بە حیسابی ئەبجەدی پێویستە بەم شێوەیە دێرەکە بنووسری کە لە دەستنوسەکەی وا نوسراوە: خوا لفردوسی مهیاکا لبویان جیی مقیم
٦٠٧ ٣٩٠ ٧٧ ٩٩ ٢٣ ١٩٠ کە دەکاتە ١٣٨٦ك/١٩٦٧ز

## پیتی ( ن )

### (١)

مستفعلن مستفعلن
مستفعلن مستفعلن
(ڕەجەزی چواری تەواو)

**ئەی سـەییدی سـەرداری من**
**ئەی مەحرەمی ئەسراری من**
**ئەی ئەحمەدی موختاری من**
**صەڵات لەسەر توو یاری من**[1]

❊ ❊ ❊

**موددێکـــە هیـجر و ماتـــەمە**
**تاکـەی بـمێنێم لـەم غـــەمە**
**هــەر وەکو جـــاران کۆلـــەمە**
**بــا بەس بێ ئینتیــزاری مـــن**

❊ ❊ ❊

---

(١) ئەم شیعرەی داناوە لە سەفەری حەج، ئەم شیعرە و شیعری (تۆ ئەحمەدی موختاری) چەندان جار لەلایەن فەقێیان و هونەرمەندان وەك سروود گوتراوە و جۆرەها ئاوازی بۆ دانراوە، دوو دێڕی یەکەم لە دوای هەموو بەیتێك دەگوترێتەوە وەك صەڵاوات.

لوطـفێ بفەرمـوو سەروەرم
شـافیعی ڕۆژی مـەحشەرم
هەر تۆی لە گەرمـا سێبـەرم
شاهی عالـەم سـوواری من[١]

* * *

مەعلوومە قەدری تو عـەظیم
عیسایی ڕوح، موسای کـەلیم
ڕوتبەی ڕەسـوولانی کـەریم
سـەبەب ئەتۆی نیگـاری من

* * *

مـەلائیکەی موقـەڕڕەبین
عالەمی عولوی و سـەرزەمین
هـەتـا بە ڕۆژی ئـاخەرین
خوددامـی تـاجی داری من

* * *

لە فەوقـی ئەو خودایە بەس
ناگاتە جـێی ئەو شایە کەس
لە عالـەمی جـودایە بـەس
لوئلـوئی جەوهـەرداری من

* * *

نـووری بنـاغـەی عالـەمە
بـۆ ئـەنبیایـان خـاتەمە

---

(١) لە دەستخەتێکی کۆنتری شاعیردا بەم شێوەیە هاتووە: شاهی عەرەب سوواری من.

ئـادەم لەبــەر وی ئادەمــە
تەحقیق بکەن گوفتاری مـن

❊ ❊ ❊

نائیبی وی بوون مورسـەلین
هەر یەك لە قەومێ داوەرین
ئەممـا ئەوی بۆ عـالـەمین
بە عام هەنارد غەففاری من

❊ ❊ ❊

نووری لە ئادەم پشت بە پشت
هەتا بە عـەبدوڵڵا گەیشـت
هەم ئامینەی حۆری سروشت
مەحفووظ بوو طورڕە داری من

❊ ❊ ❊

مزگێنی بـۆ حـەلیمە بـێ
شیرخۆری ئەو یەتیمـە بـێ
هــەرزانی لەو ئیقلیمـە بێ
هەم شیری زۆر بێ جاری من

❊ ❊ ❊

چەند جار مەلائیکەی خـودا
شەقیان کرد سینگی بولهـودا
حەظظی شەیطانیان کرد جودا
کردیـانە گـوڵ گوڵزاری من

❊ ❊ ❊

ئەوجا کرا بــە پێغــەمــبەر
بەیانی کرد ڕێی بێ خــەتەر
چەند موعجیزاتی خستە دەر
قوڕئانی گەوهەر باری مــن

* * *

چەند موشریکان دیتیان بە چاو
لۆی شەق دەبوو مانگی تەواو
لە موشـریکی نـەبوون بڵاو
گوێیـان نەدا نـازداری مــن

* * *

چەند جار دەیانگۆت شاعیری
کاذیب و کـاهــین ساحیری
هەر چەند دەیانکرد ماکیری
حیفظی دەکرد سەتتاری من

* * *

ئەمما ڕەسوولی موصطــەفا
گوێی خۆی نەدا جەور و جەفا
دوعای دەکرد صاحێب وەفـا
غاضیب نەبێ قەهاری مـن

* * *

پاشان بە ئەمری موستـەعان
هیجرەتی کرد بە عیزز و شان
بۆ لای مـەدینــە بوو ڕەوان

لەگەڵ ڕەفیـقی غـاری مـن

❊ ❊ ❊

کوففـار و شەیطانی لەعین
هاتن لە دوویان چین بەچین
هەتـا لە غـارێ داوەرین
ئەو غـاری پڕ ئەنـواری من

❊ ❊ ❊

کە دیتیان تەونی عەنکەبووت
کۆتر لە هێلانە بە جـووت
گەڕانەوە لە فـایدە ڕووت
نەیـان دەدی سـالاری من

❊ ❊ ❊

کە هات سوڕاقە زۆر بە تاو
هەڵیکوتا سەر هـەردوو لاو
دەیدی وەکی قاڕوون بە چاو
ڕەحمی نەکرد بە یـاری من

❊ ❊ ❊

ئەو مەڕی دایکی مەعبەدی
کە پێشان شیریان لێ نەدی
هەر دەستی دایێ ئەحمەدی
بوو بە ڕووباری جـاری من

❊ ❊ ❊

حەمزە و ئەبوبەکری صددیق
فاڕوق و عوسمانی حـەقیق
بە موئمینی دەبـوون ڕەفیق
لەگەڵ شـێری شــکاری من

* * *

(عاجز) فەقیری ئوممـەتە
سائیلی بابـــی ڕەحمەتــە
هەر چاوەنۆڕی هیممەتە
بۆ دەفعی ناڵە و زاری من[1]

---

(١) دوای تەواوبوونی ئەم شیعرە، شاعیر ئاماژە بەوەش دەدا کە ئەو قەسیدەی (بردة المديح) کە لە کوردیدا بە قەسیدەی بوردیە ناسراوە، کردویەتیە پێنج خشتەکی. (عاجز) وای نووسیوە: تمت القصيدة النونية الكردية في مدح خير البرية (ص) بخط يد الشاعر المخمس لقصيدة بردة المديح المدعو عبدالله محمد الحسينى (عاجز).

## (٢)

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن
مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن
(ڕەجەزی هەشتی تەواو)

**ئەی گوڵ ڕوخی زیبایی من قەد سەروی دڵ ڕوبایی من**
**مەلحەمی جان شیفایی من جاریٚ نەظەر کە لایی من**[1]

**ڕەحمێ بکە بـــە بولبــولان بۆ دەفعــی ئــازاری دڵان**
**تۆی غونچەیی باغی گوڵان لای دڵـــی بــێ نەوایی مـن**

**ئەگەر لە دەست و پەنجەکەت نەختێ نەکەی کەم ڕەنجەکەت**
**قەسەم بە لار و لەنجەکەت زێدە دەبی سەودایی مـــن**

**بە فیکری زولف و پەرچەمت دڵ کەوتە گێژاوی غەمت**
**دوورە لە بەزمی دەم دەمت حــەبیبی پڕ جــەفایی من**

**گەر صۆفیی و شێخ و مەلا ڕووی تو لە وەقتــی ئینجــلا**
**ببینـن دەبنــە بەر بەلا وەك دڵی بـــەر بەلایــی مـــن**

**مایەیی ژینە چاوەکـــەت ئـافــەتی دینــە نـاوەکـەت**
**مەستـم بە بۆی گــوڵاوەکەت لوطـفێ بکە لەیلایی من**

**هەر تۆی کە مەحبووبی منی هەر تۆی کە مەطلووبی منی**
**هەر تۆی کە مەرغووبی منی لە عـــالەمی دونیایی من**

---

(١) ئەم شیعرە هەر لەسەر شێوازی شیعری (ئەی سەییدی سەرداری من) و (تۆی ئەحمەدی موختاری)یە. واتە دێرەکە کراوەتە چوار کەرت و لە سەرتاپای شیعرەکە هەر دێرێك سێ کەرتی یەك سەروای هاوبەشی هەیەو لەتی چوارەمیش سەروای گشتی شیعرەکەی پێکهێناوە. بۆیە دەشێ هەر دێرەی بە شێوەی چوار لەتی ڕیزبکرێ.

ئەگـــەر بزانـــی حـــاڵەتم کە لێـــم بڕاوە تـاقـەتم
کوشتەیی بێك ئیشـــارەتم دەبی بـە ئـاشـــنایی من

ئەی شۆخی نازەنینی من ئەی مەلحەمی برینی من
غونچەیی مەهجەبینی من تۆی باعیثی صەدایی من

ناڵەو و زاری تا بەکەی فرمێسکی جاری تـــا بەکەی
حاشا لە یاری تابەکەی پاپـــایی ئەورووپـــایی مـــن

بولبولی دەوری غونچەمە تووتیی پڕ لە نەغمـــەمە
مەجرووحی خەدد و کوڵمەمە ویصالی تۆ دەوایی من

دەوای منە ویصـــــالی تۆ چـــرای منە جەمـــاڵی تۆ
صەفای منە خەیاڵی تـۆ لەلای تـــووە بە قـــایی من

بە چاو و خەدد و گەردەنت بە پەرچەمی ملەووەنت
هەوایی شەرقی ئەردەنت وێرانی کرد بەغدایی من

غەمگین و پڕ لە داغە دڵ چاو نۆرە بێ لەو باغە گوڵ
کە چونکە شەو چراغە شل گڵۆپی کەهـرەبایی من

جەفا بەسە وەفا بکە (عاجز) بە وەصلـت شـــا بکە
لە غەمخۆری ڕەهـــا بکە ئەو دڵی موبتـــەلایی من

(٣)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

لەشکری بێ مروەتی غەم وا لەسەر ڕێمـــە یەقــین
بێ سیلاحی وەصلی جانان بۆ نەکـــەم گریان و شیـن

وا لەبەر شەوقی ویصالی خاڵی سەر کوڵمەی تـــووە
دڵ نەخۆشە ڕوو مەپۆشە ئەی گوڵی گوڵزاری چـــین

گەر بفەرمووی دەتکـــوژم حـــازر دەبم بۆ ئیمتیثـال
فەرزی عەینە لام بەجێ هـــێنانی (ما قـد تـأمرين)

سا کە نەجمی ڕەجمی شەیطانی ڕەقیب کە تاکوو دڵ
ناگەهان خۆش بە شوعلە و شەعشەعەی ماهی جەبین

گوڵ ئەگەر ڕەحمێ بە بولبول کا چە نەقصێکی دەبی
قـــەترەیێ ئـــاوی بداتـێ لێی بکا دەفعــی ئـــەنین

ئەی قەڵەم مانگ خۆی بزر کرد نووری یاریش دوورە لێت
بەســـیـە کۆتاکە کیتـابەت بوو بە وەقتـی نـائیمین

ئیلتیماسی (عاجز)ی موخلیــص قـــەبوڵ کە تـــا بڵێن
زۆر جەفای خوارد موستەفید بوو (نِعْمَ أجر العاملين)

## (٤)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

جـــــەژنی قوربــانە بە قوربان سەییدی دونیاو و دین
مەوسیمی شادی و سرووره و من بە غەم مات و حەزین
کاتی ئەڵطاف و عەطـــایە گەرچـــی زۆر دوورم بـــەڵام
خوانی ڕەحمەت بەخشـی تۆ بوو دوور و نێزیك دێتە دین
عادەتی جەژنـــانە گەرچـــی زیـــاڕەتە لاکین هـــەزار
جار قوڕی دونیا بەسەر من دووره لێم ڕەوضەی ئەمین
هەرئەوەند ئەرجوو دەکەم لێت ڕۆژی مەحشەر زووبەزوو
بێی لە هــــاوارم شـــەفیعی خاص و عـــامی موذنیبین
کەس نییە غەمخۆری من بێ غـەیری زاتــی ئـەنوەرت
چـــونکە بێ پشـت و پەنـاهم (یـا إمـام الـمـــرسلین)
هەر لەبەر خاتری حوسەینی موتتەقی و مەحبووبی خۆت
هەم لەبەر وەعدی لە خەو دات زوو نەجاتم دە لە شین
خـۆ لە بـۆ تـۆ عـادەتە وافـی بە هــەر وەعدی بـدەی
بۆ هەموو کەس چونکە توی (الصّـادق الوعـد الأمین)
وەقتی نەزع و قەبض ی ڕوحـم زوو لە ئیمـدادم وەرە
زۆر دەترسێم ڕێم بگۆڕێ مـەکری شەیطـانی لەعـین
وا موناجاتی تەواو بـوو (عـاجـز)ی بـێ هۆش و گۆش
لێی قەبوڵ کە چونکە مەنســووبی تووە ئــەی نازەنین

## پیتی ( ه )

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

شۆخەکەی بێ ڕەحم و ئینصاف قاتیلی جانم وەرە
باعیثی گومڕاهی شاهـ و شێخـی صەنعـانم وەرە
دڵ هەمیشە ئینتیزاری لوطف و ئینعـامی تـووە
دەردەمەندی قامەتی تۆم چـاو بە گریـانم وەرە
دڵ وەکو بولبـول دەناڵێ طـالیبی ئـاوی گـوڵە
هەر ئەتـۆی پڕشەنگی ژینم ماهـــی تابانم وەرە
گیان و دڵ بۆ تۆ نەماوە پڕ لە ئـاهـ و حەسـرەتە
سینە پڕ جـــۆش و خرۆشە جـانی جـانانم وەرە
دائیما وەك صۆفی مەجزووبە بە عیشقی دولبەران
تا نەفـەوتاوم عـــەزیزم پێشی فەوتـــانم وەرە
عاشقی وەك من لە بۆ تۆ زەحمـەتە پـەیدا ببێ
چاوەڕێی تۆم زوو لە بۆ بـــاغ و گوڵسـتانم وەرە
پایزی هیجرانی تۆ وا ڕەنگی ڕووی زەرد کردووم
هەم لەبەر ساردی فیراقت ڕوو لە کێـوانم وەرە
(عاجزم) ڕووحی ڕەوانم پڕ لە ئێشە جەرگ و دڵ
تۆی طەبیبم زوو لە بۆ دەرمانی دەردانـــم وەرە

## پیتی (و)

مفاعیلن مفاعیلن فعولن
مفاعیلن مفاعیلن فعولن
(هەزەجی شەشی مەحزووف)

عەجـایب ڕوویی یـار پڕ نووره ئیمشەو
له بـاغی سـینه نـارنج زۆره ئیمشەو

ئومێـدی نـابوو تـا ئێسـتا لـه خۆشی
دڵم لاکین گـەلێ مەسرووره ئیمشـەو

له خۆشـی وا سـەرم سوڕمـاوه یـاران
نەزانم خـەونه یاخۆ شـوره ئیمشـەو

دوو مانگی یەك شەوه و ڕۆژێك لەسەر وان
وەرن کێ دیویەتی ئەم جـۆره ئیمشـەو

ئەیانوت نەبووه قەت یەك شەو که کۆ بن
بەڵام دیاره وتەی چـاو کـوره ئیمشـەو

ئەگەرنا بۆ دەبینـم ڕۆژ و دوو مـانگ
له دامێنیان دوو زەهرەی سووره ئیمشەو

وەرن سەیر و تەماشای عـەردی ڕەنگم
بکەن چۆن ڕوون بووه بەم خۆره ئیمشەو

ئەگەر خەونه خـودایه شـەو درێـژکه
هەتا مەحشـەر له بۆم ڕابێـره ئیمشـەو

هەتاکـــو تێر بکـەم خۆشـی لە یـاران
ڕەقیبی سەگ صیفەت لێم دوورە ئیمشەو

وەگەر ڕاستـــە درێـــژکە ژینـی بەنـــدە
لە جێی جەننات و قەصر و هوورە ئیمشەو

وەرە (دڵخۆش) بگۆڕە نـــاوی (عـاجز)[1]
بـە خۆشی جان و دڵ مەشهوورە ئیمشەو

---

(١) (عاجز)ی شاعیر لەم شیعرە نازناوی (دڵخۆش) ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، هەروەك لە دەستنووسەکەیدا وا هاتووە.

## پیتی ( ی )

### (١)

کێشی ئەم شیعرە، خۆماڵییە (٧) بڕگەییە

**تۆ ئەحمـەدی موخـتـاری[1]**
**موقەڕڕەبـــی غەففـــاری**
**شـــافیعـــی طـــورڕەداری**
**لێت بێ ســـەلامی بـــاری**

* * *

**خـــاکی حیجـــاز فیـــدامە**
**کۆڵەی شـــاو و گـــەدامە**
**هەتـــا ڕۆژی قیـــــامە**
**نیـــازیی دڵمـــە یـــاری**

* * *

**طەواف و ئـاوی زەمـــزەم**
**سەعیی صەفاوو مـەڕوەم**
**هیچ نییە پێی بەدەل کەم**
**بـە بـــێ خـــەســـارە داری**

---

(١) عاجزی شاعیر ئەم شیعرەی لە شاری مەدینە بەرامبەر گۆڕی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆی هاتووە و نووسیویەتییەوە، هەروەها نووسیویەتی ئەوە صەڵاواتی گێڕانەوەیە.

* * *

عەرەفــاتی مــونەووەر
هەم موزدەلیفەو مەشعەر
خیف و مینای موطەههەر
لەگەڵ ڕەمــی جـیمـاری

* * *

مەنظەرەی ڕۆژی حــەشرن
حەجاج کە ڕێگە دەگـــرن
تابیعی نەهــی و ئەمــرن
بۆ غـــافیر و ســەتتـاری

* * *

هــەموو میوانــی خوانــە
پاك لــە گونــاهـ جودانە
طـــالیبی مـــەرحـــەبانە
عـەفووی پــەروەردیگاری

* * *

مەدحی حەبیبی ئـــەکرەم
دووره لە من بە هــەردەم
مەعقوول نییە کە دەست دەم
لە مەدحی صـەحب و یاری

* * *

ئـەو مــەرکەزی ئینعــامە
ســـەرداری خـاص و عامە

مــن مێشولەی هــەوامە
لە ڕاست ئەو طوڕڕەداری

* * *

ئــەو ســەروەری زەمینە
ئیمــامی مــوڕســەلینە
شــەفیعــی مــوذنیبینە
منیش گــەداو هــەژاری

* * *

ئەو شاهــی سەر بە تاجە
ئەو صــاحێبی میعــراجە
عــالەم بەوی موحــتاجە
لە ڕۆژی شــەرمــەزاری

* * *

من بێ بەهــاو حــەیامە
ڕۆژ و شەو پڕ خــەتامە
بێ مەلجەئــو پەنــامە
گەر ڕەحمەتێك نەبــاری

* * *

ئەمما ئەگەرچــی دوورە
بەینی من و ئەو نــوورە
وەك سولەیمان و موورە
نیسبــەت کە بکرێ جاری

* * *

لە مەککە بوو ظوهووری
ئەو زاتی پڕ لە نـــووری
خەڵاتی کرد غەفـــووری
بە ڕوتبەی تـــاجیـداری

❊ ❊ ❊

پاشان لەبەر ڕەحمــەتی
خودای ڕەببولعـــیززەتی
کردی عەزمی هیجـرەتی
لەگەڵ صددیق بوو ساری

❊ ❊ ❊

بۆ لای مـــەدینە هــاتن
هــاتن بــەڵام چ هــاتن
ڕۆژ و مانگ بوو هەڵاتن
عـــالەمیان هـاتە دیاری

❊ ❊ ❊

لە پاشـــی ئەو جــەنابی
هات کۆمەڵی ئەصحابی
بووە مەجمەعی ئەصحابی[1]
موهـــاجیر و ئەنصــاری

❊ ❊ ❊

مەدینە بوو مونـــەووەر
بە هاتنی ئەو ســەروەر

---

(١) لە دەستنووسێکی تری شاعر بەم شێوەیە هاتووە : بووە مەجمەعی ئەحبابی.

مەککە دەبوو موعەططــەر
پــاك بۆوە لە کوففــاری

*　*　*

بووە جێی تەکبیر و تەهلیل
بووە جێی تەسبیح و تەنزیل
بووە مەنزیلی جوبــرائیل
لەوێ دەهاتــە خــوارێ

*　*　*

ڕوو بکەنـە لای مــەدینە
جێی فەخری مورســەلینە
مەڕجەعی ئەهلــی دینە
خۆشــی لە بــۆ زوواری

*　*　*

عالەم لـەوێ غــەنی بوو
هەموو کەس گوڵشەنی بوو
بەشیان لە خەرمەنی بوو
کەوتینــــە بەخــتیاری

*　*　*

بەڵام ئەمــن بە تەنیــــا
نە دینــم و نە دونیــــا[1]
غەرقی گوناهــی دەریــا
هەر مــام بە ئینتیــزاری

---

(١) لە دەستنووسێکی تری شاعر بەم شێوەیە هاتووە : نە دینم بوو نە دونیا

* * *

ئەگەرچی ڕووت و قووتم
لە چـــاکە وا لە دووتـم
چونکە غـــولامی خۆتــم
لێم دوور مەبە یەکجاری

* * *

لە دوور کە دێتە بەرچـاو
دێ بۆن بخور و عـــەتراو
بە نووری شـــاهی گـوڵباو
ڕووناکە چـار کەنـــاری

* * *

زەمـــــانە پڕ جــەفـایە
هەرچـــی هـــەیە بەڵایە
فیتنــە لە فیتنــە دایـــە
لە دێهات و لە شــــاری

* * *

(عاجز) ئەگەرچی خواری
لە دەرگەی شەرمـــەزاری
مەئیووس مەبە لە یـاری
شافیعتە لای غەففـــاری

* * *

## (٢)[1]

قەسەم بە خاڵی هیندووت بە گۆشەی چاوی جـادووت
کوشتمی شیری ئەبڕووت خوێن لە دڵم بوو جـاری[2]
شــــۆخــێکی حیلــەبازی چــاوبـــاز و پڕ لە نـــازی
بۆ دڵ مەحــرەمی ڕازی ڕوومــەت گوڵی بەهـــاری
نەخۆشـــــی بەدمیـــزاجم بۆ زیـــارەتت موحـــتاجم
یاران بکـــەن عیلاجـــم لە عیشـــقی تـــازە یـــاری
یـــارێکی نـــازەنینە ســـوور حـــورو مەه جـــبینە
غونچــــــە گوڵی زەمینـــە گوڵاوی لـــێ دەبـــاری
سەرپشکە خۆی لە گوڵشەن چەند بولبولی وەکوو من
لە دەوری دێن و دەچـــــن بۆ ئاوی گوڵ عـــوزاری
دین و دڵی ڕفانـدم جـــەرگی لەگـــەڵ پســـــاندم
بە حوببی ڕووی سوتـــاندم فـەوتـــاندمی بە جاری
(عاجز) لۆ خـۆت جەفـــادا ژیانی خۆت بە بـــا دا
نەتزانی ســـاقی ســـادە دەتخـــاتە بێ قـــــەراری

---

(١) کێشی ئەم شیعرە زۆر روون نییە، چونکە لە لەتێکدا نزیك دەبێتەوە لە موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف، لە دێری تردا لە هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف نزیك دەبێتەوەو لەنگی و گۆڕانی زۆری تێدایە و شاعیر تەواو پێیەوە پابەندنەبووە، بۆیە ناتوانرێ لەسەر کێشێك بسەنگرێتەوە.

(٢) ئەگەر بە پێوەری ڕێساکانی شیعری کلاسیك لەم شیعرە بڕوانین، ئەوا دەبوایە لەتی یەکەمی ئەم دێڕە شیعرە بە سەروایەکی هاوشێوەی سەروای عەجز (بەهاری) کۆتایی هاتبا، بەڵام شاعیر لەبەر سەروای ناوەوەی شیعرەکە، ئەم سەروایەی فەرامۆش کردووە، کە دەبوا سەروای ناوەوەش هەمان سەروای لەتی دووەم (عەجز)ی هەبوایە. بۆیە ئەم شیعرە دەتوانرێ بەم شێوەیەی خوارەوەش بنووسرێت:

قەسەم بە خاڵی هیندووت
بە گۆشەی چاوی جادووت
کوشتمی شیری ئەبـڕووت
خوێن لە دڵــم بوو جــاری

## پیتی ( ێ )

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

ئەی صەنەم تاکەی بناڵم مــن لە دووری ڕێ وو خێ
بەس بە ناحەق پێم نیشاندە غەین و ڕێ وو بێ وو تێ

غوربەتیش یەك جار وەها زوڵمە لە عاشق چاوەکەم
مروەتت بێ پێم بفەرموو ڕێ وو حێ وو میــم و تێ

ڕەحمەتت وەصلە لە بۆ من ئەی گوڵی باغـــی ئیرەم
تۆم بەسە حەتتا لە باتی حۆری جیــم و نوون و تێ

جەننەتی من قامەتی ســەروی تووە و گوڵــزارەکەی
پڕ لە نارنج و لیمۆیی ســـــین و یێ وو نــوون و هێ

سینە پڕ سۆزە لە تاووت وەك سەماوەر وا لە جــۆش
وا نەزیك سوتانەکەم کە، ئەلف و ئەلف و گاف و ڕێ

ئاگری عیشقـــت لە بۆ من ئەســتەمە ئەی دڵبـــەرم
زێدە گەرمە مەیلی وەصلی حێ وو ســین و نوون و تێ

حوسنی تۆ بێ شك گەیشتە حەدد و میقداری نیصاب
موستەحەققم بێنەحیصصەی زێ وو کاف و ئەلف و تێ

بۆ زەکـــاتی بـــاغ و بیســـتانی جەماڵت هـــاتووم[1]
نامەوێ زیاتر لە حەققـــی شین و ڕێ وو عەین و یێ[2]

پڕ خرۆشە دڵ وەکو بولبـــول لە دەوری غونچـــە گوڵ
جارێ دڵ خۆش کە حەبیبم عەین و ئەلف و جیم و زێ[3]

---

(١) کێشی ئەم لەتە لەنگیی تێدایە.

(٢) دەبوایە دوای ئەم دێرە شاعیر بە وشەی (شەرعێ) دەستی پێکردبا، هیچ ئاماژەیەکیشی لە دەستنووسەکەدا بۆ نەکراوە.

(٣) عەین و ئەلف و جیم و زێ واتە (عاجز) کە نازناوی شیعریی شاعیرە

## چوار خشتەکی

(١)

مفعول مفاعيل مفاعيل فعولان

مفعول مفاعيل مفاعيل فعولان

(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسوور)

**ئەی خەستە تەن و بێ کەس و موئنیسی خەطەر خۆم**
**ئەی صاحێبی عیصیان و نەمیمیی و نەظەر خۆم**
**ئەی نائیبی شەیطان لە وەساویسی بەشەر خۆم**
**ئەی ڕووت لە طەعام و لە شەڕاب ڕۆژی حەشر خۆم**

**ظاهیر بە جەمال و بە کەلام صاحێبی نوورم**
**باطین بە عەمەل پڕ ئەمەل و کەلبی عەقوورم**
**ئەی چۆنە حیسابم لە لیقای ڕەببی غەفوورم**
**پڕ ئێش و ئەلەم داخیلی ناو ناڕ و سەقەڕ خۆم**

**ئەی نەفسی خەسیسم ببە ئاگە لە مونادیت**
**بانگت کە دەکا وەقتە بکەی کۆچ لە گوشادیت**
**غافڵ مەبە ئیتر بەسە مەغروریی و شادیت**
**پڕ کیبر و هەوا موستەحەققی شین و چەمەر خۆم**[1]

---

(١) لە دەستخەتێکی تردا بە ناڕوونی دێڕەکانی ئەم چوار لەتە بەم شێوەیە هاتوە:

ئەی نەفسی خەسیسم ببە ئاگە لە مونادیت

هەر ڕۆژ کە دەڵێ ریحلەتە وا حازرە قادیت

...............کە لە خۆراك و لە شادیت

دڵ بێ غەم و غافڵ بە هەموو دەم لە قیامەت
قەت جـارێ نییە بێتە خەیـاڵم بە مەلامــەت
تا کیبر و هەوام کەم بێ نەمێنم بە نەدامـــەت
ئەی تابیعی نەفس و هەوەس و بێ سەروبەر خۆم[1]

چی بکەم بە هەوا چوو بە هەبا عومری نەفیسم
لام وابــوو لە دونیـا نییە هــەمتام و ڕەئیسم
بەو جەهلە موجەڕڕەد لە هەموو جۆرە ئەنیسم
ئەی (عاجز) و بێچارەوو پڕ ئاخ و کەسەر خۆم[2]

---

ئەی تابیعی نەفس و هەوەس و بێ سەرو بەر خۆم

(١) لە دەستخەتێکی تردا ئەم چوار لەتە بەم شێوەیە هاتووە:
دڵ بە غەم و غافڵ بە هەموو دەم لە قیامەت
قەت جارێ نییە بێتە خەیاڵــم بە عەلامـــەت
تا فکری جیهان و چی نەمێنم بە نەدامـــەت
بەو باری گران و موضتەجیعی بەینی حەجەر خۆم

(٢) لە دەستخەتێکی تری شاعیردا، ئەم چوار لەتە بەم شێوەیە هاتووە:
چیبکەم بە هەوا چوو بە هەبا عومری نەفیسم
لام وابوو لە دونیـــا نییــە هەمــتاوو ڕەئیسم
بەو جەهلی موڕەککەب لە قەبر نابی ئەنیسم
ئەی عاجزی بێ چارەوو پڕ داغ و کەسەر خۆم

( ٢ )

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف)

چەند ڕۆژە لە بەر فیکری تۆ داماوە دڵــی من
بێ خواردن و خەو زەردو زەبوون ماوە دڵی من
بەو داوە کە زولفـــی تــووە گیراوە دڵــی من
بەو تیرە کە چـــاوی تووە کــوژراوە دڵــی من

دوێ شەو لە خەوا دڵبەری شەنگم کەرەمی کرد
تەشریفی کە هات بۆ دڵی تەنگم نیعەمی کرد
ئیمڕۆ کە بە مەغرووری فەرەنگم ئەلەمی کرد
بەم حاڵەتە دوو ڕەنگی یە فـەوتاوە دڵــی من

جارێ بە تەبەسسوم وەرە بــازاڕی غـــەریبان
وازبێنە لە بەدکاریی و گــــوفـتاری ڕەقــیبان
چونکە بەوەفا کەتـمە جـەفاخـواری حــەبیبان
بۆ وەصلی تۆ بــاوەڕ بکە شـێواوە دڵــی من

ئەو نەگبەتە پڕ زیللەتــە بۆ من چییە یــاڕەب
ئەو حەسرەت و ئەو میحنەتە بۆ من چـییە یاڕەب
ئەو نیقمەتە بەو میننەتە بۆمن چــییە یـاڕەب
بەو زەحمەتە چۆن ڕووحی لەبەر ماوە دڵی من

بێ باکە لە خوێنڕێژی دڵــــم چــونکە بەلاشــــا
بۆ کوشتنی من خۆی بە هەوەس دێتە تەماشــــا
ئەو زوڵمە نەدیتراوە لـە هیـچ حــاکم و پاشــــا
لەو غەدرە کە دەیکا سەری سوڕمـاوە دڵـــی من

تاکەی بە جەفا دەمکوژی ئەی یاری گوڵ ئەندام
وا دەمخەیە بەر جەورو جەفای بێ سەر و ئەنجام
یان بمکوژە یەکجاری لە دونیــــام بکە ئیعـــدام
یان بێنـــە ویصـــالت کە لە بۆی ڕاوە دڵـــی من

دێمە دەری مەیخانە دەڵێن مەنعــە لە عوششاق
یار فەرموویە گەر هات و بڵێن جێی نییە موشتاق
مروەت نییە خاصکەی بە دڵم شەربەتی غەسساق
مەفتوون و زەبوون (عاجز) و بێ تاوە دڵـــی من

## پێنج خشتەکی

(١)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(ڕەمەلی هەشتی مەحزووف)

یار بە حەلقەی زولف و پەرچەم وا کە جەڕڕاری دەکا
ڕادەکێشی جـــەرگ و جـــانم بۆیێ دڵ زاری دەکا
کردمی مەفتوون دڵم مـــەجبوور هـەواداری دەکا
عاشقی ڕاستم مەڵێن وا کـیذب و غـەدداری دەکا
سا مەکەن لۆمەم کە دڵ وا مەدحـی گوڵزاری دەکا

من لە خەودا دیومە جارێ نووری بێ وێنەی جـەمال
هەر بەوە ئومـێدەوارم ڕۆژ و شەو (فـي كل حال)
بۆ شەفاعەت بۆ نەجاتم وەقتی حوکمی (ذي الجلال)
غەیری جاهو لوطفی تۆ هیچم نییە ئەی بێ میثـال
جـەددمی و جەد بۆ حەفیدی، بێ شك غەم خواری دەکا

چەند کەسی وەك من شەیاطین حیلەیان لێ کردووە
بە هەزار حیلە لە ڕێی حەق زەللەیـان پێ کردووە
تـا لە وەقتـــی مردنیش وتراوە پیسـی مـردووە
چونکە حوببی تۆی بووە ئیمـــانی باشـی بردووە
گەر شەفاعەت کەی خودا مەعلوومە غەففاری دەکا

ڕوو ڕەش و زۆر شەرمەزارم من لە قاپی خوای مەتین
چونکە هیچ چاکەم نییە بۆ ڕۆژی حەشری عالەمین
پاشی ڕەحم و لوطفی یەزدان بۆ عوموومی موجریمین
چیم نییە غەیری شەفاعەتخوازی تۆ ئـــەی نازەنین
غەیری تۆ کێ دێ لەلای خوا بۆم ڕەجـــاکاری دەکا

عومرەکەم هەرچەند درێژ بوو ڕۆیی بێ سود و ثەمەر
پڕ گوناهـ و بێ موبالات بووم لە مـــردن بێ خەبەر
بۆیێ ڕیسوا بووم لە عالەم کەتمە ڕێگـــای پڕ خەتەر
بێ زەخیرە و زاد و تەنیـــا پڕ لە ئاخ و پڕ کەســەر
کێ وەکو من دائیما هــــەر مەیلی بەدکاری دەکـــا

حوببی دڵ گاهـ ئاشـــکرایەو گاهـ دەچێتە غەیبەتێ
گاهـ لە بۆ صاحیب سەخایە و گاه لە بۆ خاڵ و خەتێ
طالیبـــی دوو مەڕحـــەبایە بۆیێ کەوتە میحـــنەتێ
(عاجزا) گەر وا دەوام کەی، دەچیە وسـطی فیتنەتێ
(تب إلى الله) چونکە تۆبە دەفعی غـــەمباری دەکا

(٢)

مفاعیلن مفاعیلن مفاعلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی تەواو)

**لە سایەی قامەتی سەروی تــو ئیستیغـناى لە سێبەر بوو**
**دڵی بولبول لەبەر سونبول بەسەر باغـی گوڵان هــەر بوو**
**لە میحنەت دەرچوو بێ زەحمەت بە ئاوی ڕەحمەتت تەڕبوو**
**خودا ڕەحمی بە حاڵم کرد ویصــالـم بۆ مویەســـەر بوو**
**بە شوعلە و شەعشەعەی ماهم هەموو عالەم مونەووەر بوو**

**گوشـــادی کرد دڵی ناشـــاد بە شـــادی شـــاغیلە جانا**
**بە صافی پڕ صەفا مەی صاف دەنۆشـــی وا لە مەیخـــانا**
**دەمێ شەربەت دەمێ ڕوئیەت دەمێ ئاهەنگ و سەیرانا**
**لە موستەشفای ویصـــالی یـار شیـــفا هێنـــانی دەردانا**
**بە ڕۆژی جەبهەتی ئەو ڕەونەقی ڕووی ڕۆژ موحەققەر بوو**

**لە تاریکی شـەوی زولفـــی بیحــەمدیللاە چــــراغم بوو**
**کە ڕۆژی ڕووی طلووعی کرد بە یەك لەحظە فەراغم بوو**
**لە باغی پڕ هەناری یار شیفـــای قـــەلبی نەســـاغم بوو**
**بە قەطرەی ئاوی گوڵ بولبول دەڵـــێ تـازە دەماغم بوو**
**ژیـــانـی جــاویدانـم بوو جینـانم بوو موصــــەووەر بوو**

**(تعالی الله) چە عیدێکەو عید لەم وەعـدە چــەند دوورە**
**بە خەندەی زار لە ناو گوڵزار لە زار ئــازاد و مەســـڕوورە**
**دڵی مەجنون گوڵــی لەیلا لە ئینعــامی بە ســـەد جوورە**
**لەبی غونچەی وەکوو پشکفت بە عــەینی وەك گوڵ و نوورە**
**بە گوفتــار دانی مــرواری لە ئەســتـاری مـــوئەببەر بوو**

هەتا دەمری لە شوکری شەکری لەشکرکەش بە ئەی قومری
بە صەبری شوکری ئەمری عوسری ئاخیر هەر دەبێ یوسری
وەکو من جن مەکە پێشڕەو نــە وەك لێت ون دەکا فیکری
کە ڕێگەت ظاهیرە ئاخیر لە خـــاطیر مەینە ســـەر ستـری
دەزانی خوێنی زین و مەم لەبەرچی بوو موهـــەددەر بوو

حەقیقەت گەر حەقیقەت بێ طەریقەت حەققـە ئەی دڵبەر
کە کافی و شـــافییە و وافـــی صـــەفایە بۆ دڵی مــوفتەر
موریدی شەنگەبێری قامەت و ســەیدی ڕوخی ئەسمـــەر
دیارە هەر منم مەفتوون بە زولف و پەرچـــەمی ئەحمەر
بەڵام تــۆ بێ موبـــالاتی لە بۆیـــێ دڵ موکەســـــەر بوو

بە حـــوزنی (عـــاجـــز)ی عاجز زەبوون و زێدە سوتـــاوە
نەخۆشی و جۆشی ڕووپۆشی دەماغ و هۆشـــی تێکـــداوە
بە مەیلی مەیلی لەیلـی مـائیلە مـــەیلی بە گشـــت لاوە
لەصەدری صەدری مەحرووم بوو کە هەوری زولفی داداوە
لە نووری نەوری نارنجی بە دەوری خوێن موقەططەر بوو

( ٣ )

مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف)

چەند موددەیە دڵ پڕ خەتەر و مات و حەزینە
بۆ زیارەتی ڕەوضەی شەهو سـەرداری مەدینە
دائیم لە غـەمی دووری بە ئەفغـان و گرینە
خاڵی نییـە یەك دەم لە خـەیاڵاتی مـەکینە
ئەی خوایە چلۆن حاڵەتی من شیوەن و شـینە[1]

یا ڕەبـبی مەسـافەکە بەعیدە بە قەریب بێ
جارێ بە کەڕەم موددەیی وەصلی بە نسیب بێ
بەڵکو دڵەکەم لەم غەمە شاد و بە شەکیب بێ
ئەمجا گەلێ مەمنوونە بە قوربانی حەبیب بێ
ئەی خوایە چلۆن حاڵەتی من شـیوەن و شینە

جارێ چ دەبی بۆمە بە ئیحسان کەڕەمـت بێ
وەك من دڵەکەم پڕ لە غەم و پڕ ئەلەمـت بێ
ڕوحم بە فیدای خاکی بەری پای خەدەمت بێ
گەورەی ڕوسـولی لازمە زێدە نیعـەمت بێ
ئەی خوایە چلۆن حاڵەتی من شیـوەن و شینە

بەینێك کە لەسەر ئوفقی دڵم ڕووت ببێ طالیع
ئەو جەبهەتە وەك ڕۆژە کە نـووری ببێ لامیع
بۆ ئێش و غەم و دەردو بـەڵای من ببێ ڕافیع
تا پڕ بێ لە شادی و بە گوشـادی ببێ قـانیع
ئەی خوایە چلۆن حاڵەتی من شـیوەن و شینە

---

(١) ئەم لەتە بە شێوەی (تەرجیع بەند) لە هەموو کۆپلەکان پاتکراوەتەوە

قوربان وەرە دەرمان کە برینم وەکو طەبیبان
بۆ خاتری (عەلی)[1] لادە لەسەر ڕێگە ڕەقیبان
تا شەممی گوڵەك بێ لە طەڕەف باغی حەبیبان
هەم لاچی غوموومی دڵی مسکین و غەریبان
ئەی خوایە چلۆن حاڵەتی من شـیوەن و شینە

ئەی شاهی زەمان شۆخی جیهان ڕوحی ڕەوانم
موددێکە جەفاخواری گــــوڵی بــاغی جینانم
موشتاقی ویصالــم بە لیقات نـــووری ئیمانم
وەك بولبــولی شــــەیدا لە چ هاوار و فیغانم
ئەی خوایە چلۆن حاڵەتی من شیوەن و شینە

(عاجز) کە جەفا خۆرە لە ناو ئەهلی جەفایان
مەستوورە لە ناو بەرگی غەم و دەردو بەڵایان
فەوتاوە لە دووری جەم و بەڵقیس و سەبایان
مەحزوونە هەمیشە وەك و بێ شەوق و صەفایان
ئەی خوایە چلۆن حاڵەتی من شـیوەن و شینە

---

(١) مەبەستی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبە (ڕەزایی خوای لێ بێ)

# پێنج خشتەکی عاجز لەسەر شیعری شاعیران

## ( ١ )

## پێنج خشتەکی عاجز لە سەر شیعری (عاصی)[1]

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(رەمەلی هەشتی مەقسوور)

**دیل و پابەندی جەهـــالەت غــافڵ و شێتانە خۆم**
**ساکینی کونجــی مەلالەت خــادیمــی بوتخانە خۆم**
**سالیکی ڕێگەی ضــەلالەت پیس و نامــەردانە خۆم**
**(مەست و سەرخۆش و خەجاڵەت، بێ دڵ و دێوانە خۆم**
**دڵ لە دەست دەرچووی خەیاڵی بادەیی مەستانە خۆم)**

---

(١) ئەم شیعرە لەسەر داوای مەلا عوسمان ئیمامی گوندی سمایلاوە داندراوە، دیارە ناوبراو داوای لە (عاجز) کردووە، ئەم شیعرەی عاصی بۆ تەخمیس بکا، مەلا عوسمانیش دیارە بۆ مەلا سابیر ناوێکی ناردووە و ئەویش نامەی بۆ ناردۆتەوە کە بە دەستی گەیشتووە. لە کۆتایی ئەم شیعرەدا (عاجز) وای نووسیوە: تم - بعون الله - بخط مخمسة عبدالله محمد الحسینی امام و خطیب جامع چمچمال من اجل اخي في الله الملا عثمان امام قریة (سمایلاوة) وفقة الله وایانا لما فیه رضاه..چەمچەماڵ فی ٩ شوال ١٣٨١ هـ - ١٩٦٢م.

پەندی پەند گۆیان لە من قاپی خراپەی دانەخست
بەڵکو دائیم بووم بەرامبەر ناصیحانم بەرهەڵست
بێ موبالات بووم لە ئەفعالی دروست و نادروست
(بێ شعور و خۆ پەسند و هەرزەگۆو دونیاپەرست[1]
لێ وەشاوەی سەرزەنیشتی ئەقریباو بێگانە خۆم)

قەت مەکەن باوەڕ بە من هەرچی بکەم هەرچی بڵێم
چاکە زۆر دوورە لە من زۆر زەحمەتە قەت بێتە ڕێم
با بە سیمای صاڵحانیش بێمە بەر چاوتان کە بێم
(گەرچی ظاهیر وا دەبینن دائیما مزگەوتە جێم[2]
سینە پڕ بوغض و حەسادەت طالیبی ئەفسانە خۆم)

کەس وەکو من بێ عەمەل خۆی ڕووت و ڕیسوا قەت نەکرد
نەفسی ئەممارەم بە چاکە بۆ خوا قەت پەت نەکرد
بەڵکو ڕێم بۆ سەر خەیاڵ و مەیلی ئوخرا قەت نەبرد
(سەد ئەسەف عومرم تەواو بوو ڕووم لە تەقوا قەت نەکرد
بێ زەخیرەو مایە پوچ و دڵ ڕەش و وێرانە خۆم)

بێ پەناو بێ بەرگ و کیسوەت بێ نەواوو پڕ قەلەق
غەرقی ناو دەریایی شەقوەت بێ صەفا وەك پڕ مەرەق
حامیلی ئەوزار و قەسوەت بۆ جەزای بەد موستەحەق
(بێ دڵ و ئیدراك و صەفوەت بێ وەفا دەرحەق بە حەق
گێژ و بێ فیکر و دەماغ و بێ مەی و مەیخانە خۆم)

---

(١) لە دیوانی (عاصی) بەم جۆرە هاتووە:
بێ شعوورو خودپەسەندو هەرزەگۆو دونیا پەرست
لێوەشاوەی سەرزەنشتی ئەقریباو بێگانە خۆم

(٢) لە دیوانی (عاصی): گەر چە زاهیر وا دەبینن دائیما مزگەوتە جێم

نەفس و شەیطان هاتن و منیان بە قایم ڕاوەشــاند
هەر بە یەکجاری خـەیاڵی چـاکەیان لێم داتـەکاند
دوای ئەمە بـەرگی ئیطاعـەتیان لەبەرمـا دادڕاند
(سەرفی عومرم کرد لە دونیا تۆوی چاکەم هیچ نەچاند[1]
بێ بەشی خەرمانی طاعەت، ڕەنجەڕۆ و بێ دانە خۆم)

ماسی سەر سەودایە دڵ تێنی لە ناو دەریـایی ڕوون
عاشقی شەیدایە دڵ بۆ خـــەندەیی لەیـلایی بوون
چاوەشـــی دونیایە دڵ وەك مـوطریبی دارایی هوون[2]
(شەمعی بەزم ئارایە دڵ بۆ جـیفەیی دونیایی دوون[3]
دین و دڵ سوتاوی دونیا عەینی وەك پەروانە خـۆم)

**غەرقی دەریای بێ بنی غەم پڕ لە ئاخ و پڕ میحـــەن[4]**
**دائیمـــا چاو شـــۆڕ و ڕوو زەردم لە قـاپی (ذو المِنَنْ)**
**باعیشـی بەدکارییـــە دووربووم لە ئەحـــباب و وەتەن**
**(ئەی مسوڵمـانان دەخیلە ئێوە وەك من قەت مەکەن[5]**
**ڕووت و ســـەرگەردان و مەهجوور وا لە ڕێی جانانە خۆم)**

---

(١) لە دیوانی (عاصی) بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە، کە پێمان وایە دەقەکەی (عاجز) لە رووی واتاوە لە راستی نزیکترە:

سەرفی عومرم کرد لە دونیا تۆوی چاکەم قەت نەچاند
بێ تەمای فەرمانی تاعـەت رەنجەڕۆو بێ مـایە خۆم

(٢) لە دەستنووسی سەرەتا، کە ئەم شیعرەی بە نامە رەوان کردووە، ئەم دێرە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
چاوەشی دونیایە دڵ وەك موتریبی بێ جایی بوون
بەڵام دیارە سەرواکە دووبارە دەبێتەوە، بۆیە لە دەستخەتی دواتردا دەستکاری کردووە.

(٣) لە دیوانی (عاصی) وا نووسراوە: شەمعی بەزمارایە دڵ بوو جیفەیی دونیایی دوون

(٤) لە دەستخەتی نامەکەدا لە جیاتی ئاخ، وشەی (ئاهـ) هاتووە

(٥) لە دیوانی (عاصی) وا هاتووە:
ئەی موسوڵمانان دەخیـــلە ئێوە وەك من قـەت مەکەن
رووت و سەرگەردان و مەحرووم وا لە رووی جانانە خۆم

تاکو ئەتوانن بە جاریَ نیَر و مـێ و وردو درشت
تۆبەیی خالص کەن و وەصیەت بە چاکە پشت بە پشت
ناهیی یەکتربن لە گفتوگۆی بەدو ئەفعالی زوشت
(ڕوو لە مەولا کەن بەڕاستی نەك وەکو من بەد ڕەوشت
ئەی وەکوو تەیریَکی سەر باڵ بیَ نەواو هیَلانە خۆم)[1]

گەر دەرم کەی تۆ لە قاپیی ڕەحمەتت مەولای مەتین
کیَ هەیە بۆ من ببیَتە مەلجەئو مەئوای حەصین[2]
غەیری تۆ کیَیە غەفوورِ و بیرِ و (خیر الراحمین)[3]
(ڕوو لە کیَ کەم ڕوو لە کیَ کەم (یا إله العالمین)
وا لە بەر دەرگاهی عەفوت ڕوو ڕەشی بیَ یانە خۆم)[4]

جاهیلە هەر کەس کە غافڵ بیَ لە شوکری نیعمەتت[5]
غافڵە هەر کەس کە خاڵی بیَ لە ترسی نیقمەتت[6]
چونکە (عاجز) جاهیل و پڕ غەفڵەتە بیَ خیدمەتت
(دەنگی دەققولبابە یاڕەب وا لە قاپی ڕەحمەتت
بانگ دەکا (عاصی)م و هاتووم بیَ وەفاو پەیمانە خۆم)[7]

---

(١) لە دیوانی عاصی وا هاتووە:
ئەی وەکوو تەری کەسیرە بیَ نەواو هیَلانە خۆم
(٢) لە دەستخەتی نامەکە ئەم دیَرە وا هاتووە: کیَ هەیە بۆ من ببیَتە مەلجەئو حیصنی حەصین
(٣) لە دەستخەتی نامەکەدا: غەیری تۆ کیَیە غەفوورو کیَیە خیر الراحمین
(٤) لە دیوانی عاصی بەم شیَوەیە هاتووە:
ڕوو لە کویَ کەم ڕوو لە کویَ کەم یا ئیلاهەلعالەمین
وا لەبەر دەرگاهی عەفوت ڕوو ڕەش و بیَ یانە خۆم
(٥) لە دەستخەتی نامەکەدا: غافڵە هەر کەس کە جاهیل بی بە شوکری نیعمەتت
(٦) لە دەستخەتی نامەکەدا: جاهیلە هەر کەس کە خاڵی بیَ لە ترسی نیقمەتت
(٧) لە دیوانی (عاصی) وا هاتووە:
بانگ دەکا (عاصی) مە هاتووم بیَ وەفاو پەیمانە خۆم

( ٢ )

## پێنج خشتەکی عاجز لەسەر شیعری مامۆستا شێخ عومەری بالیسانی

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن
(هەزەجی هەشتی مەحزووف)

**لە بەزم و ڕەزمی ئەم دەورە کە عالەم هەندە بێ باکا**
**خەیاڵی مردن و حەشر و حیسابی ئەو سەری ناکا**
**دەترسێم زۆر لەسەر ئەم حاڵە قابیض بێ بەرم لاکا**
**{دڵا هەستە بەسە ئیتر تەعەممـوق بەس لە دونیا کا**
**لە بۆ ڕۆژی قیامەت حەول دەو ڕووی خۆت لە مەولاکا}**

**لە ڕێگەی صاڵحان خۆت لامەدە بۆ ڕێی ڕەزیل و خنس**
**مرادت هەر خودا بێ گوێ مەدە لۆمەی عموومی جنس**
**ڕەفیقیشت نەبی بگرە بە قورئان و شەریعەت ئونس**
**{لە ئەقوالی ئەبالیس و شەیاطینانی جینن و ئینس**
**تەجەنوب کەو تەشەببوس هەر بە فەرماییشی طاها کا}**

**بە ئیخلاصی عەمەل دونیاو ڕیا هەردووك موطەللەق کە**
**بە زیکری خوا لە قەلبت دەرگەیی شەیطان موغەللەق کە**
**بە فیکری مردن و قەبر و سوئالیش دڵ موفەللەق کە**
**{عەلائیق کەم بکە خۆت وا بە ڕێگەی دین موعەللەق کە**
**هەتا ماوی زەخیرەو زادی پاش مردن موهەییا کا}**

لە طاعەت هیچ مەکە تەقصیر دڵ و جەرگت بکە بوریان
مەبە چیدی فیدای دونیا دەمێ واز بێنە لەو طـوغیان
لە پێش مردن بکە تەدبیری دەفعی قەسوەت و عیصیان
{لە پاش مردن نەفع نادا تەضەڕڕوع زاری و گــریان
ئەگەر عەقڵت هەیە ئێستا وەرە کۆشش لە بۆ خوا کا}

تەماشای ئایەتی (لا تقنطوا) کە چـۆنە لوطـفی خوا
لە بۆ عەبدانی موسریف وەعدەیێکی چۆنی فەرموو خوا
ئەتوش وەك وان مەڵێ تۆبەم قەبوڵ نابی لە خدمەت خوا
{گوناهت گەرچی بێ ئەندازەیە ئەممــا وەرە توخوا
دەخالەت بەو شەهەنشای ساکینی یەثریب و بەطحا کا}

کە چونکە هەر ئەوە شافیع، مودەببیر خۆیتی ئەو سەروەر
عیلاجت زوو دەکا مەعلووم لە سوتانت دەبـاتە دەر
جەلەو کێشت دەبی بۆ ڕێی نەجات تا حەوزەکەی کەوسەر
{ئەوا ئەو زاتە وەقتی شیددەت و ئەهوالەکەی مەحشەر
لە بۆ ئەو بەس کە زاتی حەق بە (سل تعطی) مونادا کا}

لە بۆ چاوشۆڕی ئوممەت ئەو وەکـو زەڕڕین کولاهێکە
لە حەشرا سەر بڵندە بەو لە چاو عالــەم کە شاهێکە
وەرە ئەمجا تەماشــای کە، کە صـاحێبی چ جاهێکە
{کە شـاهێکە لە بۆ ئوممــەت نییە میثـلی پەناهێکە
لە وەقـتی زەلزەلەی ســـاعەت (انا لها کدعوی) کا}

(محبّ الـمحسنینَ) ئەو، (کبیر الـمــرســلینَ) ئەو
(طبیب الـمقتدینَ) ئەو، (منجّــی التــابعـینَ) ئەو

(أمين الـمســـلمينَ) ئەو، (حبيب الـمـهــتدينَ) ئەو
{(شفيع الـمـــذنبينَ) ئەو، (رحمة للعالـمـــينَ) ئەو
لە فەضلی ئەو تەماشای {سوف یعطیك فتــرضا کا}[1]

وەرە (عاجز) هەتا ئێستا کە مەغروور بووی لە عالەم نیز
لە شەیطان و نەفس بۆ خۆت هەتا ماوی بکە پـەرهیز
نەوەك بۆ مردنیش ببنە قـەرین ئـامێزی دەر ئـــامێز
{(عومەر) بۆ تۆمە ئیتر مائیـلی دونیـــا مەبە هـەرگیز
وەفای بۆ کەس نەبوو نابی هەمووی چاندینە لەم خاکا}

---

(١) ئاماژەیە بۆ ئایەتی (ولسوف یعطیك ربك فترضی)/ سورة الضحی

## ( ٣ )

## پێنج خشتەکی عاجز
## لەسەر شیعری (ڕاجی)

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف)

**چەند ساڵە دڵم پڕ خەفـــەت و زار و ئەلیما**
**بۆ وەصلی قەدی سەروی لە نێو باغەوە دیما**
**ئیمڕۆ کە لە مەیخـــانە سرووڕێکی عـەظیما**
**ســـاقی وەرە تۆ پـڕکە پیاڵە ســەر و سیمـا**[1]
**{قد صـــرت علی البـــاب فقـــیراً ویتیمـــا}**

**هەرچەند کە لە گوڵزاری ئیرەم بێ بەش و دوورم**
**لەو خوڕڕەم و بەزم و طەڕەبە زار و حسوورم**
**گەر بمکوژی ڕازیمە کە من طـــالیبی نـــوورم**
**بۆ ڕۆژی قیامەت لە هەموو جەورێ ئەبوورم**[2]
**{إن جئـــت إلینـــا بلآلیـــك نعـــــیمـــا}**

**فەوتاوە بۆ نارنجی تەڕی گوڵ بە دەمـــت مرد**
**مەفتوونە بە چاوت دڵەکەم پڕ ئەلەمـــت کرد**
**لەم حاڵەتە پیر بوویمە مەڵێ بۆچی کەمت کرد**

---

(١) لە دیوانی (راجی) دا ئەم دێرە بەم شێوەیە هاتووە:
ساقی وەرە تۆ پڕ کە پیاڵەی سەرو سیما

(٢) لە دیوانی راجی وا هاتووە: بۆ رۆژی قیامەت لە هەموو جۆرێ ئەبوورم. کە پێمان وایە (عاجز) راستتری نووسیوەو جەورێ یە نەك جۆرێ، پێدەچێ ساغکەرەوانی دیوانی راجی کە بەم دواییانە چاپیان کردووە، کەوتبنە هەڵەوە.

عومرێکی درێژم به هەبا صەرفی غـەمت کرد
{فأنظــرنی لأن كـيف ترى العظــم رميمــا}

وەك بولبولی حەیرانه له دەوری گوڵی پێچەت
یاخۆ وەکوو پەروانه له عیشقی ڕوخ و چۆچەت
نابینی چه جەورێکی به من دا سەر و پێچـەت
کەوتوومەته ناو داوی بەڵای زولفی به پێچەت
{وكـــلـــت علــى اللــه حســـيباً و كريمــا}

ئەو قامەته وەستاوه دەڵێی ســەروه له گوڵزار
ئەو جەبهەته وەك مانگی له ئاسمانه به ئەنوار
ئەو لێوه کو گوڵ غونچه منی کوشتووه یەك جار
ئەو نەرگسـه شـــەهلایه ڕفـــاندوویه دڵی زار
{لا تقبل عينـــاك مـــع القلب قســـيمـــا}

ئافات و بەڵا گشتی له ناوی تــۆ بەدەرکەوت
تاڵانی دڵان بۆ قەدی لاولاوی تۆ هـــەرکەوت
ڕوو زەردی گوڵان وا له گوڵاوی تۆ بەدەرکەوت
سەرچاوەیی کەوسەر که له چاوی تۆ به دەرکەوت
{من قــاد لِعَينَيك فقــد صــار نديـمـــا}(١)

(عـاجز) که ئەسیره به ڕوخ و پەرچەمی تاتات
جارجار که دەکا مەیلی لەبی لەعلی شەکەر خات
موشتاقه له بۆ وەصلی قەدی لاو و شەهەنشات
(راجی) به هەموو دەم که دەسوتێ به تەماشات
{فارحَمــهُ مِـــنَ اللهِ وَواصـــله زَعــيمـــا}(٢)

---

(١) له دیوانەکه وا هاتووه: من تارك عينيك فقد صار نديما
(٢) له دیوانەکه وا هاتووه: فأرحمه من الله وأوصله زعيما

( ٤ )

## پێنج خشتەکی عاجز لەسەر شیعری ناری و تاهیر بەگ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلان
(هەزەجی هەشتی مەقسوور)

بە عیشقی ڕووی گوڵی یاران موطیعی موغبەچەی کردین
بە ئەگریجەی ئەسیری دەست و پەنجەی پڕ خەنەی کردین
بە دوو لیمۆی لەسەر سینەی کە فێری دەس گەمەی کردین
(بە غەمزەی چاوی مەخمورو سیاهی مەستی مەی کردین
بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین)

خودایە غەیری تۆ کێ خۆی دەکاتە دادخواهی من
لە جەوری دولبەران کێ دێتە ئیمدادی سوپاهی من
کە ژین و دین بە غارەت چوو لە دەس بەختی سیاهی من
(ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بە ئاهی من
کەچی دەستی لەسەر دانا لە سەیری باغ و بەی کردین)

لە وەقتی شادیا جانا کە دڵ کەوتۆتە خامۆشی
مەکەن لۆمەی لەبەر جەوری حەبیبان لای نەما هۆشی
لە حیلە و مەکری ئەو شۆخە بە جەبری کەوتە ناخۆشی

(بە هەوری پەرچەم و زولفی ڕوخ و ئەبرۆی کە داپۆشی[1]
لە شەوقی ڕوئیەتی بەدر و هیلالی یەك شەوەی کـردین)

شەوی زولفی ئەگەرچی دادەپۆشی خەددو کولمـــانی
ئومێدم هەر هەیە جارێ لە ناکاو لوطــفی سوبحـــانی
نەجـاتم دا لە غـــەم تا دڵ بڵێ بوشـــڕا لە خـــوللانی
(ئەگەرچی کوشـــتنی خۆ قـــابیضولئەڕواحە موژگـــانی
بە قانوونی مەسیحـــایی بە خەندەی لێوی حـەی کردین)

**وەرە (عاجز) لە دەورانی فەلەك بەس شـــین و شەکوا کە**
**هەتا ماوی بە عیشـــقی یار لە جـــان و دڵ تەبـــەڕڕاکە**
**مەناڵێنە کو مەجنوون خۆت هـــیلاکی زەخمـــی لەیلاکە**
**(عیلاجی دەردی دڵ (ناری) لە (تـــاهیر بەگ) تەمەنناکە**
**بڵێ ئیمڕۆ گوڵ ئەندامێ بە تیرێ جـــەرگی پەی کردین)**

---

(١) ئەم لەتە (ناری)یش بەم شێوەیەی هێناوە، بەڵام لای (صافی) و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر شیعری تاهیر بەگ و ناری هاتوون بەم شێوەیەی خوارەوە هاتوون:
بە هەوری پەرچەم و ئەبرۆ و ڕوخ و زوڵفی کە داپۆشی

( ٥ )

## پێنج خشتەکی عاجز
## لەسەر شیعری (وافی)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)

**من لەبەر مەکری حەبیبم بوومە سـەودایی زەمین**
**جار بە جار مەسرووور دەکا دڵ جار بە جار دەیـکا حەزین**
**شاهیدە دونێ کە هاتە سەر حەصـاری شاری چین**
**قوببەیی[١] سینەی نیشاندام پێی گوتم ئەی ڕاغیبین**
**(هذه قَصـر بناهـا ربنا للعـاشـقین)[٢]**

**بولبول ئاسا نەغمەخـوانی کرد لە موشـتـاقی بـوتی**
**دڵ سەبەب بەو مـوژدەیە تەعـجیلی پەیدابوو وتی**
**من ئەوا چووم تۆش وەرە شەوقە لە موستەشفای حوتی**
**چوومە ژێر تاقی[٣] سەراپەردەی ئیشارەی کرد گـوتی**
**(لا سبیـل للدخـول هنا للسـائلیـن)**

---

(١) لە دیوانی (وافی) کە لەژێر ناوی بەشێك لە دیوانی (موخلیس)ـە، قوببەتی یە نەك قوببەیی
(٢) لە دیوانی (وافی): (ذلك)ەیە نەك (هذه).
(٣) لە دیوانی (وافی): چوومە ژێر تاق و

مەنعی کرد لەیلا لە وەصلی دڵ کو مەجنوون کەوتە کو
کەس نەبوو لوقمانی دەردم بۆ شیفایی زوو بە زوو
نا عیلاج بووم هاتمەوە بەر قاپی یاری ماهـــی ڕوو
پێم گوت ئەبرۆت دڵڕفێنە پێکەنی فـەرمووی ئەتوو
(لا تلمــنی إن هـــــذا نقـشُ رب العـــالـمـيـــن)

پێم دەگوت تاکەی لە من غائیب دەبی وەك لاهووتی
چـــی دەبێ جــارێ ببینم بەدر و کــافووری ڕووتی
حـــــوببی تۆیە بـــاعیثە بۆ ئیخـــتیاری نــابووتی
بۆچ بە ئەبری[١] زولفەکەت خورشیدی ڕووت پۆشی؟ وتی
(مـــــا فــعــلت ذاك إلّا عبـرةً للنــاظـــرين)

جانە بەس کە من بە حیلەت لێم بزربوو نـــاوەکەم
زۆر لە مـێـژە تێدەکۆشـــم بۆ جەماڵت ڕاوەکـــەم
(مـــا سمعـــتُ من لســـان الوصل إلاّ لا وَکَم)[٢]
موددەییێکە وا دەســوتێم خۆ عـــەزابیش چاوەکەم
(لا یزادُ بَـــل عـــلی مقــدار ذنبِ العـــاصيين) [٣]

تۆ کە سوڵـتـــــانی جیهـــانی والیی تەختی خوتەن
لازمە لوطــفت ببێ دەرحـــەق غـــەریبانی وەتەن
وەعدە دان و بێ وەفایی عارە بۆ وەجهـــی حەسەن

---

(١) لە دیوانی (وافی): بۆچ بە هەوری

(٢) ئەم لەتە دێرەی (عاجز) وەستاکاری و هونەرکارییەکی جوانی تێدایە کە دەشێ دوو واتا ببەخشێ، یەکەمیان واتە: من لە زمانی وەسڵدا لە وشەی (لا) و (کم)ی عەرەبی بترازێ، چیترم نەبیستووە. دووەمیان واتە: من لە زمانی وەسڵدا تەنیا دەربڕینی (لاوەکەم)م گوێ لێ بووە.

(٣) لە دیوانی (وافی): لا یزاد بل علی مقدار ذنب المجرمین

(وەعدەدادی با من و رفتی چو ئاهــو بە چەمەن)[1]
{لیتنـــی کنتُ تراباً مـــــا رأیتُ الواعـــدین}

(عاجزا) عەشقی عەزیزان گەرچی لۆت بێ فـایدەیە
سەرفی عومرت کە بە جددی ڕووت بکە ئەو قیبلەیە
نابینی چەند کەس وەکوو موبتەلای ئەم دەردەیـــە
(وافی) تا ماوە ئومێدی شەهدی وەصلی هەر هـەیە
{قـاتــل اللـــهُ الرقیـــب انه من مـــانعـــین}

(١) واتە: تۆ گفتت بە من دابوو، کەچی وەك ئاهوو کە بۆ ناو چەمەن دەڕوا، ئاوا ڕۆیشتی.

## ( ٦ )

## پێنج خشتەکی[1]

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)

**قـــاصید وەرە مژدە بەرە بۆ لای هـــەموو لاوە**
**ئیمان غەلـەبەی کردووە، کـــوفریش بووە بڵاوە**
**بەم عـــیدە برینی دڵـــی بێچـــارە کـــولاوە**
**ئەم لاوە وەکـــو لاولاوە تەماشـــاکـــە چ لاوە**
**وەستاوە ئەوەند خـــاوە دەڵێی خـــاوە ڕواوە**

**ئەم دڵبەرە وەك حەیدەرە بێ خەنجـــەرە ناوی**
**قـــــاتیلە وەکوو فیـــلە بە حیـــلە قەدی لاوی**
**بەو لەنجەیە بەم پەنجەیە قـــەت ناکا تـەداوی**
**قەد عەرعەرە لەب شەککەرە ڕەنگ ئەسمەرە چاوی**
**غەممازە پڕی نـــازە دەڵێی بـــازە لـــە ڕاوە**

---

(١) ئەم پێنج خشتەکییە نووسراوە (تخمیس عاجز الحسینی بر غزل ....) بە داخەوە ناوی شاعیرەکە سڕاوەتەوە و ناخوێنرێتەوە. هەروەها نە (عاجز) و نە شاعیرەکەی دیش لە کۆپلەی کۆتایی کە وەك دابێکی شیعری کلاسیك دەبوایە ناوی خۆیان هێنابا، بەڵام ناوی خۆیان نەهێناوە، بۆیە پێدەچێ پێنجخشتەکییەکە هەمووی هەر هی شاعیر خۆی بێ.

رەنگینەوو شیرینە چــو هەنگینە لـــە شـــانە
ئەم دلبەرە بۆ نەشـــتەری وەك تـیغی دەبـــانە
كردی دلی عوششـــاق و غـــەریبان بە نیشـــانە
كون كون بو جگەر تیری بە پڕ هـات لە كەوانـــە
فـــەوتـــاوە كە كـــوژراوە دلـــم كاری كراوە

ئەو دلبەری خاڵ عەنبەری لوقمـــانی دلـــم رۆی
وەك بەدر و هیلالە كو غـــەزالە بە مشـــك و بۆی
جەللابە گوڵم بۆیێ بـە دڵ بـــۆ دەری ئـــەو ڕۆی
ڕووی وەك گوڵە مووی سـونبولە خاڵ فلفلە ئەبڕۆی
شمشـێرە مـــوژەی تیرە بە ســـەد لـــیرە كڕاوە

ئەم دەوڵەتە پڕ صەولەتە بەم زولفەی كو مـــارە
لەم باغەوە لەدداغـــە بە داغـــە وەكو نـــارە
لەم حاڵە بە ناڵە دڵـــی شـــەیدا بوو بە پـــارە
ئەم قامەتە ئەم صـوڕەتە ئەم نەقش و نیگـــارە
مەعـــلوومە لە عـــالەم كە بە پڕگار نەكشـــاوە

دڵ خەستەیی دەم بەستە لەبەر حەسرەتی حوسنی
بێ هەستە لەبەر دەستە لەبەر سەروەتی حوسنی
بێ بەختە لەسەر تەختی لەبەر كەثرەتی حوسـنی
سەرمەستە عەجەب مەستە لەبەر دەوڵەتی حوسنی
خۆی بوویتە جەفا پشت لە وەفا مـــەیلی نەماوە

# بەشی عەرەبی

# القسم العربي

## ( ١ )

## القصيدة الهمزية في ذم الدنيا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(الرمل السداسي المحذوف)

كُلُّ مـــا في هذهِ الدنيا هباء ... لَيسَ للدنيا ومـا فيهـا بقـاء
لا تثقْ يا صـــاحِ بالدنيـا ولا ... تَرجُوَنْ منهـا وِداداً أوْ وفـاء
كـمْ مليكٍ كمْ أَميرٍ كمْ وزيـر ... بعدمـا كانوا لها بالاعـتناء
دَمَّرتْهــم وَرمَّتهــم بَـغتةً ... في مهاوي الذُلّ في وادي الفناء
هكـــذا كانت تُرى أحبابُهـا ... كلّ شرٍّ حينمـا حان الجفـاء
إنهـــا مكّـــارةٌ غـــدّارةٌ ... ساعة تَصـفُو وتُغـرى بِالولاء
ثم دَهراً لا تـرى منها سـوى ... إجتنابٍ منكَ فـي أقـوى عداء
هذه الدنيــا وهـــذا صُنْعُها ... بِالذي يَصبُو اليها فـي صفـاء

* * *

( ٢ )

## قصيدة ألفية[1]

مفاعيلن مفاعيلن فعولن
مفاعيلن مفاعيلن فعولن
(الهزج السداسي المحذوف)

ألا يـــــا سيّدي عَفواً فَعَفــواً        فأني مخلصٌ قـــــوماً وحَــبواً
وشــرح الحال إن كان فــذكرى        ولم يكُ فيه ما يدنيك لَغـــواً
ولا تحـــــزن فإني لــم أبيّــن        لغيري مــا به عُيّنتَ نحـــواً
وهـــذا شـــــاهدٌ أني مُـذكرْ        ولستُ أردتُ بما ذكرتُ شكوى
ولكن ليت شـــعري من حكاهُ        بتبديلٍ وتحـــريفٍ مقـــوّى
و انّي آمِلٌ من عــــالمِ الغيبْ        يُجازي صاحب الوجهين شقواً
فإنَّ إيــــاه كنت فهو حسبـي        و إن قد كانه فالنـــار مثوى
ولو أنّا كمـــــا قلتم حكمنا        بظاهر شرع مولانا فزهـــواً
رضــينا قسـمة الرحمن فينـــا        لنا فقهٌ وللأشــياخ دعـــوى
وفي تقليل مــكتـوبي قفـــوتُ        لِما أسلفتمـوا من قبلُ قفـــواً
و إن تسأل عن الأوضاع حَمـداً        لربّي ما رأينا الحـــزن مــأوى
فكلّ نهارنـــا الافـــــراحُ جَمّاً        و كلّ ليلنـــا يأتـي بـمـــهوى

---

(١) هذه القصيدة الألفية، أجبت بها عن كتاب لأستاذي الملا محمد الباليساني، ضمنه عتاباً عليَّ في شيء حينما كنت في خورمال إماماً وخطيباً رسمياً في جامعها وكان الأستاذ المذكور في أربيل آنذاك في ١٩٥٥/٢/١٩م.

وولائم بيتنـــــا آنـــاً فآنـــــاً ونحن عروسُها مـــنّاً وسلـــوى
نهنئْكـــم بأيّـــامِ الـــــولائمْ ونهنّيء نفسنا لعـــباً ولهـــواً
وتبشـــيري بأحـــوال أخينـــا جُزيتم عنه جـنـّاتٍ وحلـــوى
ألا يـــا نومُ ليس الوقت وقتـكْ فدعني أكتب الأشعـــار رَهـــواً
ظلمتَني يـا نُعاسُ غلبتَ عيني فجعلتَني (عاجزاً) من كلّ نجوى

( ٣ )

## قصيدة بائية[1]

فعولن مفاعيلن فعولن مفاعيلن
فعولن مفاعيلن فعولن مفاعيلن
(بحر الطويل)

حبستم دموع الحزن مثل السحائبِ ... وهذا يشير لانقطاع النوائبِ
ودمع عيوني ليس مثل دموعكم ... ولكنه موجٌ بِيَمّ المصائبِ
وفقد ابتهاجٍ بالفراق يفيدنا ... بأنكم أحياءُ في ضوء دائبِ
و إني من الحزن لَمَيْتٌ بظلمةٍ ... كظلمة قبرٍ في قِفار الغرائبِ
ولكن قفا نبكى على ما مضى مِنّا ... من الوصل والأفراح من دون حاجبِ

---

(١) هذه القصيدة البائية أجبت بهاء أخي في الله ملا عبدالله السيبرداني حينما كنت في خورمال وكان هو في سيبردان حين كنت اماما و خطيبا في ناحية خورمال.

## ( ٤ )

## قصيدة تائية

مستفعلن مستفعلن مستفعلن
مستفعلن مستفعلن مستفعلن
(الرجز السداسي التام)[(١)]

هــامتني ورقــاء إذا مــــا غنّتِ　　لحناً شجياً زادَ مـــني حــرقتي
بهديـرهـــا زادتني آلامَ الهـــوى　　لـمـا بلحنها النســيم هـــبتِ
تشدو ويلهو العاشقون بشدوهـــا　　عن نفسهم من أجل تلك الشدوةِ
فـــكأنها بالشدو تنسيني الهـــوى　　هيهات مـــا تبغي و ناءت سلوتي
يـــا ويلها مــن مستهام بالنــوى　　يا ويلها ألحــــانها قـــد مــلّتِ
أفـــلا درت أنـــى متيِّم غيرهـــا　　وليس ذا من جنسهـا أو مـــلّةِ
وكـــذا البلابل غــردت وتَنغَّمت　　وأتتْ لسلواني بأحســن نغــمةِ
ســجعت بأجمل سجعة وتغرَّدت　　كيما بذا عني تُخفّـف لوعــــتي
زعمت بأن هـــواي كان لـمثل ما　　تهواه مـــن شـرب لأوّل قـــطرةِ
وتـــزيّنـــتْ ليلى وميٌّ تحسّـنت　　بـمـــا لسعـــدى ثم لبني عـــزةِ
وتجملت رِيـــا وبيـــا نخلـــة　　بجمـــال مــــيلاءٍ وزينب رمــــلةِ
وجميلـــــة وعقيلـــة ولطيفـــة　　وظـــريفة نعــــمى بحسن بثينةِ
يـــزعمن تخفيف العنا عني بـــذا　　حاشاي أســلو دون نيلـي بغيتي

---

(١) أوزان هذه القصيدة مختلطة، بعض ابياتها على وزن بحر كامل صحيح (متفاعلن متفاعلن متفاعلن).

| | |
|---|---|
| يـــزعمن أن تطرفي وتـــأملـــي | من طرفهن وليس ذاك بـمثبَتِ |
| كـــلا فلا هـــذا ولاذا والـــذي | من قبل تسليني وربِّ الكعـبةِ |
| طيف أتـــاني من جبـــال تهـــامة | فجوانحي اهتزّت به في دهشةِ |
| جبل بـــدا وبرأســـه نـــور بـدا | كطور سيناء بنـــارٍ شـبَّتِ |
| هـــذا وهـــي ذا ملّـه ما ملّــه | يا من له بنجاته مـــن محـنةِ |
| بيت به طاف الأولى هـجروا الأولى | في حبهم كانوا بأمـــتع لـــذةِ |
| لَهَفي على هجران مَن ملئوا الحشا | بلواعجَ مِن حُبِّهم يـــا حسـرتي |
| أســفي على بعـــد الديار وغلقـها | عنى وطردي من ديار أحبّتي |
| مـــاذا يكون إذا أكون بقــربكم | وبحبكم أصبحت رهن مشـقةِ |
| مـــاذا يكون إذا إكون بـموقفٍ | منكم كموقف قائم في خـدمةِ |

## ( ٥ )

مستفعلن مستفعلن فاعلن
مستفعلن مستفعلن فاعلن
(بحر السريع)

وقد كتبت هذا الرباعيّ:

احذرْ من الدنيا وَمِنْ أهلها
فكلُّ مَن يَفعَل ذا يَســـعَدُ
واتَّـقِ ربّاً قـــادراً إنّـــــه
مَن يَتَّقِ اللهَ هو الأســـعَدُ

## (٦)

### قصيدة لامية[1]

مفاعيلن مفاعيلن فعولن
مفاعيلن مفاعيلن فعولن
(الهزج السداسي المحذوف)

أَتيــتك يــا إلهي يـــــا جـليلُ     و إني عـبدك العاصي الذليلُ
طـرقتُ الباب فــافتح لي بخـيرٍ     ولا تنهر عُبَيداً يستمــــيلُ
وإني تحــت بـــاب البيت واقفْ     بِحُسن الظّنّ يا نعم السبيلُ
ففي القـرآن مـــن يدخُلْهُ يُؤمَنْ     وها أني دخلـــت أستـقيلُ
إلهي نَجِّني مِـنْ ســـوء فِعلي     فإن الحسن في فعـــلي قليلُ
تَعدّيـــتُ حـــدودَ الله كُلاًّ     فلولا رَحْمُ مولانا الجـــزيلُ
لَكُنتُ أَخْســـرَ الـمخلـوق طُرّاً     بيومٍ يَعرِضُ الخَلقَ العـويلُ
فإن تغفر فنعم الحظُّ حظّـــي     وإن تطرد فيا بئس الوبـيلُ
فيـــاربّي إليك اعتـــــذاري     فإني إمْرُؤٌ نـــاسٍ جَهــولُ
جعلتَ العفو من شِيَمِ الكـــرامِ     وعفوك لا يساويه جــميلُ
(أَعبدَالله) تب وارجـــع إلى اللهْ     فإنّ اللـــه غَـفّارٌ جـــليلُ

---

(١) هذه القصيدة اللامية كتبتها في مكة المكرمة، في سفرتي الثانية للحج.

# ( ٧ )

## على الدين يبكي[1]

فعولن مفاعيلن فعولن مفاعيلن
فعولن مفاعيلن فعولن مفاعيلن
(بحر الطويل)

على الدين يبكي اليوم من عنده فهـــمُ ... ينوح عليه من لدى قلبه رَحــمُ
لقد صار مهجوراً مـن الكل لا يَــــدري ... بأيٍّ يلوذُ لا يَمسّــنَّه رَجـــــمُ
يرى الكلّ حرباً وهو لايَدري ما السّببْ ... أمِنْ إقتراف الذنب أم لا له جُرمُ
ســـــوى أنّهم لمّـــا رأوه هــــدايةً ... تُنوِّرهم نوراً به المرؤ قد يسمُــو
أذلّـــوه حتــــى كـــاد أن يطفؤنـه ... جزاءً لإحسانٍ به قرمهم قـــرمُ
فصــــار عــزيز القوم قــد ذلّ بينهم ... وليس له خالٌ وليس لــــه عمٌّ
شهادَة (عبدالله) لـــو لـم تكـن حَقّاً ... فرَبّك يجزيهِ عذاباً له يَنمـــوُ

---

(١) وقد قلت الشعر الآتى حينما قدمت عريضة – بتوقيع (الاسلام الحنيف) – الى ملك العراق في حينه فكتبت هذه القصيدة الآتية بذيل العريضة كشهادة لصدق دعوى الاسلام وشكواه على أهله: وإليك القصيدة المذكورة.

## ( ٨ )

## قصيدة ميمية يا أبا القاسم[1]

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(الرمل الثماني المحذوف)

يا أبا القاســـم دخيلك إننا جئنـــــاكمُ ... نســتضيف منكُمُ يــا سيدي رؤيــاكمُ
يا متى الهجران عنا ينتهي يأتي الوصــال ... ربنا يـعلَمْ بأنّـا عـاشقـــو لقياكـــمُ
لاتكن مستنكفاً منا فـــــإنّا لاجــئون ... حيث لم نعلم لنـا من ملجـــأٍ إلاّ كــمُ
قد هربنا من ذنـوب ليس يُدرى عـدّها ... مـا لنا شيء سوى أن نلتجي مَحما كمُ
يـا رحيم القلب إكـرام الضيوف شأنكم ... سيّما الأحسان للعاصين من معـــناكمُ
دأبكم رحمٌ و رأفَهْ خلقكم شيء عظيم ... تلك في التنزيل جاءت فيك من مولاكمُ
كن لنـــا حصناً حصيناً يا أبا الزهرا دخيل ... كن لنـا عوناً شفيعاً عند من أســـماكمُ
لا تسلّمنـا العِدى بـالله يـا نـور الهدى ... رُدَّنا غير خـزايا قـــل لنـا بشـراكـــمُ
قد أتينا سيدي مستمطرين عطفـــكم ... من سـحاب الجود والإكرام ما أسخاكمُ
لا تحرّمنا من التنوير يا نـــور البصـر ... لا تضق ذرعاً بنا يا سيدي نهـــواكمُ
جاء (عبدالله) يا جدي إليكم يشتــكي ... سيّء الأفعال وهْو نسلُ من والاكـــمُ

---

(١) هذه القصيدة الميمية كتبتها وقت مسيري ليلا من مكة المكرمة إلى المدينة المنورة حينما أحاط بي شوق الوصول والوصال من كل جانب وذلك في سفرتي الأولى لأداء فريضة الحج.

# ( ٩ )

## هذه القصيدة الميمية
## على وزن بردة المديح

مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن
مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن
(بحر البسيط)

مالي أرى مِنكَ مَهْـزولاً بِلاَ سَقَمِ
أمِن سَماعٍ لِحادي الْعيسِ بِالنّغَمِ؟
أم قَدْ تَراءتْ لِعَيْنٍ مِنكَ حَالِمـةٍ
مَشاعِلُ النُّورِ من أطرافِ مُعْتصَمِ؟
طُوبى لجيران بيتِ الله بِالحَـرمِ
نَجّاهمُ الله منْ غَمٍّ ومـن أَلَمِ
همُ السماءُ همُ النجـومُ لا مِعَةً
هُمُ الشُموسُ هُمُ الْأَقْمارُ فِي الظُلَمِ
هُم الهُداةُ لِخَلْقِ اللـه قاطِبَةً
هُم الحُماة لِدينٍ جاءَ بِالحِـكَمِ
هُم الكرامُ هم الأشرافُ سادَتُنا
بِقَدرِهِمْ قَدْ دُعينا خـيرةَ الأممِ
فمِنْهُمْ رحْمَةُ الرَحْمنِ سَـيّدنا
محمدٌ خيرُ خَلقِ اللـه كلّهمِ
عليهمُ نزَل القرآنُ يَحْـكُمُنا
ومنهُم انتشـرَت أنوارُ ربّهِـمِ

فليتني كُنْتُ مِمّن يَخْـدِمُونَهمُ
وليتني كنتُ كَنّاساً لِبَيْتهـــم
أو كنتُ مِنهُمْ كفردٍ مِنْ أسَافِلهم
أو كنتُ أحْظَى بتقْبيلٍ لنَعلِهِمِ
ماذا يعادلُ بيتَ اللـــه قِبلَتَنَا
أو حَجراً أسْعداً يؤتــى ليُستَلَمِ
كأنْ ربُّ الورى به يُصــافِحُنا
كما يُصافح باليمين ذو النعــمِ
مَن فازَ بالاسْتلام نالَ حُظـوَته
طُوبى لهُ منْ مُقَبِّلٍ ومُسْــتلمِ
وما سِواه من الرُّكْنِ اليمانيِّ ومِنْ
حِجرِ الذَّبيحِ و زَمْـزمٍ و مُلْتَزَمِ
ومِنْ مَقامٍ لإبراهـــيمَ سَيِّدنا
مُقدَّسٌ كلّها شافٍ لــذى سَقمِ
فلا يُخيَّبُ فيها الســائِلونَ ولا
يُرَدُّ فيها دعـــاءُ كلِّ مُعْتَصِمِ
وكلُّها مِنْ إلـــهِ العَرْشِ مُحتَرَمٌ
كَحُرْمَة الشَّعرِ في جِسْمٍ لِمُحتَرَمِ
وبَعْدَ ذلك في الصَّـــفا ومَرْوَته
حَظٌّ عظيمٌ لِمَنْ يَسْعَى فَيَغْتَنمِ
أبو قبيس عَلَيْهِ انشَقَ بَدرُ الدّجى
لِخاتَم الأنبياءْ والرُّســلِ كلِّهمِ
فديت غارَ حراً بـــه تبتّل من
هُدى البرية من عَربٍ ومن عَجمِ

أتاه فيه أمينُ اللـــــه أوّل ما
أتاه يُقرِؤه الآيـــــات والكَلِمِ
فكان بدءً لإكمـــــال مكارمه
لِيكمل الناسَ بالأخلاق والشِيمِ
وعاد وهو رسولُ اللــه صفوتُه
وخاتمُ المرســـــلين سيِّدُ الأممِ
أتى بنـــــور يُنوّر الدروبَ لنا
إلى التآخي إلى الصَّفـاءِ والسَّلَمِ
فديتُ ثوراً ثوت نوراً مَغــارته
ينيرُ دَربَ العُـلا للسَّالك الفَهِمِ
في بَدءِ هِجرتِهِ بــــأمرِ خَالِقه
مِنْ مَكَّةٍ حَـرَمٍ لطـــــيبةٍ حَرَمِ
ليلاً ورافَقَه الصَّـــديقُ صَاحِبَه
وكانَ فيها مِن الأسـرار والحِكَمِ
مالا يُعَدّ ولا يُدرى غـــــرائبها
إلا لمن كان فيها راســـخ القدمِ

( ١٠ )

## يا من يروم العلم بالقرآن[1]

مفاعيلن مفاعيلن فعولن
مفاعيلن مفاعيلن فعولن
(الهزج السداسي المحذوف)

يا من يروم العلمَ بالقــرآنِ
ويبتغي فيضاً من الغـفرانِ
و أن يفوز مِن إلهِ العــرشِ
بأوفر الحظّ من الرضـــوانِ
سلِ المولى العليمَ بكلّ شيءٍ
يُعلِّمك المباني والـمعــانـيِ
فطالع وادْرُسَنْ تفسير يوسفْ
تَرى عَجَباً عُجاباً فـي البـيانِ
ألم يك يوسفُ فـي كلِّ علمٍ
كشمسٍ لا يُدانيهــا مُدانـيِ
له كالبدر من بين النُّجــومِ
منازلٌ فوق أعلام الزمـــانِ
أتى في أعذب الألفاظ درْساً

(١) وقد قرظت بالقصيدة الآتية التفسير الذي ألفه العلامة (يوسف الأصم) ومن الجدير بالبيان أنك إذا جمعت أوائل كل بيت قبل قولي: ختاما يكون: (يوسف الأصم).
(عبدالله محمد الحسيني البرزنجي المدرس ١٩٦٦/٥/٢٠ أربيل).

بتفسيرٍ لوحي المستعانِ
صفا بين التفاسير بنظمٍ
كنظم الدر في صَدرِ الحِسانِ
مئآثرُه العديدة لا تعدّ
و يوسف بينها في الاحتضانِ
ختاماً يا رعى الرحمن شخصاً
يحاولُ طبعه حَسَنَ المباني
و أنْعِمْ ربَّنا الباري على مَنْ
يُعاونُه بتحقيقِ الأماني

( ١١ )

## درب كم الف[1]

| | |
|---|---|
| دربَ كم الفٍ من الأعوامِ | و كم حُجُباً بلا ظلامِ |
| ربّه الحقّ، كلاماً سؤالْ | جواباته بدون مَلالْ |
| قطع، طوى، رأى، وقالَ | وُجِّه، رُدَّت، رجع، آلَ |
| ولمّا تسكن حلْقةُ البابِ | والوَضوءُ يجري على التّرابِ |

(١) وقد ترجمت البيتين الكرديين للشيخ العلامة سيد عبدالرحيم المولوي، باللغة العربية مع المحافظة على نفس الوزن وهذان هما البيتان المترجمان:

رِێی چەند هەزار ساڵ طەی چەند حیجابات
زاتی حەق، کەلام، سوئال، جەوابات
چوو، بوو، دی، وتی، کریا و، دەریاوە
هاتەوە حەلقە، هەر دەلەریاوە

( ١٢ )

كتب العلامة البيتوشي (عبدالله) رحمه الله، بخطه في ظهر مسودة شرحه (الحفاية) المكتوبة بخطه أيضاً: ما ألطف قول القائل:

**أقول لظبيٍ مرَّ بي وهو سانحٌ — أ أنت أخو ليلى فقال يقالُ**
**فقلت يقال المستقيل من الهوى — إذا مسَّه ضرٌّ فقال يقالُ**

ثم يقول البيتوشي: ولما وقفت على هذين البيتين عززتهما بثالث وهو قولي:

**فقلت حبيبي هل يقال بظِلّكم — إذا جاءكم مُضنىً فقال يُقالُ**

ثم يقول: ولا أظن رابعاً يأتي برابع والله أعلم..

**قال الشيخ محمد الخال:** مؤلف كتاب (البيتوشي) في (يتيمة الدهر) للثعالبي:

إن البيت الأول للمجنون العامري، والثاني: لأبي الحسن محمد بن رامين. هذا ثم إن كلمة (يقال) في البيت الأول مضارع مجهول من قال يقول قولاً، وفي الثاني: من أقال إقالةً بمعنى صفح، وفي الثالث من قال يقيل قيلولةً بمعنى نام في القائلة اي منتصف النهار. انتهى.

وأنا: لما وقفت على الأبيات الثلاثة أعجبتني - كثيراً: - لطافة معانيها وجزالة مبانيها فهزّتا[١] شعوري الشعري هزّاً، وأزّتاني[٢] على إضافة أبيات أخرى إليها أزّاً، لكي تكون قصيدة رائعةً تبزُّ[٣] لبّ الصّبّ بزّاً، فقلت:

---

(١) أي حرّكتا.

(٢) أي حملتاني.

(٣) أي تسلب.

فعولن مفاعيلن فعولن مفاعيلن
فعولن مفاعيلن فعولن مفاعيلن
(بحر الطويل)

فقلـــت فهـــل فيكم بليلاي شُبهةٌ[١] بما[٢] قيل في ليلى[٣] فقال يقـــالُ[٤]
فقلت فممّن إســتعرتم[٥] عيــونكم أمِن سلوتي:[٦] ليلى فقـــال يقـــالُ
فقلت فهل من خـــدّ ليلى خدودُكم ومـــن مسكها فُحتم[٧] فقال يقالُ
فقلت فهل مــن قَدِّها[٨] قُدَّ[٩] قَدُّكم ومـــن لِينها لِنتم فقـــال يقـالُ
فقلت فهل من ساقها ومَســـاقِها[١٠] خفِفتم[١١] كما خفّت[١٢] فقـال يقالُ
فقلت فهل ليلاي منكـــم تبشّرت[١٣] فقالت بها[١٤] نفسي فقـــال يقالُ

---

(١) أي مشابهة.
(٢) بدل من بليلاي.
(٣) من الحسن والأوصاف الجميلة.
(٤) من قال على كذا اذا افترى عليه اي قول مفترىً أو إفتراء.
(٥) من الاستعارة بمعنى اخذ العارية أو من التسعر كلهيب النار.
(٦) اي ممن تسلّيني وتنسيني همومي وليلي بدل من سلوتي.
(٧) اي نشرتم روائح المسك.
(٨) اي قامتها.
(٩) اي شق أو خلق.
(١٠) اي سيرها.
(١١) اي في السير.
(١٢) اي كما خفت ليلى دائما على قلبي.
(١٣) أي لبست بشرتكم أو صارت بشرا بعدما كانت منكم.
(١٤) اي أحبّتها: يقال قال به اذا أحبّه.

فقلت فهل منها افتريتم[١] شعوركم وُقيتم[٢] بهـا برداً فقـال يقـالُ
فقلت فهل صـبٌّ يقال[٣] بطَرْفكم[٤] شهيدَ الهوى يُدعى فقـال يقـالُ
فقلت فقل لي ما يقـال عن الهوى يقال يقولُ[٥] أو يقـال يقـالُ
إذا اقتاله[٦] أو قال[٧] فيـه جهـولُه فقال[٨] يقالُ أو فقـال[٩] يقـالُ
فقال يقـال جاهل قال[١٠] نفسـه فقال[١١] إلى المهوى[١٢] فقال[١٣] يقالُ
فقلت رعـاك الله يا خير نـاصحٍ صدقت ولكن ليت[١٤] قـال يقـالُ
فقلت أعبدا الله[١٥] والقيس قيسكم أبا حسن ضاهوا[١٦] فقـال يقـالُ

المخمس
عبدالله محمد الحسيني البرزنجي المدرس
١٩٦٦/٢/٨ م أربيل

---

(١) اي لبستم اشعاركم كلبس الفروة.
(٢) اي حفظتم.
(٣) اي يمات.
(٤) اي بحب عيونكم.
(٥) اي يَغلِب الهوى وكذا يقال في القافية بمعنى يُغلَب.
(٦) اي اختار الهوى.
(٧) اي اجتهد فيه.
(٨) اي استراح يقال.
(٩) اي أو يقال حاد ومال عن الصراط السويّ.
(١٠) اي امات واهلك نفسه.
(١١) أي أقبل.
(١٢) اسم مكان، وهو الاحسن او اسم مفعول أو اسم فاعل والكل صحيح.
(١٣) أمات نفسه.
(١٤) فيه تمنٍّ منه للموت لأن في الموت راحة للعاشق المهجور أو المحروم.
(١٥) مثنى عبدالله والمراد بهما عبدالله البيتوشي و عبدالله الحسيني.
(١٦) اي شابهوا أبا حسن في شعرهم.

( ١٣ )

## في المناجاة: للشافعي

تخميس عبدالله محمد الحسيني للبيتين المشهورين
في المناجات للشافعي (رحمه الله)

مفاعيلن مفاعيلن فعولن
مفاعيلن مفاعيلن فعولن
(الهزج السداسي المحذوف

توانيت عن الطاعات كســـلاً
ولازمت الفسوق وصرت كهلاً
فإن حوسبت بالأعمال عــدلاً
{إلهي لستُ للفردوس أهــلاً
ولا أقوى عــلى نار الجحيـمِ}

* * *

إلهي أنت عـــلاّم الغـــيوبِ
وغفّار الذنـــوب والعـــيوبِ
وتوّابٌ مغيثٌ فـي الخـــطوبِ
{فهب لـى توبةً واغفر ذنوبـى
فإنك غافـر الذنب العظـــيم}

( ١٤ )

خِفِ الله يا هذا وكن متخاشعاً[1]
له ثمَّ كن عبداً مطيعاً وســامعاً
وكن وارعاً في كل شيء وخاضـعاً
ولا تمش فوق الأرض إلا تواضعاً
فكم تحتها قوم هــم منك أرفع

ولا تتسم سيما الصلاح بسمعة
ولا تترفــّع بالغنـى أو بصنعـة
توقّع نزولاً إن حظظت برفعــة
فإن كنت في عز و حرز و منعة
فكم مات من قوم هم منك أمنع

(١) وقد صادفت هذين البيتين في جامع الحاج داود بكركوك فخمّستهما بالتخميس الآتي.

( ١٥ )

## هذا التخميس الآتي للأبيات الستة
## للشيخ عمر المشهور بابن الفارض (رحمه الله)

مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن
مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن
(البسيط التام)

**لقد مَنحـــــتكمُ قلــبي فوَدَّكمُ**
**وقد أتيتُ و أهواكم و هـــندكمُ[١]**
**أتنكرون محـــباً رام[٢] عهــدكمُ[٣]**
**{إن كان منزلتي في الحبّ عندكمُ**
**ما قد رأيتُ فقد ضيَّعتُ أيّامي}**

**لماّ جعلتم لنا من وَجدكم وطناً[٤]**
**أنسيتمونا الذي قد كان محتضَناً[٥]**
**كانت خيالاً فصارت واقعــاً عَلَناً**
**{أمنية ظفِرت روحي بهـــا زمناً**
**واليوم أحسبها أضغاث أحــلامِ}**

---

(١) اسم امرأة، ثم استعملت للنساء استعمال علم الجنس وربما يطلق على المشهورات بصفة أو صفات معجبة، وربما يطلق على المحبوب ذكراً كان أو أنثى وهو المراد هنا.

(٢) اي قصد.

(٣) اي معاهدة الحب معكم.

(٤) أي ما نوطّن انفسنا عليه من الهوى.

(٥) بفتح الضاد. اي مكان حضانتنا سواء كان المراد به وطننا الحقيقي او أحضان آبائنا وامهاتنا، كناية عن نسيان كل شيء بسبب الهوى.

فإن أُعـــــدُّ ملوماً فـي مودّتكم
أو مذنباً في تمنّ نَيل رَحْـــبتِكم
لا بأس[١] أرجو أكون من أحبّتكم
{وإن يكنْ فرط وجدي في محبتكم
إثماً فقد كثرت فـي الحـبّ آثامي}

في أول الحبّ لاحـت[٢] لي بَشائرهُ
لكنه بعدما بانـــــت ســـرائرهُ
وجدتُني غافلاً عما يبـــــاشرهُ[٣]
{ولو علمت بأن الحـــــبّ آخرهُ
هذا الحمامُ لما خالفـــتُ لوّامي}

ياليتني لم أرَى[٤] خِلاًّ[٥] وألحـظُهُ[٦]
قد انخدعت بما قد كان يلفـــظُهُ[٧]
لمّا دنا[٨] القلب منه بات يلئـــظُهُ[٩]
{أودعتُ قلبي إلى من ليس يحفظُهُ
أبْصرْتُ خلفي وما طالعتُ قُدّامي}

---

(١) اي لاني أرجو ان اكون من المحبوبين لديكم أو من محّبيكم.
(٢) اي ظهرت.
(٣) أي من قتلى بغُصَص الهوى مع حرماني.
(٤) لم يعمل لم.
(٥) أي خليلاً.
(٦) عطف على أرى: أي ويا ليتني لم الحظ اي انظر الى خليل ولو من بعيد.
(٧) أي يتكلم به من كلمات رقيقة ومغرية.
(٨) اي قرُب.
(٩) أي يدفعه دفعاً ويطرده طرداً

أذاق قلبي خمـــــراً من مَلامـــظِه[1]

فصار سكرانَ لا يُصـــفي[2] لواعـــظِه

يا من[3] يخلّص قلبي مـن ملاحـــظِه[4]

{لقد رماني بســـهم مـــن لواحظـــهِ

أصمى[5] فؤادي فوا شوقي إلى الرامي}

المخمِّس

عبدالله محمد الحسينى المدرس

(١) أي مما حول شفتيه.

(٢) أي لا يسمع أو لا يستمع لوعظ الواعظين ونصح الناصحين، حيث لا ارادة بقيت له بسبب ذلك السكر ولا اختيار.

(٣) أي يا قوم من يخلص الخ.

(٤) أي من مرآه.

(٥) أي رماه فقتله في مكانه.

## ( ١٦ )

هذا التخميس على ثلاثة أبيات لا أعرف قائلها، وكما حكى لي ان القائل كان تلميذاً ذكياً للملا أبوبكر المشهور بكوچك ملا الأول، وقد كان الملا أبوبكر قد بنى له غرفة في الجامع وكان النجارون ينقشون أبوابها وشبابيكها فقال التلميذ الأبيات الثلاثة مؤرخاً لبناء غرفة أستاذه وإليك التخميس والمخمّس[1]:

مفاعيلن مفاعيلن فعولن
مفاعيلن مفاعيلن فعولن
(الهزج السداسي المحذوف)

**سمعت قائلاً: قومي هَلُمُّوا:**
**من أَرَجٍ لهذا الروض شُمـوا**
**رأيتُ إذ طالعتُ مــا أَتَمّوُا**
**{عناكب إجتمعوا وهمـّوا:**
**ليصنعوا ما صَنعوا للفـخرِ}**

**ذكرت بفعلهم وما جمعوا:**
**من آلةٍ وصنع ما شـــرعوا**
**غاراً بثور بعد ما رجـــعوا**
**{سألتهم تأريخ ما صنعوا:**
**بهمزة ومعجمات الشـطر}**

---

(١) وقد جعلت ذلك رسالة موجزة شرحت فيها محتملات الأبيات والتخميس من المعاني والتشبيهات (كتاب : كشف الأستار لدقائق الأنظار).

فقال لي قائلهـــم عجيبـــاً
وكان ذا بـــــلاغةٍ نجيبـــاً
هيَّا اسمعَنْ مــن كلّنا غريباً
{فأسرعوا تأريخه مجـــيباً:
قد ننسج الغار على بي بكر}

١٢٠٧ هـ

( ١٧ )

شعر يتضمن تأريخ وفاة الشيخ رشيد لولاني (رحمه الله) ترجم عن الفارسية الى العربية مع المحافظة على وزن الأصل[١].

فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
فاعلاتن فاعلاتن فاعلان
(الرمل السداسي المقصور)

**قد توفى مرشد الناس الرشيد[٢]**

---

(١) نظمه بالفارسية احد ابنائه وترجمه الى العربية بطلب منهم. عبدالله محمد الحسيني البرزنجي في ١٩٦٦/١٠/٢٥.

(٢) دوای بەدواداچوونمان بۆ ئەسڵی ئەم شیعرە بە فارسی، لە دیوانی (لۆلانی) دا، ئەم شیعرە بە فارسی هەیەو نووسراوە بە بۆنەی وەفاتی شێخ رەشیدی لۆلانی، حاجی محەممەدی کوڕی ئەم شیعرەی نووسیوە. شیعرە فارسییەکە ئەگەرچی هەڵەی چاپی تێدایە، بەڵام بۆ ئەوەی دەقە ئەسڵییەکە لەگەڵ وەرگێڕانەکەی دابنرێ، لێرەدا دەقە فارسییەکە دادەنێین:
(هێمن.ع.خ)

در هزارو سیصدو هشتادو چهار
شد وفات شیخ رشید نامدار
روز از دنیا به قیامت زد قدم
دو ز شعبان شش ز کانون بەکم
با میلادی شد برابر ان شمار
یك هزارو سیصدو شست و چهار
ای که طه زمان کرد بهر تو
تا شده عصر سعادت دهر تو
چون سلاح صالح بگرفتی بدست
چند عالم از رهی خواری برست
و ار عبیدالله بودی بهرور
هستی ان غوث ثانی کارگر
کرد عنایت با تو حی ذو الجلال

خادم الدين المسمى شيخ رشيد
كان هذا الخَطب في شهر شريف
مستطاب وهو مبروك لطـيف
اسمه شعبان من بين الـــورى
فضله لاريب فـــيه أو مِـــرا
من سني هجرة فخر الكائنات
كان ألفاً وثلاثاً مـــن مـــئات
و ثمانين ونصفاً مـــن ثـمـــان
أظلمت أيامنا داك الزمـــان
ومن الميلاد تأريخ الوفـــاة
كان ألفاً ثم تسعاً من مـــئات
ثـــم ستين وبعدُ أربعـــه
خســـــف البدر بأنوارٍ معه
وهـــي فـي أول كانون أتــت
من لياليه إذا ســـت مضــت
شيخَنا يا من له الدهرَ قـــطع
شيخُنا طـــه الشـريف المتّبَع

---

بود اکمال کمالت از کمال
مرشد راه گریق نقشبند
خادم بیچارگان و مستمند
بر تو باد رحمت حق بی حساب
هم جوار یونس عالی جناب
هست اوصافت ز ادرا کم بدر
کی توانم کرد مدحت ای پدر
ناظم این نظم را دارد رجا
با تو می بخشد خدا روز جزا
سەرچاوە (دیوانی لولانی، شیعری حاجی محمد رشید لولانی و شیعری عبدالقادر محمد رشید لولانی. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. بەغدا، ٢٠٠٢، ل٤٩-٥٠)

كي يكون العصر عصر السعد بك
فاهتدى الطاغون أوجَ المجد بك
قد تسلحتَ من الشيخ المطيع
صالحٍ بالنور والقدر الرفيـــع
ومن الشيخ عبيدالله كُنـــت
مستفيداً فمن الشيطان صُنت
ومن الغـوث عبيد القـــادرِ
قد تلبّست لبـــاس الشـــاكرِ
وكما شاء الكريم ذوالجـــلال
كنتَ ذا كلِّ كمالٍ من كمـــال
فتصوّفتَ وصـــوَفَت المــريد
بالطريق النقشـــبندي المفيد
وخدمت الناس فــي حدٍّ سواء
دون فرق وانحـــياز او رِياء
فهنيئاً صرتَ جــــار ابن متيِ
يونسَ الصّدّيقِ عــــالي الهمّةِ
رحمــــــة الله علــيكم دائما
فـي الصباح والمســا نم ناعما
عدّ أوصافك عــنّي مـــــدركى
كيف في مدحك ألقى مســلكى
ناظم الشعر بــه قد ارتــجى
بك عفوالله في يـــــوم الجزا
يا الهـــي يا غفـــور يا كريم
أكرمن مثواه واغفــر لي اليتيم

( ١٨ )

## جـامع[1]

مستفعلن مستفعلن مستفعلن
مستفعلن مستفعلن مستفعلن
(الرجز السداسي التام)

| | |
|---|---|
| لله درّ بـانى هـذا الجـــــامعِ | سميّ شيخ صحب خير الجـامعِ (ص) |
| قـــد اشترى بانيه مـــــن إلهِهِ | به قصوراً فـــــي الجـــنان اللاّمعِ |
| أسّســه علـــى تُقاةِ ربّــــــهِ | فراق للنـــاظر ثـــم السّامـــــعِ |
| فزره وارتع فيه واسجد واركَعَنْ | فمرحباً بالسّــاجـــــد والرّاكـــعِ |
| إن رُمت تأريخ الشروع بالعَمَلْ | فارجع إلى أوّل شـــطرٍ طالـــــعِ |
| أرّخ به دَوْمـــاً وكرِّر يــــا فتى | لِلّـــهِ درّ بـــانى هـــذا الجامـــعِ |
| | ٦٦ ٤٠٤ ٦٣ ٧٠٧ ١٤٥ |
| نَظَّمَ عبدُالله هـــذا وهو مِـن | آل الحُسَيْنِ والنَّبِيّ الشّـــــافعِ(ص) |

١٣٨٥ هـ - ١٩٦٦م

---

(١) وقد كتبت هذا تأريخاً للشروع بعمل بناء جامع الحاج بكر سليم الحماوى في أربيل حيث كنت أول إمام وخطيب ومدرس فيه. عبدالله محمد الحسينى البرزنجى المدرس.

( ١٩ )

مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعل
مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعل
(البسيط المقطوع)

أردت تجــربةً للطبع في البـــاءِ[1] ... مـــن بَعـد ألفٍ و دال دون إزراءِ
فجِرتُ فيه ولـم أصِــل إلى أمَلي ... لا بـــل ولم أدر مـــن ألفٍ الى ياءِ
حتى اهتديت من الكُتْبِ التى جُمعت ... لأ لغز اللغز في شـــعرٍ و إعمــاءِ
فقلت ما سبعة من الحـــروف أتت ... إســـماً ووصفاً به الإغـراء للنائي
فصاحب الاســم بالتدمير مشـتهرٌ ... لبلدةٍ قـــربَ تِكريتَ بصـــحراءِ
والسرّ في حمـل رِجلَي اليَمامة مـن ... حيضٍ لجـــاريةٍ بكرٍ وعَصـــماءِ
بـه تهدّم ســـور القصر فـي حَضَرٍ ... مـــن إبن جَهْبَلَةٍ ألَدّ أعـــداءِ
ومنــه إســـمٌ لقومٍ في مَدينتنـــا ... قـــد أُهلِكوا إذ بَدَوا في أوج بَغضاءِ
مع الرسول الذي قد كان عـاهَدَهم ... محـــافظاً في أمـــانةٍ وإيفـاءِ
فأصـبحوا لا يُـــرى إلاّ خيانتهم ... بالعهد في كلّ إصـــباحٍ وإمســـاءِ
والوصف من أربع من الحروف أتى ... من ذلك الإســـم دون اللام والتاءِ
في دم ضيزنَ قد جاءت قصـــيدتنا ... وفي النضيرة قـــد جئنا بإهجـــاءِ
من خالد ثم عبدالله قـــد نظمت ... هذى القصيدة فاشكر حسـن إنشائي

---

(١) ملاحظة/ وقد نظمت القصيدة التالية بعد ما كان (خالد الألوسي) كاتب الاوقاف في أربيل كتبها في معنى جميل ومناسبة جميلة ولكن لم يكن شعراً بل ولا نثراً منتظماً ولجمال المناسبة ولطافة المعنى عملت هذه القصيدة فقلت:- وذلك في ١٩٦٦/٢/٢١م.

# ( ٢١ )

## قصيدة يائية

فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
(الرمل السداسي المحذوف)

فُقت بالنجل النجيب بـــــاقصى ... حبكم فرض على مَيْتٍ وحَــيْ
حيث كنتم جدّ مـــولانا الحبيب ... من سرى ليلا إلى العرش العَلَيْ
في الدنا ما أشــرف قطــر الحجاز ... حيث صار مولد جدّ الحُـــسَيْ
سيّما مكّةُ حـــــازت مفخــراً ... فوق اقطار الثرى بل والسُّـمَيْ
وكــــذا قــرّت عـــيون طيبة ... روضة المختار يا وصــلَ المُنَيْ
إنهـــا حقـــا لجنـــات النعيم ... انها الفردوس مأوى اهـل طَيْ
يـــا لها فخراً ونوراً فـوق نـــور ... بالنبى المصطفى حـاوى العُلَيْ
حـــــازتا فضلا على كل السِّـوى ... من بلاد الله شــــرقاً مغــربَيْ
شـــــاهد انّا نرى اهـــل النهى ... يؤثرون الوصل فــوق كلِّ شَيْ
فيهما فـــخر جميع الأنبيـــــاء ... من رقى نحوالرقى فوق الرُّقَيْ
يا لمن نـــال ســـلام الاســـتلام ... مع طواف البيت سعيا بالصَّفَيْ
يا لـمن بعد الوقـــوف يقصـــد ... مشعراً ليلا ففـــى الصبح مِنَيْ
ثم لما انتهى رمـــــى الجمـــــار ... يبتغى ما كان خـــيرا لقبلَتَيْ
للطواف ثم شـــرب زمـــزمـــا ... بعد ايداع الـمـــقـــام ركعَتَيْ
ثم من باب الصفا يبغى الخـروج ... نحو مسعىً بيـن كــلّ مَرْوَتَيْ
ثم تهتزّ قلوب العـــــاشـقين ... نحو معشوق جمـــيع الثقَلَيْ

عين انسان الوجـود وهــــو من جود مولينا عظيـــم النعمَتَىْ

من هو المنظور من عرش الصــمد بل من الكرسىّ واللوح أُطوخىْ

يـــا مريد الحج مـــن مكة قم محرماً منهـا لوقـــف سر فَتَىْ

وأيـــا من خارجا يـــات لحج احرمن مما بـمـيقــاتك سُـمَىْ

واذا كنت مـــريد الاعتمــــار احرمــن بالعمره ممــا قدمضىْ

ثـــــم طف فاسع فحلّق بفذا فزت بالعمـرة يا مـــا حِىَ غىّ

واذا مــــا رمتها قرنـــا بحــج احرمن بالحــج والعــمره فهىّ

ثم يكفيك مــــن الاعمال مــا لو تكـــن مفـــرِدَ حــج لكفَىْ

وطواف لقدوم لا يجــب حــينذا ........

## پاشكۆكان

### یەك: نامەكان

(١)

**نامەی (عاجز) بۆ مەلا عوسمان پێشنوێژی گوندی (سمایلاوا)**

**برای عەزیز و خۆشەویست و موحتـــەرەم**
**جەنابی مەلا عوسمان ئیمامی دێی سمایلاوا**

پاش سەلام و ئەحواڵ پرسین و گێژنە پیرۆزی، برای خۆم وا لەسەر ئەمری جەنابتان - بە تەوفیقی خوای گەورە - شیعرەکەم تەخمیس کرد[١]، وە بۆتم ڕەوانە کرد. تۆزێکیش تەئخیر بووم بەڵام لەبەر ڕەمەزان بوو. وە لەمێژە دەستیش لە شیعر دانان نادەم. باقی ڕەجای دوعای خێرم هەیە لە خزمەتتان. برام. والسلام

ئیمزا
المخلص
عبدالله محمد الحسینی البرزنجی
امام وخطیب مزگەوتی چەم چەمال/ کەرکوك
١٩٦٢/٣/١٣م

---

(١) مەبەستی (عاجز) شیعرەکەی (عاصی)یە، کە لەسەر داوای (مەلا عوسمان) شیعرەکەی تەخمیس کردووە.

## (٢)

**نامەیەکی (عاجز) بۆ مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای سێبەردانی**

حضرة الأخ الملا عبدالله المحترم

تحية واحتراما. وبعد:

أقدم لك نص كتاب الملا فائز الذي يدعونا لتناول طعام العشاء عنده مع الملا مسعود والملا جميل. وقد قلت لحامل كتابه إذا جئنا فسوف نصلي صلاة المغرب في مسجد الحاج قادر وإلا فلا تنتظرونا ورأيت من المصلحة ان اخبركم بذلك: فإذا وافقتم فلا بد ان نذهب من الآن لنصلي صلاة المغرب هناك، وإلا فأخبرني حتى لا نذهب. والسلام.

وارسل مع محمد جامع المتون إذا لا تحتاجون اليه.

التوقيع

عبدالله محمد الحسيني

١٩٦٤/٧/٥م

# ( ٣ )

## نامەی مامۆستا مەلا ساڵحی گەورەی[1] هەڵەبجە بۆ (عاجز)

الى حضرة الاخ الأعز الحاج السيد عبدالله المحترم :

أولا نطلب من الكريم المنان ازدياد عمركم وعافيتكم وكثرة افاداتكم. ثانيا تسئل عن احوالنا حمدا له نصرف الاوقات والحياة بالسلامة وازدياد مودتكم. وطلبتم دسوقي فكان الجلد الاول حاضر لكن الجلد الثاني عند طالب مشغول بتدريسه وعند الفراغ نقدمه ويوجد عندنا الكتاب مطول ان يلزم فاخبرونا نقدمه ايضا بل اي كتاب تريدونه لسنا بصاحب عند احتياجكم اليه، وطلاب المدرسة يقدمون الاحترام.

باقي دمتم سالمين محترمين

المدرس بمسجد عاشقان حلبجة

التوقيع

---

(١) ئەگەرچی لە نامەکەدا ناوی خۆی نەنووسیوە، بەڵام دوای بەدواداچوونمان و پرسکردنمان، بەڕێز (عەبدولڕەحمان شێخ عوسمان عەبدولعەزیز) خەت و ئیمزاکەی لەگەڵ ئەو دەستخەتانەی لای هەبوون بەراوردکرد، دەرکەوت کە نامەی مامۆستا مەلا ساڵحی گەورەی هەڵەبجەیە، کە ئەوسا مودەڕیسی مزگەوتی کانی عاشقان بووە.

## پاشکۆ

### دوو: ناوی کەسایەتییەکان

ئادەم (ادم): بە عیبری אָדָם ناوە دروستەکەیەتی و مێژووی بەکارهێنانی بۆ زمانە سامییەکان دەگەڕێتەوە، یەکەمین بەکارهێنانیش بۆ ناوی ئادەم لە رووی مێژوویەوە عەرەبی بووە، کە بە (Adamu) گۆکراوە، هەروەك لە لیستی پاشا ئاشورییەکانیش وا تۆمارکراوە. لە زمانی عیبریدا ئادەم بە مانای مرۆڤ هاتووە، لە سفری تەکوینیش بە هەمان شێوە مانای مرۆڤ دەدات کە لە زمانی کەنعانییەکانیش لەوە نزیکە. لە زۆربەی ئایینەکان ئادەم بە باوکی مرۆڤ و یەکەمین دروستکراو لە جۆری مرۆڤ دانراوە، بەڵام جیاوازی بۆچوون هەیە لەوەی ئاخۆ پێغەمبەر بووە یان نا؟! بێگومان لە ئیسلامدا بە یەکەمین مرۆڤ و یەکەمین جێنشینی خوا لەسەر زەوی ناسراوە. قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە روون دەکاتەوە کە دوای ئەوەی ئادەم لەگەڵ حەوا سەرپێچییان کرد، ئیدی خوا فڕێیدانە سەر زەوی. منداڵەکانی هابیل و قابیل و شیث ن. جیاوازی لە تەمەنەکەی هەیە و بە زۆری پێیان وایە تەمەنی هەزار ساڵ بووە. لە قورئاندا ٢٥ جار ناوی هاتووە و زۆرترینی لە سووڕەتی ئەعرافە کە حەوت جارە. دەگوترێ حەوا دوو جار لە هەر سکێك دا کوڕێك و کچێکی بووە. مردنی ئادەمیش هەندێ پێیان وایە لە هیندو هەندێك پێیان وایە لە شام یان لە مەککە بووە، بەڵام تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی دروست نییە لەسەر شوێنی نێژرانەکەی.

**ئامینە:** ئامینەی کچی وەهەب کوڕی عەبد مەناف (؟-٥٧٥ز) ـه. له قورەیشییەکانەو دایکی پێغەمبەرمانە (صلی الله علیه وسلم)، باشترین ژنی قورەیشییەکان بووەو کەسێکی ڕێزلێگیراو بە. وەهیبی کوڕی عەبد مەناف کە مامی بوو ئەوی بەخێوکردووە. عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموتەلیب خواستی و موحەممەد پێغەمبەری لێ بوو. کە عەبدوڵڵا وەفاتی کرد، ئامینە هەموو ساڵێك لە مەککەوە دەچووە مەدینەو سەردانی گۆڕەکەی دەکردو سەری لە خاڵوانی باوکی دەدا کە (بەنی عەدی کوڕی نەجار) بوون. لە یەکێك لە سەردانەکانیدا نەخۆش کەوت و لە شوێنێك کە پێی دەڵێن (الابواء) هەڵکەوتوو لە نێوان مەککەو مەدینە کۆچی دوایی کرد، موحەممەدی تاقانە کوڕیشی شەش ساڵی یان چار ساڵی بوو.

**ئەبوبەکری سدیق:** ئەبوبەکری صدیقە، کە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی قوحافەیە، ئەبوقوحافەش ناوی عوسمان کوڕی عامر کوڕی کەعب، کوڕی سەعد کوڕی تەیم کوڕی موڕڕەی کوڕی کەعب کوڕی لوئەی کوڕی غالب کوڕی فەهر کوڕی مالك القرشي التیمي یە. یەکەم کەسە لە پیاوان کە مسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاندووە به صدیق (ڕاستگۆ)یش ناونراوە چونکە لە شەوڕەوی پێغەمبەردا بە هەموو شتێکی ڕووداوەکە بڕوای هێنا، یاوەری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)یش بووە لە کۆچکردنەکە و زۆر لای خۆشەویست بووە، بە یەکەم جێنشینی پێغەمبەریش هەڵبژێردراوە لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیداء دوای وەفاتی پێغەمبەر بە دوو ساڵ و سێ مانگ و دوانزە ڕۆژ وەفاتی کردووەو لە تەنیشت گۆڕی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە مەدینە نێژراوە. فەرموودەی زۆر هەیە لەسەر بەڕێزی و گەورەیی ئەبوبەکر لەلای پێغەمبەرەوە بەناوبانگترینیان فەرموودەی (ئەگەر بکرایا خۆشەویستم هەبوایە، ئەوا ئەبوبەکرم دەکردە خۆشەویستی خۆم)، هەروەها هەڵوێستەکانی نموونەی هەڵوێستی دانسقەو دەگمەنن لە مێژووی ئیسلامی دا و خودی پێغەمبەر نوێژی لەدوای کردووە.

**ئەبوبەکر (کچك مەلا):** ناوی ئەبوبەکر کوڕی مەلا عوسمان کوڕی مەلا ئەبوبەکر کوڕی مەلا عومەرە، لەبەر بەژن کورتی بە (کچك مەلا) ناویان دەبرد. لە ساڵی ١٧٧٨ لە هەولێر لە دایك بووە. دەرسی لەلای باوکی خوێندووە و ماوەیەکیش چۆتە لای مەلا عەبدولرەحیمی زیارەتی و داتر چۆتە لای مەلا عەبدولرەحمانی رۆژبەیانی و پاشان چۆتە بەغدا و ماوەیەك لای داود پاشای خوێندووە. دوای ئەوە چۆتە شاری سلێمانی و ماوەی دوو ساڵان لە خزمەت مەولانا خالید ماوەتەوە و دەرسی شەریعەت و تەسەووفی خوێندووە. ئەبوبەکر یەکێ لە زاناو پیاو ماقوڵانی شاری هەولێر بووە و پەراویزی بۆ چەند کتێب نووسیوە. لە ساڵی ١٨٥٥ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

**ابن الفارض:** ناوی عومەر کوڕی عەلی کوڕی مورشید کوڕی عەلی ئەلحەمەوی یە، بە ئەبوحەفس و ئەبولقاسم و شرف الدین ابن الفارچ یش ناسراوە لە ساڵی (٥٧٦ك -١١٨١ز) لە میسر لە دایك بووە. لە شاعیرە هەرە دیارەکانی بواری تەسەووفە، بە سوڵتانی عاشبقان ناسراوە. لە شیعرەکانیدا گەیشتۆتە (یەکێتی بوون- وحده الوجود). باوکی لە شاری حەمای سوریاوە هاتۆتە میسرو لە میسر نیشتەجێ بووە. عومەر لە ماڵێکی پڕ لە زانستء وەرع و خواپەرستییەوە گەورە بووە. لە گەنجیدا خۆی بە فیقهی شافیعی خەریك کردووەو فەرموودەی لە (ابن عساکر)ەوە وەرگرتووە، پاشان حەزی بەرەو لای تەسەووف دەچێ و دونیا بە کەم دەگرێ و خۆی دوورەپەرێز دەکا و روو لەو مزگەوتانە دەکات کە وێران بوونەو لە بناری شاخەکان خەریکی خواپەرستی دەبێ. سەفەرێك بۆ مەککە دەکات و نوێژەکانی لە حەرەم دەکردو دواتر لە دۆڵێکی دووری مەککە خۆی دەگرخاند و زۆربەی شیعرەکانی لەم کاتانە نووسیوە. دوای پازدە ساڵ دەگەڕێتەوە میسر و لە هۆڵێکی ناو ئەزهەر دەمێنێتەوەو خەڵك پۆل پۆل دەهاتنە زیارەتی، بە جۆرێك مەلیك کامیلیش هاتە زیارەتی. عومەر پیاوێکی زۆر کەشخەو پۆشتەو پەرداخ بووە، مەجلیسی خۆش بووە، گفت و لفت خۆش و قسە ڕەوان بووە، پیاوێکی تا بڵێی سەخی تەبیعات بووە، زۆر حەزی لێ بووە ئێواران تەماشای دەریا بکا، عاشقی جوانی بووە. لە ساڵی (٦٣٢ك -١٢٣٥ز) هەر لە میسر کۆچی دوایی دەکات.

**بەلقیس:** شاژنی وڵاتی سەبەئ بوو، هاوچەرخی سولەیمانی کوڕی داود بوو، کە چوو بۆ دیدەنی و لە داستانەکانی تردا بە هاوسەری سولێمان ناسراوە. لە کتێبی پیرۆزو لە قورئانیش باسی هاتووە، ئەگەرچی جیاوازییەکی کەم بەدی دەکرێ لە هەر یەکە لە تەورات و ئینجیل و قورئان، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە شاژنێك بووە لە سەبەئ و سولێمان داوای لێکردووە کە بڕوا بهێنێ. هەواڵی شاژن و میرنشینەکەش لە ڕێگای هودهودەوە بووە. ئەم وشەیە وەك ڕەمزی جوانی لەناو شیعردا بەکارهاتووە، لە ئەدەبی عیرفانیشدا مەدلولی دیکەی هەیە و بە لای ئیبن عەرەبییەوە بەڵقیس دوو ڕووی هەیە، ڕووی یەکەمی ئەوەیە بەڵقیس باوکی جنۆکە و دایکی ئادەمی بووە، رووی دووەمی لە جیهانی مرۆڤ پەیدابووە لای وایە کە دایك شوێنی خولقاندن و گۆڕانەکانە، بۆیە بەڵقیس سەر بە دایکیەتی و لەلای مرۆڤ لەدایك بووە.

**تاهیربەگی جاف:** ناوی تاهیر کوڕی عوسمان پاشای کوڕی موحەممەد پاشای کوڕی کەیخوسرەو بەگی جافە، لەناو خەڵکی بە تاهیر بەگی جاف ناسراوەو ناوی ڕاستەقینەی خۆی کە (تاهیر)ە کردووە بە نازناوی خۆی. دایکی ناوی عادیلە خانی کچی قادر بەگی ساحێبقڕانە، لە بنەماڵەیەکی سنەیی بووە و ژنێکی تێگەیشتوو بووەو بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری بنەماڵە و عەشیرەتی جافی کردووە. تاهیر لە ساڵی ١٨٧٨ لە هەڵەبجە لە دایك بووە. سەرەتا لە حوجرەی مزگەوت خوێندویەتی، بەڵام پێویستییەکانی خوێندنی ئایینی لە حوجرە تەواو نەکردووە، لە پاشاندا مامۆستا میرزای بۆ گیراوەو لە ماڵەوە زانست و زانیاری وەرگرتووە. لە سەردەمی مێردمنداڵیدا خۆی بە زمانی فەرەنسییەوە خەریك کردووە و هەندێکی لێ فێر بووە. لەبەرئەوەی تاهیر بە لەش لەڕو لاواز و نەخۆش بووە، ژیانی کورت بووە، لە تەمەنی چڵ ساڵیدا نەخۆشی کاری لێ کردووە، بۆیە بردویانەتە سلێمانی و لە ساڵی ١٩١٨ کۆچی دوایی کردووە. تەرمەکەی لە گوندی عەبابەیلێی باکووری هەڵەبجە بەخاك سپێردراوە. تاهیر خاوەنی دیوانێکی شیعرییە و تا ئێستا چەند جارێك دیوانەکە چاپکراوە.

**حەلیمە:** حەلیمەی سەعدییە لە تیرەی بەنی سەعدی بن بەکری هۆزی هەوازنە، دایکی شیری پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم)، ناوی حەلیمەی کچی ئەبو زوەیبی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حاریسی کوڕی شەجنەی کوڕی جابری کوڕی رەزامی کوڕی ناصیرەیە و ژنی حاریسی کوڕی عەبدولعیززی کوڕی رەفاعەیە و لە بیابانی حودەیبیە نیشتەجێ بوون، ئەو کاتەی پێغەمبەر هەتیو کەوت بۆ ئەوەی لە دەشتێ زمانی پاراو بێ و نەریتی عارەبان پەیڕەو بکەن و منداڵ بنێرنە دەشتێ، کەوتە لای حەلیمەی سەعدییەو ئەو بەخێوی کرد، بەخێوکردنەکەش لە بادیەی بەنی سەعدو هەروەها لە مەدینە بوو. دوای بوونە پێغەمبەری حەلیمەو مێردەکەی هاتنە لای پێغەمبەرو مسوڵمان بوون، لە رۆژی حونەینیش هاتە لای و پێغەمبەریش عەباکەی خۆی بۆ راخست و لەبەری هەڵستا. حەلیمە ساڵی هەشتەمی کۆچی لە مەدینە کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی بەقیع نێژرا.

**حەمزە:** حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیبی هاشمی قورەیشی، هاوەڵێکی پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم)،و مامیەتیء هەروەها برای شیریشیەتی و یەکێك لەو چواردە راوێژپێکراوانەیەتیء باشترینی مامەکانیەتی بە بەڵگەی (خیر إخوتي علي، وخير أعمامي حمزة رضي الله عنهما)، حەمزە بە دوو ساڵ لە پێغەمبەر بە تەمەنترەو هەروەك لە دایکیش ڕا لێی نزیکە بەوەی دایکی ناوی هالەی کچی وەهەبی کوڕی عەبدمەنافە، ئامۆزای ئامینەی کچی وەهەبی کوڕی عەبد مەنافی دایکی پێغەمبەرە. نازناوی سەرداری شەهیدان و شێری خواو شێری پێغەمبەری بەبەردابڕاوە. حەمزە لە سەردەمی نەفامیدا پیاوێکی ئازاو بەخشندەو چاوتێرو لێبوردە بووە. لە ساڵی دووەمی پێغەمبەرایەتیدا مسوڵمان بووەو بە مسوڵمان بوونی هێزو توانای مسوڵمان زیادی کردو بەشداری هیجرەتی کردو لە مەدینە لەلایەن پێغەمبەرەوە لەگەڵ زەیدی کوڕی حاریسە کرانە برا. یەکەمین تیپی سەربازی کە دامەزرێنرا تیپەکەی حەمزە بوو. حەمزە بەشداری شەڕی بەدرو ئوحودی کردو لە ساڵی سێیەمی کۆچیدا لەلایەن وەحشی کوڕی حەربی حەبەشی شەهیدکرا.

**دایکی مەعبەد (أم معبد):** ناوی عاتیکەی کچی خالیدی کوڕی مونقیزی کوڕی رەبیعەی کوڕی ئەسرەمی خوزاعییە. ئەو هاوەڵەی پێغەمبەری خودایە، کە میوانداری پێغەمبەری کرد لەناو خێوەتەکەی لەکاتی کۆچکردنی پێغەمبەر لە مەککەوە بۆ یەسریب. چیرۆکەکە ئاوایە کاتێك پێغەمبەر و ئەبوبەکری هاوەڵی بەلای ڕەشماڵەکەی دایکی مەعبەد تێپەڕبوون، لێیان پرسی بەڵکو شتێك هەبێ لێی بکڕن و بیخۆن، ئەویش هیچی نەبوو. پێغەمبەریش مەڕێکی لەوێ بینی کە قەت شیردار نەبوو، ئیزنی لێ وەرگرت کە بیدۆشێ، ئەویش داواکەی رەت نەکردەوە. خۆشەویستیش دەستی بەسەر پشتی مەڕەکەدا هێناو ناوی خوای هێناو نزای بەرەکەتی کرد، جامەکە پڕ بووو خۆی و هاوەڵەکەی تێریان لێ خواردەوەو ئەوجار ڕۆیشتن. وەختێك مێردەکەی گەڕایەوە، زۆری پێ سەیر بوو کە شیریان هەیە، حارو مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوەو ئەویش گوتی بۆم باسی ئەو کەسە بکە. ئەویش هەڵیدایە: رأيت رجلا ظاهر الوضاءة، مبتلج الوجه حسن الخلق، لم تعبه ثجلة ولم تزر به صعلة وسيم قسيم، في عينيه دعج، وفي أشفاره وطف، وفي صوته صحل أحور أكحل أرج أقرن شديد سواد الشعر، في عنقه سطع وفي لحيته كثافة، إذا صمت فعليه الوقار, وإذا تكلم سما وعلاه البهاء، وكأن منطقه خرزات نظم يتحدرن، حلو المنطق فصل لا نذر ولا هذر. أجهر الناس وأجملهم من بعيد، وأحلاهم وأحسنهم من قريب، ربعة لا تشنؤه من طول ولا تقتحمه عين من قصر،غصن بين غصنين، فهو أنضر الثلاثة منظرا، وأحسنهم قدرا له رفقاء يخصون به، إذا قال استمعوا لقوله، وإذا أمر تبادروا إلى أمره، محفود،محشود لا عابث ولا منفذ مێردەکەش گوتی: هو والله صاحب قريش الذي ذكر لنا من أمره ما ذكر بمكة، ولقد هممت أن أصحبه ولأفعلن إن وجدت إلى ذلك سبيلا. دوای ئەوە دایکی مەعبەدو مێردەکەی بۆ یەسریب کۆچیان کرد و مسوڵمان بوون.

**راجی:** راجی یان (ژیکۆ) نازناوی شاعیر مەلا ئاوڕەحمانی کوڕی مەلا برایمی کوڕی مەحموودی کوڕی بەهرامە و لە هۆزی میکایەلی شارەزوورە. لە ساڵی ١٩١٢ لە گوندی (تۆبزاوا)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایك بووە و

دایکی ناوی هەمین بووە و کچی حاجی قادر ناوێکی خەڵکی کۆیە بووە. لە ساڵی ١٩٢٠ دا لەلای باوکی دەستی بە خوێندنی مەلایەتی کردووە، تاکو قورئان و بنچینەی زمانی عەرەبی فێر بووە. لە دابیدا لە ساڵیٚ ١٩٢٧دا هاتۆتە شاری کۆیەو زانستی عەقائید و ڕەوانبێژی و نەحوو سەرف و مەنتیقی خوێندووە و تەفسیری قورئانی لە لای (مەلا عەلی باداوەیی) لە مزگەوتی منارە فێربووە و لە ساڵی ١٩٣٨دا ئیجازەی مەلایەتی لەلای مەلای گەورە لە کۆیە وەرگرتووە. راجی مەلایەکی لێهاتوو بووە و زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی بە ئەدەبیاتەوە بە چاکی زانیوە و شیعرەکانی نالی و سالم و حاجی قادری کۆیی زۆر لا پەسەند بووە و وەك شاعیرێکی کلاسیکی سەریهەڵدا و بە نازناوی (راجی) شیعری بڵاوکردەوە و لە هەندیٚ گۆڤاری کوردیشدا بە نازناوی (ژیکۆ) شیعرەکانی بڵاودەکردەوە. لە ساڵی ١٩٦٧ کۆچی دوایی کردووە.

**سوراقە:** ئەبو سوفیان ئەلمەدلەجی ئەلکینانی، سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشومی کوڕی مالیکی کوڕی عەمری کوڕی تیمی کوڕی مەدلەجی کوڕی موڕڕەی کوڕی عەبدمەناتی کوڕی کینانەی کوڕی خوزەیمەی کوڕی مودریکەی کوڕی ئەلیاسی کوڕی موزیرڕی کوڕی نزاری کوڕی مەعد کوڕی عەدنانە، لە نەوەکانی ئیسماعیل پێغەمبەرە (س). لە سەردەمی نەفامیدا لە سەروەرانی قورەیشی بووو گەورەی هۆزەکەی بوو کە هۆزی مەدلەجی کینانی بوو، یەکێك بوو لە سەردارانی عەرەبیش، هەروەها یەکێکیش بوو لەوانەی برسی تێر دەکردن و ئەوانەی مەترسیان لەسەر بوایە چەپارەی دەدان و کرێی کرێچیانیشی دەدا، وێڕای ئەوەی شاعیریش بوو. ناوبانگی سوراقە لەسەردەمی ئیسلامدا لەوەدا هات کە لە کاتی کۆچکردنی پێغەمبەرو ئەبوبەکر بۆ مەدینە، لە ڕێگادا سوراقە ئەوانی بینی، بۆیە ئەبوبەکر بە پێغەمبەری گوت، ئەوە سوراقە خەریکە دەگاتە ئێمە. پێغەمبەریش فەرمووی مەترسە خوامان لەگەڵە. هەتا وای لێهات خەریك بوو بە قەد کەوانێك یان دوو کەوان لێمان نزیك بوویەوە. ئەبوبەکر دەڵیٚ دەستم بە گریان کرد، پێغەمبەر فەرمووی بۆ دەگری؟ وتم وەڵڵاهی بۆ خۆم ناگریم بەڵام لە پەرۆشیم بۆ تۆ دەگریم.

پێغەمبەریش دوعای لێکرد و ئەسپەکەی سوراقە حیلاندی و هەتا ئەژنۆ کەوتە ناو زەوی و هەر دەکەوت و هەڵدەستایەوە. بۆیە سوراقە وتی ئەی موحەممەد ئەوە ئیشی تۆە، دوعا بکە خوا رزگارم بکا بەڵێن بێ دێمە ژێر فەرمانی ئێوە. پێغەمبەریش دوعای بۆ کرد و بەڵێننامەیەکی بۆ نوسی کە سوراقە لەبن دەسەڵاتی ئیسلامەتیدا سەلامەت دەبێ، نەك هەر ئەمە بەڵکو مزگێنی ئەوەشی پێدا کە بەشێك لە دەسکەوتەکانی کیسراش کە هەندێ زێڕە بە نسیبی سوراقە دەبێ. بۆیە کاتێك مسوڵمانان سەرکەوتن، سوراقە نامەکەی پێغەمبەری هێناو پێغەمبەریش فەرموی دەبێ ئێمە ئەمەکداربین بەرامبەر بەڵێن و پەیماننامەکانمان. سوراقەش مسوڵمان بوو، لەوەش سەیرتر ئەوەبوو کە تەخت و کۆشکی کیسرا کەوتە بەردەستی مسوڵمانان، سوراقە بازنەی زێڕی کیسرای کەوتە دەست وەك ئەو بەڵێنەی پێغەمبەر پێیدابوو. سوراقە لە ساڵی ٢٤ی کۆچی لە سەردەمی خیلافەتی عوسمان دا وەفاتی کرد.

**شافیعی:** ئەبو عەبدوڵڵا محەممەد کوڕی ئیدریس کوڕی عەبباس کوڕی عوسمان کوڕی شافیع کوڕی سائیب کوڕی عوبەیدوڵڵا کوڕی عەبدیەزید کوڕی هیشام کوڕی حارس کوڕی عەبدولموتەڵیب کوڕی عەبدمەناف ی باپیری پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم). لە ساڵی ١٥٠ ی کۆچی لە غەززە یان لە عەسقەلان یان لە یەمەن یان لە مینا لە دایك بووە، لە مەککە گەورە بووە، لە حەوت ساڵی قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووەو لە دە ساڵی موەتتەئی لەبەرکردووە. لە پازدە ساڵیدا ئیزن دراوە فەتوا بدا.

**شێخ ڕەشیدی لۆلانی:** ناوی شێخ ڕەشید کوڕی میر محەممەد شەریفە لە ساڵی ١٣٠٠ك-١٨٨٢ ز لەدایك بووە، نازناوی (خادم الفقراء) بووە، پاش کۆچی دوایی باوکی، دەسەڵاتی میرنشینی برادۆستی بەدەستەوەگرتووە، بەڵام لە ئەنجامی قووڵبوونەوەی لە خواپەرستی، وازی لە دەستەڵات هێناوەو چۆتە گوندی زینوی شێخ لە نزیك حاجی ئۆمەران لەوێ لە ڕێگادا تەریقەتی نەقشبەندی لەسەر دەستی شێخ کەمالەدین وەرگرتووە، پاشان گەڕاوەتەوە ناوچەی برادۆست و بۆتە شێخی ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندی. خەڵکێکی زۆر لە عێراق

و ئێران و تورکیا لە دەوری کۆبوونەتەوە. شێخ رەشید توانیویەتی لەگەڵ روسەکان و ئینگلیز بجەنگێ و رێی نەداوە بێنە ناوچەی برادۆست. لە ساڵی ۱۹٦۳ هاتە هەولێرو لە گەڕەکی ئیسکان نیشتەجێ بوو. لە ساڵی ۱۹٦٤ لە تەمەنی ۸۱ ساڵی کۆچی دوایی کردو لە پاڵ گۆڕی (نەبی یونس) لە موسڵ بە خاك سپێردرا.

**شێخی سەنعان:** عەتتاری نەیشابووری لە کتێبی منگق الگیردا بەسەرهاتی شێخی سەنعان دەگێڕێتەوە، کە گوایە ٤۰۰ موریدی هەبووە لە مەککەو پیاوێکی تا بلێی لە خواترس و چاکەخواز بووە، شەوێکیان خەونێك دەبینێ و لە خەوەکەدا لای وایە چۆتە وڵاتی ڕۆم و کڕنوشی بۆ بتێك بردووە، لەبەر خەوەکەی هەر بە پەلە لەگەڵ موریدەکانی ڕێگای وڵاتی ڕۆم دەگرێ و لەوێ تووشی بە تووشی خۆشەویستی کچێکی دیان دەبێ. کە کچە دەزانێ سەنعان بەو جۆرە شەیدای بووە، چەند مەرجێکی بۆ دەخاتەڕوو لەوانە: کڕنووش بردن بۆ بت، قورئان سوتاندن، مەی خواردنەوە، دوورکەوتنەوە لە ئیمان. سەرەتا شێخ ئەم مەرجانە قبوڵ دەکاو سەرەتا مەی دەخواتەوە، دوای ئەوەی تەواو سەرخۆش دەبێ و عیشق زۆر بەسەریدا زاڵ دەبێ، کچە مەرجی دیکەی دەخاتە سەر بەوەی کە ببێتە دیان و بەرازەوانییش بۆ ماڵی کچە بکات، بۆیە ساڵێك دەبێتە بەرازەوان. موریدەکان ئەوەندەی لەگەڵی دەکەن نەیانتوانی پەشیمانی بکەنەوە. شێخ هاوڕێیەکی هەبوو لە مەککە، هاوڕێکەی کە حارو مەسەلەی شێخی زانی، زۆری خەم خواردن و ناچار بوو بێتە لای شێخی سەنعان. دوای ئەوەی چل شەوی ڕەبەق لەبەر خوا پاڕایەوە کە هیدایەتی سەنعان بدات. شەوێکیان یەکێ لە موردیەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە خەو دەبینێ و داوای شەفاعەتی لێ دەکا پێغەمبەریش شەفاعەتی بۆ دەکات و شێخ واز لە کارەکەی دەهێنێ لەگەڵ هەموو موریدەکان دەگەڕێتەوە مەککە. دوای چوونەوەی بۆ مەککە، کچە خەونێك دەبینێ لای وایە رۆژ لە تەنیشتی کەوتە سەر عاردی و ئەویش هەولی دا لە باوەشی بگرێ. بۆیە کە لە خەوەکەی هەڵستا، بە پەلە بەدوای شێخ دەکەوێ و هەتا لە بیابانێك دا دەگاتە لای، شێخ کە زانی کچە هاتووە زۆر شێوا، داوای لێکرد کە مسوڵمان بێ، ئەویش مسوڵمان بووو پاش چەند ساتێك لە مسوڵمان بوونی گیانی سپارد.

**شێخ عومەری بالیسانی:** ناوی عومەر کوڕی شێخ تاها کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ عیسا کوڕی شێخ موستەفا کوڕی شێخ عیسا کوڕی شێخ ئەحمەدە، لە نەسەبی پیر خدری شاهۆییە. شێخ عومەر لەقەبی (زین العابدین) و نەقشبەندییە، لە ساڵی ١٩١٠- ١٣٢٩ك لە گوندی بالیسان هاتۆتە دونیاوە و هەر لەوێوە لە خزمەتی (شێخ تاهای بالیسانی) باوکی، کە خاوەنی قوتابخانەیەکی بەرز بووە، دەستی بە خوێندن کردووە. دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٣٤٨ باوکی کۆچی دوایی کرد، گواستیەوە بۆ لای مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای بێتواتی-کونەفلوسەیی لە مزگەوتی حاجی قادری دەبباغ لە هەولێرو دواتر چووە قوتابخانەی شەقڵاوە لای مامۆستا مەلا تەها دامەزرا، دوای ئەویش گواستیەوە بۆ هەولێر و لە خزمەت مەلا ئەفەندی خوێندنی تەواو کردو لە ساڵی ١٣٥٣ك ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت. ئینجا گەڕایەوە گوندەکەی خۆی و دەستی بە دەرسگوتنەوە کرد لە قوتابخانەی باوکیء قوتابییەکی زۆری لێ خڕبوونەوە و مەدرەسەکە بەو ئاوەدان بوو تا ساڵی ١٣٦٧ك کە دەستی بە تەسەووف کرد وازی لە دەرس گوتنەوە هێنا و قوتابخانەکەی دایە (شێخ محەممەد بالیسانی) برای. لە ساڵی ١٣٧٢ هاتە هەولێر و لە گەڕەکی سێتاقان مزگەوتێکی دروست کرد و مەدرەسەیەکی دانا و چەندین قوتابی لەسەر دەستی ئەو ئیجازەیان وەرگرت. لە ساڵی ١٤٠٩ وەفاتی کردو لە مزگەوتی خۆی ئەسپەردەی خاك کرا. شێخ عومەر بالیسانی تەنیا چوار شیعری لەپاش خۆی بەجێ ماوە و دوو بەرهەمی تریشی نووسیوە یەکێکیان بەناوی (ڕێگەی ڕاستی ژین بۆ دونیاو دین) و ئەویتریان (موختەسەری ویفقی ئیمامی غەزالی)یە، کە تەنیا یەکەمیان چاپکراوە.

**شێخ محەممەدی بالیسانی:** ناوی محەممەدی کوڕی شێخ تاها کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ عیسا کوڕی شێخ مستەفا کوڕی شێخ عیسا کوڕی شێخ ئەحمەدە، نەسەبەی دەگەڕێتەوە سەر پیر خدری شاهۆیی. لە ساڵی (١٣٣٦ك-١٩١٨ز) لە گوندی بالیسان لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٣٧ کتێبە بچوکەکانی لای باوکی خوێندووە، دوای وەفاتی باوکی، شێخ عومەری برای

دەینێرێتە سکتان و لای ماموستا مەلا عەبدوڵڵای سکتانی دەخوێنێ و پاشان دەگەڕێتەوە بالیسان و ئەمجارە دەچێتە خەتێ بۆ خوێندن لای مەلا موحەممەدی سماندارەیی و دواتر لە گوندەکانی هەرووتەکەون و زێوە درێژەی بە خوێندن داوەو دواتر دەچێتە مزگەوتی حاجی قادری دەباغ لە هەولێرو بە مەلایەتی لە هەڵەبجەش دامەزراوەو لە ساڵی ١٩٦٥ کرا بە پێشنوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی گەورەی کۆیە و دواتر وەك مودەڕیس لە کوبەیسەی سەر بە شاری ڕومادی دامەزرا، پاشان چۆتە مزگەوتی حەسەن بارح لە گەڕەکی (سبعە ابکار) لە بەغدا. لە ١٩٩٥/٤/٢٥ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گەیلانی بەخاك سپێردرا. ناوبراو نزیکەی پازدە بەرهەمی نووسراوی لە دوای خۆی جێهێشتووە.

**شێخ محەممەدی خاڵ:** ناوی محەممەدی کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ ئەمینی خاڵ کوڕی شێخ محەممەد کوڕی شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ مستەفایە، دەچێتەوە سەر مەلا ئەبوبەکری موصەننیف. ساڵی ١٩٠٤ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر و زانستخواز پەروەردەبووە، لە تەمەنی نۆ ساڵی باوکی کۆچی دوایی کردووە، شێخ ئەمینی باپیری بەخێوی کردووە و لەبەر خوێندنی داناوە، زۆربەی کتێبەکانی لای مەلا شێخ جەلالی قەرەداغی تەواوکردوون، ساڵی ١٩٣١ باپیری کۆچی دوایی کردو لەلایەن ئەحمەد تۆفیق بەگ، ماموستا خاڵ لە شوێنی دانرا، ساڵی ١٩٣٩ بەشداری لە تاقیکردنەوەی وەزارەتی داد لە بەغدا کردو پاش دەرچوونی، کرایە قازی. ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق و ئەندامی دادگای تەمیزی شەرعی لە بەغدا و جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد بووە. جگە لە فەرهەنگە کوردی - کوردییەکەی و تەفسیرەکەی، زیاتر لە بیست چاپکراوی لە دوای خۆی جێهێشتووەو لە ١٩٨٩/٧/١٥ کۆچی دوایی کردووە.

**عاصی:** ناوی مەلا مستەفا کوڕی مەلا ڕەسووڵ کوڕی مەلا موحەممەد کوڕی مەلا عوسمانە، لە سەردەمی بنەماڵەی باوك و باپیرانی دا بنەماڵەیان لە گوندی (خەرابە)ی کۆیە دادەنیشتن، بەڵام لەبەر زوڵم و زۆرداری ئەم شوێنەیان

بەجێ هێشتووەو دەربەدەربوون و چوونە گوندی (تەلان) کە نزیك دوکانەو لەوێ نیشتەجێ بوون. عاصی لە ساڵی ١٣١٠ك لە دایك بووەو هەر لەوێش خوێندویەتی و ژنی هێناوە، چەند ساڵێك مەلای گوندان بووەو لە دواییدا ڕووی کردۆتە شاری کۆیەو لەوێ جێگیر بووەو زیاتر لە چل ساڵ لەوێ ماوەتەوە و بیست و چوار ساڵ پێش نوێژی مزگەوتی گەرمك بووە و لە ساڵی ١٩٧٥ز کۆچی دوایی کردووە. جگە لە دیوانە شیعرییەکەی چەند بەرهەمێکی نووسیوە، لەوانە: وەرگێڕانی گوڵستانی شێخی سەعدی، وەرگێڕانی سێ مەکتووبی کاك ئەحمەدی شێخ، هەروەها چرای دڵان.

**عەبدوڵڵا سێبەردانی:** ناوی عەبدوڵڵای کوڕی محەممەدی کوڕی ڕەسوولی کوڕی محەممەدی کوڕی ئەحمەدە، عەشیرەتی بڵباسە، ساڵی ١٩١٣ ز لە گوندی سێبەردان لەدایك بووە. سەرەتا لای مەلا ئیسماعیلی سووسەیی دەستی بە خوێندن کردووەو پاشان لە کن مامۆستایانی وەکو مەلا عومەری تەرجانی، مەلا محەممەدئەمینی سوێری، شێخ عومەری بالیسانی، مەلا قادری گۆپتەپەیی، مەلا محەممەدی چل هەوێزەیی، مەلا عەبدوڵڵای بەحرکەیی خوێندویەتی، پاشان چۆتە مزگەوتی حاجی قادری دەباغ لە هەولێرو لای مەلا عەبدوڵڵای بێتواتەیی- کونەفلوسەیی ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٤٥ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت. ماوەیەك لە سێبەردان و لە مەحمەل و لە شاوێس مەلا بووە، پاشان هاتۆتە مزگەوتی کوێتی لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێر و بۆتە پێشنوێژ و وتارخوێن و جارجاریش لە مزگەوتی قەڵات و ناوبازاڕ دەرسی دەداوە. لە ١٩٩٣/٢/٢٠ لە ماڵی مەلا عومەری کوڕی لە بەغدا کۆچی دوایی کردء لە گۆڕستانی پیرەش ی ڕۆژهەڵاتی هەولێر بە خاك سپێردراوە.

**عەبدوڵڵا موحەممەدەمینی بێتواتەیی - کونەفلووسەیی:** ناوی عەبدوڵڵایە کوڕی مەلا محەممەد ئەمینی کوڕی مەلا شێخ محەممەدی کوڕی مەلا داودی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا حوسێنە، ساڵی ١٨٩١ز لە دایك بووە. تەمەنی دوازدە ساڵان بووە کە ماڵی بارکردووە بۆ هەولێر، ماوەك لەوێ بوون و دواتر چۆتە بەحرکە لای مەلا عوسمانی شەوەکی و پاشان گەڕاوەتەوە

هەولێر و لە مزگەوتی حاجی قادری دەبباغ لەگەڵ فەقێکانی باوکی خەریکی خوێندن بووە، لە ساڵی ١٩٢١ز ئیجازەی مەلایەتی لە باوکی وەرگرتووە. دەگوترێ تا ساڵی ١٩٥٥ سەدو بیست ئیجازەی مەلایەتی داوە. زیاتر لە دە نووسراوی هەیە و لە ساڵی ١٩٦١ ز کۆچی دوایی کردووە.

**عومەری کوڕی خەتتاب:** ناوی عومەر کوڕی خەتاب کوڕی ئیبن نەفیل کوڕی عەبدولعزی کوڕی روباح کوڕی عەبدوڵلا کوڕی قورت کوڕی رەزاح کوڕی عەدی کوڕی کەعب القرشي العدوي یە، بە ١٣ ساڵ دوای ساڵی فیل لەدایك بووە. یەکێك بووە لە سەردارانی قورەیش و وەك باڵوێزی سەردەمی نەفامی دانرابوو، دوای چل پیاو و یازدە ئافرەت مسوڵمان بووە و لە دە کەسە مژدەپێدراوەکانە بە بەهەشت و بە دادپەروەر ناسراوە لە سەردەمی خەلیفایەتیدا و کەسێکی زاهید و خۆبەکەمزان بووە و لە هەڵوێستەکاندا ئازا و بەجەرگ بووە و لە ساڵی ٢٣ی کۆچی بە دەستی ئەبولوئلوئەی فەیرۆزی شەهید کراوە.

**عەبدوڵڵا بێتوشی:** ناوی عەبدوڵڵای کوڕی محەممەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عیززەدینی ئالانی بێتوشی یە، لە دەوروبەری ساڵی ١١٣٦ك -١٧٢٣ز لە دایك بووە. قورئانی پیرۆزو چەند کتێبێکی لە خزمەت باوکی خوێندووە، پازدە ساڵان بووە کراوە باوکی کۆچی دوایی کردووە، بۆیە لەگەڵ مەلا مەحمودی برای دەچنە گوندی (سنجۆی) لای مەلا محەمەدی (ابن الحاج) و پاشان دەچێتە لای مەلا سیبغەتوڵڵای ئیبراهیم حەیدەریی دووەم. دواتر دەگەڕێتەوە گوندی (بێتوش). زانایەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە و لەسەر مەزهەبی شافیعی بووە. یەکێك بووە لە مامۆستاکانی شێخ مەعروفی نۆدەیی. لە ساڵی ١١٨٨ کوردستان بەجێ دێڵێ و روودەکاتە بەغداو پاشان دەچێتە بەسرەو لە قوتابخانەی رەحمانییە دەبێتە دەرسبێژ و دواتر دەگەڕێتەوە شاری (ئەحسا) و ناوبراو بە سیبەوەیهی دووەم ناسراوەو هەر چوار بەرگی قاموسی فەیرۆزئابادی لەگەڵ مەقاماتی حەریری هەمووی لەبەربوون و نزیکەی سی و شەش بەرهەمی لەپاش بەجێ ماوەو زۆر لە زانستەکانی بە نەزم (هۆنراوە) داناون. لە ساڵی (١٢١٠ك-١٧٩٥ز) کۆچی دوایی کردووە.

**عەبدولرەحیمی (مەولەوی):** ناوی عەبدولرەحیم کوڕی مەلا سەعید کوڕی شەریف کوڕی مەحموود کوڕی یوسف جانی کوڕی جەمالەددین کوڕی کەمالەددین کوڕی مەلا یوسف جان کوڕی سەید حەسەنی ئەبوبەکری چۆڕیی ناسراو بە موصەننیفە، لە نەتەوەی سەید محەممەدی زاهیدە کە بە پیر خدری شاهۆ ناسراوە. مەولەوی لە ساڵی ١٨٠٦ لە گوندی (سەرشاتە)ی تاوەگۆز هاتۆتە دونیاوە. لە خەرپان و خورماڵ و تەوێڵەو پاوەو خانەقاو چۆڕە و لە سنە لە مزگەوتی دار الاحسان و لە سلێمانی لە مزگەوتی گەورەو هەروەها مزگەوتی جامیعەی هەڵەبجەو قەڵای جوانرۆ خوێندوویە. لە مزگەوتی مەڵکەندی لە سلێمانی لای مەلا عەبدولرەحمان نۆدشەیی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. لە چروستان و بیاوێڵەو شەمێران و کانی کەوەو سەرشاتە مەلایەتی کردووە. ئیجازەی تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ عوسمانی تەوێڵە وەرگرتووە. بە شاعیرێکی گەورە دادەنرێ کە بە شێوەی اخاوتنی هەورامی شیعری نووسیوەو نازناوی (مەعدووم) بووەو جگە لە دیوانە شیعرییەکەی، بەرهەمی عەقیدەی مەولەوی و عەقیدەی مەرزییەو (الوسیلە فی شرح الفچیلە) و (الفوائح) ی نووسیوە. لە ساڵی ١٨٨٢ لە گوندی (سەرشاتە)ی تاوەگۆز کۆچی دوایی دەکات و لەوێ لە گۆڕستانی ئەسحابە بە خاك سپێردرا.

**عەبدوڵڵا:** مەبەست باوکی پێغەمبەرمانە. ناوی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموتەلیبی کوڕی هاشمی کوڕی عەبدمەنافی کوڕی قوصەی کوڕی کیلاب ی کوڕی مورەی کوڕی کەعبی کوڕی لوئەی کوڕی غالبی کوڕی فەهری کوڕی مالك ی کوڕی نەزری کوڕی کینانەی کوڕی خوزەیمەی کوڕی مەدرەکەی کوڕی ئەلیاسی کوڕی موزیرڕی کوڕی نزاری کوڕی مەعدی کوڕی عەدنانی هاشمی قورەیشییە (٨١پ ك-٥٣پ ك بەرامبەر ٥٤٤ز-٥٧١ز). عەبدوڵڵا بچوکترین کوڕی باوکی بووە. عەبدولموتەلیبی باوکی لەخۆی نەزر کردبوو ئەگەر ببێتە خاوەنی دە کوڕ، یەکێکیان لە پاڵ کەعبەدا بکاتە قوربانی بۆ خوا، بۆیە بە عەبدوڵڵا گوتراوە منداڵی قوربانی. عەبدوڵڵا خۆشەویسترین کوڕو لێبوردەترینی بووە، قورەیشیەکان نەیانهێشت نەزرەکە جێبەجێ بکات و لە باتی

سەد حوشتری کردە قوربانی. ئامینەی کچی وەهەب بوو بە خێزانی. عەبدوڵڵا لە مەککەوە بەرەو غەززە بۆ کاری بازرگانی بەڕێکەوت، لە گەڕانەوەیاندا کاتێ بە مەدینەدا تێدەپەڕین، نەخۆش کەوت، بۆیە بڕیاری دا لەلای خاڵەکانی بمێنێتەوە لە بەنی نەجار، تا بەڵکو چاك بێتەوەو بگاتەوە کاروانی مەککەییەکان. بەڵام ئەم نەخۆشییە دوا نەخۆشی بوو لە تەمەنی ٢٥ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لە شوێنێك پێی دەگوترا دار النابغە نێژرا. ئەو کاتەی وەفاتی کرد ئامینە سکەکەی دوو مانگی بوو کە موحەممەد پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بوو.

**عەلی کوری ئەبو تالیب:** لەساڵی ٢٣ی پێش کۆچی لەدایك بووەو ئامۆزای پێغەمبەرەو زاواشیەتی و چوارەم خەلیفەی پێغەمبەرە و یەکەم ئیمامی شیعەکانە و یەکێکە لە دە کەسە مژدەپێدراوەکان بە بەهەشت بە (کرم الله وجه) ناسراوەو واتە سەری کەچ نەکردووە بۆ بتەکان و خوا ڕێزی لە رووی ناوە.لەساڵی ٤٠ی کۆچی شەهید بووە.

**عوسمانی حەقیق (ئیمام عوسمان):** عوسمانی کوری عەففانە سێیەم خەلیفەی راشدینەو بە زینوورەین ناسراوە چونکە مێردی روقیەو ئوم کەلسومی کچانی پێغەمبەر بووەو کەسێکی شەرمن بووەو فریشتەکان شەرمیان لێ کردووە. عوسمان بە یەکەم کەس دادەنرێت کە قورئانی پیرۆزی لە یەك موسحەفدا کۆکردەوەو لە دە کەسە مژدەپێدراوەکانی بەهەشتیشە.لە ساڵی ٣٥ی کۆچیدا شەهیدکراوەو لە گۆرستانی بەقیع نێژراوە.

**عیسا:** عیسا لە عەهدی نوێشدا بە یەسوع ناونراوەو لە ئیسلامیشدا بە مەسیح، بە یەکێك لە پێغەمبەرانی (اولو العزم)، خوا ناردی بۆ بەنی ئیسرائیلییەکان و کتێبێکی تازەی بۆ نارد کە پێی دەگوترێ ئینجیل. لە ئیسلامەتیدا باوەڕ هێنان بە هەموو پێغەمبەران واجبەو کۆڵەگەیەکی باوەڕە. عیسا (س) ٢٥ جار لە قورئان ناوی هاتووە، کەچی پێغەمبەر موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) تەنیا پێنج ٥ جار ناوی هاتووە. قورئان وا باسی دەکات کە دایکی ناوی مەریەمی کچی عیمرانە و لەدایکبوونەکەی موعجیزەیەکە، چونکە بە بێ باوکی لە دایك

بووە. عیسا خاوەنی چەندین موعجیزەی گەورە بووە، وەك زیندووکردنەوەی مردووان و کوێر چاك کردنەوە. بە گوێرەی قورئانی پیرۆز، عیسا لە دار نەدراوەو نەکوژراوە، بەڵکو هەڵکێشراوەتەوە بۆ ئاسمان. هەروەها لە پەیامەکەیدا باسی لە هاتنی پێغەمبەرێکی تر کردووە لە دوای خۆی کە ناوی ئەحمەد = موحەممەدەو داوای کردووە برای پێ بهێنن. دوای هەڵکێشرانەوەی عیسا بۆ ئاسمان، پەیرەوانی بونە چەند بەشێك، هەندێکیان پێیان وابو لە دار دراوەو هەندێکی تر بڕوایان بە سێگانە هەبوو کە پێیان وابوو عیساش لە چوارچێوەی خودا سەیر دەکرێ، هەندێکی تر بە کوڕی خوا. قورئانیش هەموو ئەو بۆچوونانە دەخاتە روو و وەڵامیان دەداتەوە.

**لوقمان:** ناوێکی عارەبی نییە، گوتراوە ناوی لوقمان کوڕی باعورا کوڕی ناحور کوڕی تارح، کە ئازەری باوکی ئیبراهیم پێغەمبەر بووە. هەندێکی تر دەڵێن ناوی لوقمان کوڕی عەنقا کوڕی سەرون، هەندێکی تر دەڵێن خوشکەزای ئەیوب پێغەمبەر بووەو هەزار ساڵ ژیاوەو (داوود)ی دیوەو زانستی لێ فێربووەو لە سەردەمی داووددا قازی بووە. جیاوازی بۆچوون هەیە لەوەی پێغەمبەر بووە یان پیاوچاکێك بووە. کۆی زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە لوقمان دانا بووەو پێغەمبەر نەبووە. سوڕەتێکی لە قوڕئانی پیرۆز بەناو کراوە. هەندێکی تر دەڵێن لوقمان بەندەیەکی حەبەشی بووەو پیشەکەی دارتاش بووە.

**قاروون:** ناوی قارون کوڕی یەسهەری کوڕی قاهتە، یەکێ لە دەوڵەمەندە گەورەکانی سەردەمی موسا پێغەمبەر (س) بوو، هێندە دەوڵەمەند بوو، کلیلی گەنجینەکانی بە ئاسانی هەڵنەدەگیرا، وەزیری کاروباری عیبرانییەکان بوو لەلای فیرعەون. هەندێك پێیان وابووە قاروون ئامۆزای موسا بووە، لە قورئانی پیرۆزدا لە سوڕەتەکانی عەنکەبوت و غافر ناوی هاتووەو بەسەرهاتەکەشی لە ئایەتەکانی ٧٨-٨٢ی سوڕەی القصص هاتووە. قاروون زەکاتی لە سامانەکەی نەداو خوا بە زەویدا بردیە خوارەوە، (فخسفنا به وبداره الارض) ئەم روداوە تێکەڵی ئەفسانەی کوردیش بووەو جاران ئەگەر کەسێك زرنگەی لە گوێی هاتبا، دەیانگوت ئەوە دەنگی چوونەخوارەوەی سامانی قارونە بەناو زەویدا.

**لەیلا:** ناوی لەیلا کچی مەهدی کوڕی سەعدی کوڕی مەهدی کوڕی ڕەبیعەی ئەلحریشە، لە تیرەی بەنی عامری کوڕی صەعصەعەیە. لەیلا دڵبەری مەجنوون بووە کە لە هەمان تیرەبوونەو هەندێك پێیان وایە ئامۆزای یەکتر بوون، بۆیەشە زۆرجار گوتراوە لەیلای عامری، هەروەك چۆن بە مەجنوونیش گوتراوە مەجنوونی عامری.

**مەجنوون:** شێت، مەبەست مەجنوونی لەیلایە، کە ناوی قەیس کوڕی ملەووەحی کوڕی موزاحیمی کوڕی عەدەسی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی جەعدەی کوڕی کەعبی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی عامری کوڕی صەعصەعەی کوڕی مەعاویەی کوڕی بەکری کوڕی هەوازنی کوڕی مەنصووری کوڕی عەکرەمەی کوڕی خەصفەی کوڕی قەیس عێلانی کوڕی موززیرڕی کوڕی نزاری کوڕی مەعدی کوڕی عەدنانی ئەلعامری ئەلهەوازنی یە. (٢٤ك/٦٤٥ز-٦٨ك/٦٨٨) ساڵی لە دایکبوون و مردنیەتی، شاعیرێکی غەزەلی عەرەبییەو خەڵکی نەجدە، لە ماوەی خیلافەتی مەروانی کوڕی حەکەم و عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان لە سەدەی یەکەمی کۆچی ژیاوە. قەیس لەبەر خۆشەویستی زۆری بۆ لەیلا کە کەس و کاری لەیلا قایل نەبوون لەیلای بدەنێ، بۆیە زۆر بە شپرزەیی ژیاو ماوەیەك لە شام و ماوەیەك لە نەجدو ماوەیەك لە حیجاز بوو، هەر لەبەر ئەمەش ناوی مەجنونی بەبەردابرا. دەگێڕنەوە مەجنون هێندە عاشقی لەیلا بووە خەوو خۆراکی لێ حەرام بووە، بە جۆرێك جارێکیان باوکی مەجنوون، مەجنوون لەگەڵ خۆی دەباتە حەج، بەو ئومێدەی دوعا بکەن و لەخوا بپاڕێنەوە مەجنوون دڵی لەسەر خۆشەویستی لەیلا نەمێنێ، بۆیە باوك بە کوڕە دەڵێ دەست بە لچی کەعبە بگرە و لە خوا داوا بکە کە لەم خۆشەویستییە شیفات بۆ بێ و لە کۆڵت بێتەوە. قەیسیش دەچێ دەست بە کەعبەوە دەگرێ و دەڵێ: (اللهم وزدني لليلي حبا وبها كلفا ولا تنسني ذكرها أبدا).

**نـــاری:** ناوی مەلا کاکە حەمە کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا موحەممەد کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانە لە گوندی (بادەڵان)ی ناوچەی شلێری قەزای پێنجوێن لە ساڵی ١٨٧٤ز لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر هاتۆتە دنیاوە. دوای تەواوکردنی فەقێیەتی ماوەیەك لە گوندی (کیکن) ژیاوەو دواتر لە گوندی

(بێڵوو) بووە، لەناو خەڵکیدا بە کاکە حەمەی بێڵوو ناوبانگی دەرکردووە، کە گوندێکە دەکەوێتە نێوان مەریوان و پێنجوێن. لە شیعریشدا نازناوی (ناری) بۆ خۆی هەڵبژاردووە، واتە ئاگرین. بۆ خوێندن زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاوە، لەوانە سنەو مەریوان و پێنجوێن و سابڵاغ و وان و باشقەلا. لە ساڵی ١٨٩٧ ئیجازەی مەلایەتی لای مەلا ئەسعەد ئەفەندی خەیلانی لە رواندز وەردەگرێ. لە ١٩٤٤/٤/٢ لە تەمەنی حەفتاساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.

**وافی:** نازناوی سەرەتای موخلیسی شاعیرە، کە ناوی خەلیل کوڕی رەسول کوڕی مستەفایەو لە خێڵی سنجاوییەو لە ساڵێ ١٩١٠ز-١٣٢٩ك لە گوندی (شۆرەزەرتکە) لە دایك بووەو لە تەمەنی پێنج شەش مانگیدا باوکی وەفات دەکات و دایکی دەینێرێتە بەر خوێندنی فەقێیەتی و سەرەتای خوێندنی لای مەلا ئەبووبەکری مامی بووە لە گوندی دووسەرەو دواتر کن زۆربەی مەلای باشی ئەو سەردەمە گەڕاوە لە زۆر شوێنی کوردستان و لە ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٤ز لەلای مەلا ساڵحی کۆزەپانکە لە هەولێر ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو تا ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی دووسەرە دەبێتە مەلاو نازناوی (موخلیس) بۆ شیعرەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ و دواتر بە یەکجاری دووسەرەو ماڵ و منداڵی جێ دێڵێ و دەچێتە خانەقای شێخ مستەفا لە شەقڵاوەو لەوێ وەك زاهیدێکی گۆشەگیر خەریکی خواپەرستی دەبێ. پاشان نەخۆشی ڕووی تێدەکات و لە ١٩٨٥/٦/٥ کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی گردی پیرداود ئەسپەردەی خاك کراوە. لە دوای خۆی چەند بەرهەمێکی بەجێ هێشتووە، وێڕای دیوانە شیعرییەکەی، مەولودنامەیەکی کوردی و هیجرەتنامەی کوردی و کاکڵەی عەقیدەی کوردی و چەند بەرهەمێکی تریشی بە عەرەبی نووسیوە کە هێشتا چاپ نەکراون.

**یوسف بن ئەصەم ئەلکوردی:** ناوی یوسفە کوڕی خدری کوڕی ئەبوبەکری کوڕی ئیبراهیمی کوڕی یەحیای سورانی یە، عەشیرەتی (کلاس)ە، لە سەردەشتی رۆژهەلاتی کوردستان دادەنیشن. لە ساڵی (١٠٠٢ك-١٥٩٣ز) لە گوندی (بریسوێ) ی نزیك شاری سەردەشت کۆچی دوایی کردووە. وێڕای تەفسیرەکەی کە بە (منقول التفاسیر) ناسراوە زیاتر لە شازدە دانراوی تری هەیە.

سەرچاوەکانی سوودلێوەرگیراو بۆ فەرهەنگۆك و پاشکۆ :

دەنگی جەوانی، چەپکە گوڵێك لە شیعرەکانی شێخ موحەممەدی بالیسانی، حوسێن شێخ موحەممەد بالیسانی، هەولێر ١٩٩٩

فەرهەنگی سۆفییانەی دیوانی جزیری و مەحوی، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، هەولێر ٢٠١٠

فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی، سالم، کوردی)، د.محمد نوری عارف، هەولێر، ٢٠٠٧.

فەرهەنگی دەریا، رزگار کەریم، ٢٠٠٥.

فەرهەنگی هەژیر، هەژیر محمد پوور، موکریانی، هەولێر ٢٠٠٨.

کۆیەو شاعیرانی، کەریم شارەزا، بەرگی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە، کۆیە ٢٠١٣ زایینی.

لێکدانەوەو ساغکردنەوەی بەشێك لە دیوانی موخلیس، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، تەفسیر، هەولێر ٢٠١٠.

مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، بەرگی چوارەم، ئاراس، ٢٠١٠.

مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵڵا بەحرکەیی، بەرگی دووەم و بەرگی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

دیوانی ناری، مەلا کاکە حەمەی بێلوو، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی عوسمان عارف ناری زادە، چ٢، سلێمانی ٢٠١٤



وێنەی مەلا سەید محمد بەرزنجی، کوڕی عاجز (١٩٤٩- ٢٠١٣)م




وێنەی بەرگی چاپی یەکەمی دیوانی (عاجز) ساڵی ١٩٨٦م

# دیوانی عاجز

دیوانی عاجز چەند شعرێکی ئایینی و هەمەڕەنگی بە کوردیو عەرەبی لە خۆ گرتووە، شـــاعیر جگە لە دیوانی عاجز خاوەنی چەندین بەرهەمی ترە، نازناوی شـــیعری (عاجز) بووە، دیارترین و بە چێژترینی شیعرەکانی شاعیر، کە زۆر ئەگوترێنەوە بە چەندین ئاوازی خۆش لە نێو چینی فەقێیان و مەولوود خوێنان و سروود بێژان ئەمانەن :-

| | |
|---|---|
| ئەی ســـەیدی ســـەرداری من | ئەی مەحرەمی ئەسراری من |
| ئەی ئەحمەدی موختاری من | صـــەڵات لەســـەر توو یاری من |
| تـۆ ئـەحـمـەدی مـوخـتـاری | مـوقـەڕڕەبـی غـەفـفـاری |
| شـــافـیـعـی طـوڕڕەداری | لـێـت بـێ ســـەلامـی بـاری |
| أتـيـتـك يـاإلـهـي يـا جـلـيـل | وإلي عبـدك العـاصي الـذلـيـل |
| يا أباالقاســـم دخيلك اناجئناكم | نستضيف منكم ياسيدي رؤياكم |
| كـل مـافي هـذه الـدنـيـا هـبـاء | ليس للـدنيـا ومـا فيهـا بقـاء |

چاپی ئەمجارەمان دەوڵەمەندترکردووە بە نووســـینەوەی ژیاننامەی شـــاعیر بە شـــێوەیەکی بەرفراوان و لە گەڵ هەندێ بابەتی تر .

سەیدا بەرزنجی

نرخی 8.000 دینار

9 789933 593131

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە
هەولێر - شەقامی ٣٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
/TafseerOffice
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com